# بارودۆخی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە یەکێتی ئەڵمانیاوە هەتا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی 1871–1914

**نووسنی: ئازاد علی مولود**

**تێبینی/ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بنەڕەتدا توێژینەوەی دەرچوون بووە، کە ساڵی (2013–2014) پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەڕین – ڕانیە کراوە. بەڕێز: ( پ.د. سامان حسێن احمد) سەرپەرشتی کردووە.**

ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku

# پێرست


پێشەکە........................................................................... 3

بەشی یەکەم: ئەڵمانیا لە یەکێتی ئەڵمانیاوە تا کۆتایی فەرمانڕەوایی بسمارك(1871–1890).......6

باسی یەکەم: ئەڵمانیا و پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا............................................... 6

تەوەرەی یەکەم:بارودۆخی ئەڵمانیا پێش پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا.................................. 6

تەوەرەی دووەم: بسمارك و هەوڵ و هەنگاوەکانی بۆ یەکێتی ئەڵمانیا................................. 9

باسی دووەم: ڕەوش و سیاسەتی ناوخۆیی ئەڵمانیا لەسەردەمی بسماركدا(1871–1890)...... 15

تەوەرەی یەکەم: بارودۆخی ئابووری ئەڵمانیا و سیاسەتی ئابووریانەی بسمارك..................... 15

تەوەرەی دووەم: ڕەوشی سیاسی ئەڵمانیا لە سەردەمی بسماركدا.................................. 18

تەوەرەی سێیەم: لایەنی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیا لە سەردەمی بسماركدا............................... 24

باسی سێیەم: سیاسەتی دەرەوەی بسمارك (1871–1890)............................................ 26

تەوەرەی یەکەم: گرنگترین هاوپەیمانەتیە نێو دەوڵەتیەکان (1871–1890)........................ 27

تەوەرەی دووەم: بسمارك و پرۆسەی کۆلۆنیالستی...................................................... 37

تەوەرەی سێ یەم: پەیوەندی ئەڵمانیا لەگەڵ زلهێزەکانی ئەوروپا لە سەردەمی بسماركدا........... 39

تەوەرەی چوارەم: کۆتایی هاتنی دەسەلاتی بسمارك لە ساڵی (1890)............................ 43

بەشی دووەم: ئەڵمانیا لە دوای فەرمانڕەوایی بسمارك هەتا هەڵگیرسانی
جەنگی یەکەمی جیهانی (1890–1914)................................................................ 45

باسی یەکەم: بارودۆخی ناوخۆی ئەڵمانیا لە دوای فەرمانڕەوایی بسمارك تا
جەنگی یەکەمی جیهانی ( 1890–1914)............................................................... 46

تەوەرەی یەکەم: لایەنی ئابووری ئەڵمانیا لەدوای فەرمانڕەوایی بسمارك(1890–1914)....... 46

تەوەرەی دووەم: ڕەوشی سیاسی ئەڵمانیا لەدوای فەرمانڕەوایی بسمارك (1890–1914)...... 50

تەوەرەی سێیەم: لایەنی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیا لەدوای فەرمانڕەوایی بسمارك(1890–1914).... 56

باسی دووەم: سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە دوای فەرمانڕەوایی بسمارك تا
جەنگی یەکەمی جیهانی (1890–1914)............................................................. 59

تەوەرەی یەکەم: گرنگترین ئەو هاوپەیمانی و ڕێککەوتننامانەی
دژی ئەڵمانیا پێکهێنران (1891–1907)............................................................. 60

تەوەرەی دووەم: گرنگترین ئەو قەیرانە نێودەوڵەتیانەی پەیوەندی ئەڵمانیای لە گەڵ
زلهێزە ڕکابەرەکانی ئاڵۆزترکرد (1904–1914)..................................................... 69

تەوەرەی سێیەم: پەیوەندی ئەڵمانیا لە گەڵ دەوڵەتانی (عوسمانی و قاجاری ئێرانی)............... 75
تەوەرەی چوارەم: ڕۆڵی ئەڵمانیا لە کەوتنەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914)............... 78
ئەنجام........................................................................................................ 82
لیستی سەرچاوەکان........................................................................................ 84
پاشکۆکان.................................................................................................. 88

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بارودۆخی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا، هەر لە پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیاوە لە ساڵی (1870–1871) تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی (1914)، کە لەم ماوەیەدا ئەڵمانیەکان دوای ئەوەی وڵاتەکەیان یەکخستەوە، توانیان لە سەرجەم لایەنەکانی سیاسی و سەربازی و ئابوری و زانستی و ڕۆشنبیری سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنن، بە شێوەیەك دەتوانین ئەو ماوەیە (1870–1914) بە مێژووی زێڕینی ئەڵمانیا ناوبنێین، لەم توێژینەوەیەدا زیاتر جەخت لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری ئەڵمانیا کراوەتەوە، هاوکات هەوڵدراوە ئەگەر بە کورتیش بێت لایەنی کۆمەڵایەتیش لەم فەترە مێژوویەی ئەڵمانیا بخرێتە ڕوو، بۆیە ئەم توێژینەوەیە شارەزامان دەکات لەسەر جەم لایەنەکانی ژیانی ئەڵمانیا لەم ماوە مێژووییە (1870–1914) دا، هەروەها شارەزای ئەو پێشکەوتنە ئابووریانە دەبین کە گەلی ئەڵمانیا لەو ماوەیەدا بەدەستیان هێناوە، ئەمە وێڕای ئەوەی سیاسەتی دیبلۆماسی ئەڵمانیامان بۆ دەردەکەوێت، هاوکات بەهۆی بەهێزی و فراوانی پەیوەندیە دەرەکیەکانی ئەڵمانیا زانیاریەکی باش لەبارەی مێژووی وڵاتەکانی تری جیهانیش وەردەگرین کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕەستەوخۆیان بە بارودۆخی ئەڵمانیاوە هەبووە.

ئەوەی هانی منی داوە ئەم بابەتە هەڵبژێرم توێژینەوەی لەسەر بنووسم، گرنگی مێژووی زلهێزەکانە بە گشتی و ئەڵمانیایە بەتایبەتی، کە ئەڵمانیا بە درێژایی مێژووی سەدەکانی ناوەراست تا ئەمڕۆشی لەگەڵبێت، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە مێژووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەتی لەم فەترە مێژووییەدا (1870–1914)، هەروەکو وتمان لە دوایی پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا، ئەو وڵاتە پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لەسەرجەم لایەنەکان، بەجۆرێك هەرکەسێك ئەو فەترەیە لە مێژووی ئەڵمانیا بخوێنێتەوە، حەزدەکات زیاتری لە بارەوە بخوێنێتەوە و زانیاری زیاتری لەسەر وەدەست بخات، لەم سۆنگەیەشەوە بەهۆی گرنگی بابەتەکە و کەمی نووسین و توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە پڕبایەخە بیرۆکەی توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتەم لادروست بووە، هەروەها لەم فەترە مێژووییەدا(1870–1914) ڕۆژهەڵات بە گشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی دووچاری شەپۆلێك داگیرکاری وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆتەوە، بۆیە لەم توێژینەوەیە دەمانەوێت لە ڕۆڵی ئەڵمانیا لەم شەپۆلە داگیرکاریە بکۆڵینەوە و پاشان بیخەینەڕوو، لەلایەکی تر هەرکاتێك باسی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکرێت ڕاستەوخۆ باسی ڕۆڵی ئەڵمانیا دەکرێت لە هەڵگیرسانی ئەم جەنگە وێرانکەرە، بۆیە بە پێویستمان زانی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئەکادیمی لەسەر بارودۆخی ئەڵمانیا بەگشتی و دیبلۆماسیەتی ئەڵمانیا بەتایبەتی بکەین لەم ماوە مێژووییەدا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو گرفنە بخەمە ڕوو کە کێشەیی گەورەی بۆ دروست کردووم، کە بریتیە لە کەمی سەرچاوە لە سەر مێژووی ئەڵمانیا، بەجۆرێك وێڕای هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر وەکو پێویست نەم توانی سەرچاوەی گرنگ بەدەست بێنم، هەروەها بە پێویستەی دەزانم ئەوەش بخەمە ڕوو کە

ئەم بابەتە پێویستی بە باسێکی گەورە هەیە بۆئەوەی توێژەر بتوانێت سەرجەم لایەن و ڕەهەندەکانی بابەتەکە بە باشی بخاتەڕوو، بۆیە کارێکی قورسە توێژەر بتوانێت لە باسێکی وەکو بەکالۆریۆس هەموو لایەنەکانی ئەم بابەتە فراوانە بخاتەڕوو.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتیە لە بارودۆخی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە یەکێتی ئەڵمانیا تا کۆتایی فەرمانڕەوایی بسمارك(1871–1890)، ئەم بەشە لە سێ باس پێکهاتوە، باسی یەکەم بریتیە لە یەکێتی ئەڵمانیا، ئەم باسەش لە دوو تەوەرە پێکهاتوە، لە تەوەرەی یەکەم باس لە رەوش و بارودۆخی ئەڵمانیا کراوە بەر لە پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا، لە تەوەرەی دووەمیشدا باس لە بسمارك و هەوڵ و پلانەکانی کراوە بۆ پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا، باسی دووەم بریتیە لە بارودۆخی ناوخۆی ئەڵمانیا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ڕاوێژکار بسمارك(1871–1890)، ئەم باسە بۆ سێ تەوەرە دابەشکراوە، لە تەوەرەی یەکەم باس لە بارودۆخی ئابووری و سیاسەتی ئابووریانەی بسمارك کراوە، لە تەوەرەی دووەمیشدا باس لە بارودۆخی سیاسی و سیاسەتی ناوخۆی بسمارك کراوە، لەم تەوەرەیەدا باسی دەسەڵاتی دەستوری حکومەتی ناوەندی و ویلایەتەکان و هەریەکە لە ئیمپراتۆر و ڕاوێژکار و پەرلەمان(رایخشتاخ) و ئەنجومەنی ویلایەتەکان(بندسرات) کراوە، هەروەها بەکورتی باسی تەیارە سیاسیەکانی ئەوکاتی ئەڵمانیا کراوە، هەروەها سیاسەتی بسمارك بەرامبەر بە کاسۆلیکەکان و سۆسیالستەکان و کەمە نەتەوکان خراوەتە ڕوو، لە تەوەرەی سێیەمدا بەکورتی باسی بارودۆخی کۆمەلأیەتی ئەڵمانیا کراوە، باسی سێیەم بریتیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕوێژکار بسمارك، ئەم باسە لە چوار تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەم باسی ئەو هاوپەیمانیانە کراوە کە لە نێوان ئەڵمانیا و زلهێزەکانی تر پێکهێنراون، لە تەوەرەی دووەم باسی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی بسمارك کراوە، لە تەوەرەی سێیەم باسی پەیوەندی ئەڵمانیاکراوە لە گەڵ زلهێزەئەوروپیەکانی تردا، لە تەوەرەی چوارەم باس لە کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بسمارك کراوە لە ساڵی(1890). بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە بارودۆخی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە دوای دەسەڵاتی بسمارك تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی(1890–1914)، ئەم بەشە لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەم بریتیە لە بارودۆخی ناوخۆیی ئەڵمانیا، کە بۆ سێ تەوەرە دابەشکراوە، لە تەوەرەی یەکەم باسی بارودۆخی ئابووری و سیاسەتی ئابووریانەی ڕاوێژکارانی ئەو کاتی ئەڵمانیا کراوە، لە تەوەری دووەم باسی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتی ئەڵمانیا کراوە، لە تەوەری سێیەم بە کورتی باسی بارودۆخی کۆمەلأیەتی ئەو کاتی ئەڵمانیا کراوە، باسی دووەمی ئەم بەشە بریتیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا تا جەنگی یەکەمی جیهانی، کە بەسەر چوار تەوەرە دابەشکراوە، لە تەوەرەی یەکەم باسی گرنگترین ئەو هاویمانیانە کراوە کە لەدژی ئەڵمانیا پێکهێنران، لە تەوەرەی دووەم باسی گرنگترین ئەو قەیرانانە کراوە کە پەیوەندی ئەڵمانیای لەگەڵ زلهێزەڕکابەرەکانی ئاڵۆزترکرد، لە تەوەرەی سێیەم باسی پەیوەندی ئەڵمانیا کراوە لە گەڵ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری، لە تەوەرەی چوارەم باسی ڕۆڵی ئەڵمانیا کراوە لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ بارودۆخی ناوخۆیی ئەڵمانیا زیاتر پشت بەدوو سەرچاوە بەستراو، سەرچاوەی یەکەم: کارلتون هیز، التاریخ الاوربی الحدیث 1789-1914، د.فاضل حسین لە زمانی ئنگلیزیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، سەرچاوەی دووەم: د.محمد محمد صالح، تاریخ اوربه الحدیث 1870-1914. هەروەها بۆ سیاسەتی دەرەکی ئەڵمانیا زیاتر پشت بە دوو سەرچاوە بەستراوە، سەرچاوەی یەکەم: هـ.ا.ل.فیشەر، مێژووی نوێی ئەوروپا 1789-1950، ئەم سەرچاوەیە لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگیردراوەتە سەر زمانی عەرەبی، و شوکر سلێمان و سەروین ئەرجان وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، سەرچاوەی دووەم: د.ئەحمەد نەقیب زادە، مێژووی دیبلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان 1648-2004، ئەم سەرچاوەیە مستەفا مەعروفی لە زمانی فارسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هۆکاری زۆر پشت بەستنم بەم سەرچاوانە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و پڕبایەخی و چڕوپڕی زانیاری ئەم سەرچاوانە، کە سێ لەم سەرچاوانە (کارلتۆن هیز، هـ.ا.ل.فیشەر، د.ئەحمەد نەقیب زادە) سەرچاوەی بیانین و بەهۆی گرنگی ئەم سەرچاوانە بۆ چەندین زمانی جیاواز وەرگێردراون، سەرچاوەی د.محمد محمد صالحیش زۆر گرنگ و پڕبایەخە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە چونکە ماوەی توێژینەوەی پەرتوکەکە ڕێك هەمان ماوەی توێژینەوەکەی ئێمەیە.

## بەشی یەکەم : ئەڵمانیا لە دامەزراندنی یەکێتی ئەڵمانیاوە هەتا کۆتایی فەرمانڕەوایی بسمارك( 1870-1890 )

### باسی یەکەم : ئەڵمانیا و پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی.

### تەوەرەی یەکەم: بارودۆخی ئەڵمانیا پێش پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا

ئەڵمانیا تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەمیش دەوڵەتێکی یەکگرتوونەبوو، بەڵکو لە چەندین دەوڵەتۆکە و هەرێم و شاری سەربەخۆ پێك هاتبوو، ژمارەی ئەو هەرێمانە لە 300 دەسەلاَت زیاتربوو، کە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆزیان پێك هێنابوو، ئەوەی ئۆتۆی یەکەم لە ساڵی (962) دایمەزراند[1]، ئەو هەرێم و دەوڵەتۆکانە هیچیان هێندە بەهێز نەبوون، سەرکردایەتی هەرێمەکانی تر بکەن بۆ یەکێتی ئەڵمانیا، تەنیا پروسیا نەبێت کە لە سەر دەستی بنەماڵەی هوهنزلرن و پاشا فردریکی گەورە (1740–1786) گەیشتە لوتکەی بەهێزی، کە نەك تەنیا لە ئەڵمانیا بەڵکو یەکێك بوو لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا[2].

خەڵکی ئەڵمانیا لە دۆخێکی قورس و ژیانێکی خراپدا دەژیان، لە ژێر حوکمی ئەو فەرمانڕەوایانەدا، کە وەکو خزمەت کاری چینی سەرەوە سەیریان دەکردن، جگە لەوەی ئەو فەرمانرەوایانە هیچ هەستێکی نەتەوەییان نەبوو، نەبوونی هەستی نەتەوایەتیش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی یەکێتی ئەڵمانیا دروست نەبێت لە رابردودا[3].

کاتێك شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی 1789 دا ڕوویدا، کاریگەریەکی زۆری لە سەر ئەڵمانیا هەبوو، بەتایبەتی لە ناوچەی باشوور، کە هاوسنوربوو لەگەڵ فەرەنسا، هەروەها کاتێك ناپلیۆن ئەڵمانیای داگیرکرد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، کاریگەریەکی قوڵی دانا لەسەر ئەڵمانیا، چونکە ناپلیۆن کە هات، یەکەم هەنگاو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆزی هەڵوەشاندەوە، لەبری ئەوە هەرێمەکانی بۆ 38 هەرێم کەمکردەوە، و یەکێتیەکی لەو هەرێمانە پێکهێنا، ئەمەش وای کرد ئەڵمانیەکان بیربکەنەوە کە دەکرێ یەکێتی پێکبهێنن، ئەمە جگە لەوەی ناپلیۆن لە ئەڵمانیا کاری بۆ بلاَوکردنەوەی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی کرد، کە ئاشکرایە دیارترین بنەماکانی شۆڕش ئازادی و نەتەوایەتی و ئابووری سەرمایەداری بوون، کە ئەمانە بنەمای دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیین، ئەمە وێڕای ئەوەی داگیرکاری ناپلیۆن هەستی بەرەنگاری لای ئەڵمانیەکان دروست کرد، و بە توندترین شێوە ڕووبەڕووی داگیرکاری ناپلیۆن

---

(1) زانا قاسم حیدر دزەیی، ئەڵمانیا، ناوەندی چاپ و بلاَوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2009، ل13.

(2) مفید الزیدی، موسوعة تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، الجزء الثالث ، دار اسامة للنشر، عمان، 2004، ص 764 ؛ احمد صالح عبوش و عمر رشيد زنكنة، تجارب الوحدة في اوربا في القرن التاسع عشر الوحدة الايطالية  الوحدة الالمانية، طبع بمطابع ابن الاثير للطبع والنشر، جامعة الموصل، 2009، ص 70.

(3) مفيد الزيدى، المصدر السابق، ص 764 .

بوونەوە[1]، هەر لەو کاتەدا چەندین رۆشنبیر و فەیلەسوف دەرکەوتن، کە داوای یەکێتی ئەڵمانیایان دەکرد، لەوانە فیختە و هیگڵ..هتد، کە کارەکانی ئەمانە کاریگەربوون لە وریاکردنەوەی خەڵکی ئەڵمانیا[2].

هەر لەو سەردەمەدا کەسایەتیەکی بەناوبانگی نیشتمانپەروەر دەرکەوت، کە ناوی فۆن شتاین بوو، ئەو کەسایەتیە ڕاوێژکاری پاشای پروسیابوو، کە چەندین چاکسازی کرد، لەوانە نەهێشتنی جیاوازی کۆمەڵایەتی و کۆیلایەتی و، ئەنجامدانی چاکسازی سەربازی، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر زەمینەسازکردن بۆ یەکێتی ئەڵمانیا[3]، هەروەها یەکێتی گومرگی (زولفراین[4])یش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ دروست بوونی یەکێتی ئەڵمانیا، چونکە ئەو یەکێتییە وای کرد ئەڵمانیەکان بیربکەنەوە، کە دەکرێت وەکو یەکێتی ئابووری یەکێتی نەتەوەیش پێکبهێنن[5].

دوای شکستی ناپلیۆن، کۆنگرەی ڤیەننا بە ویستی مەترنیخی کۆنەپارێز و ستەمکار، هەموو کارەکانی ناپلیۆنی هەڵوەشاندەوە و یەکێتیەکی لاوازی پێکهێنا، بە سەرکردایەتی نەمسا، کە ئەم یەکێتیە لە 38 هەرێم پێکهاتبوو[6]، دوای کۆنگرەی ڤیەنناش چالاکی لیبرالی لە ناو خویندکارانی زانکوکان بەهێزبوو، کە خوازیاری ئازادی و یەکێتی ئەڵمانیا بوون، بەڵام مەترنیخ لە کۆنگرەی کارلسبادی 1819، توانی رەزامەندی ئەمیرەکانی ئەڵمانیا بە دەستی بێنێت، بۆ سەرکوتکردنی ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەران و رۆژنامەگەری[7]، ئەم بارودۆخە وای کرد تا ساڵی 1830 ئەڵمانیەکان هیچ دەرفەتێکی نارەزایی دەربڕینیان بۆ نەڕەخسێ، بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی 1830دا شۆڕش لە فەرنسا ڕوویدا و هەموو ئەورووپاشی گرتەوە، ئازادیخوازانی ئەڵمانیاش دەستیان بە جموجۆڵکرد و فەرمانڕەوای ناوچەکانیان ناچارکرد مل بۆ هەندێك ئازادی و مافەکانی گەل بدەن، بەڵام دوای نەمانی مەترسیەکان، فەرمانڕەواکانی ئەڵمانیا

---

[1] جفری برۆن، پوختەی مێژووی ئەورووپا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، وەگێرانی نیهاد جەلال حبیب اللە، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانە و شوێنی چاپ، 2009، ل 472-473 ؛ احمد صالح عبوش و عمر رشید زنکنة، المصدر السابق، ص 70-71 .

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تابان صباح پیربال، بسمارك سەرکردەی یەکێتی ئەڵمانیا لە ساڵی 1871، ((گۆڤاری مێژوو))، ژمارە (5)، 2008، ل 332 -333 .

[3] فازڵ حسین و کازم هاشم نعمە، مێژووی نوێی ئەوروپا 1815-1939، وەرگێرانی مستەفا سەعید، پێداچونەوەی: کەیوان ئازاد ئەنوەر، چاپخانەی چوار چرا، بێ شوێنی چاپ، 2010، ل 27 ؛ مفید الزيدي، المصدر السابق، ص 765.

[4] زولفراین ئەو یەکێتیەبوو کە پروسیا لە ساڵی 1818دا بڕیاریدا لە هەموو ئەڵمانیا یەك باج و پێوانەو کێشان بەکاربێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: احمد صالح عبوش و عمر رشید زنکنة، المصدر السابق، ص 74-75 .

[5] جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 475 .

[6] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فازڵ حسین و کازم هاشم نیعمە، سەرچاوەی پێشوو، ل 19- 20 .

[7] احمد صالح عبوش و عمر رشید زنکنة، المصدر السابق، ص 72-73 .

پشتیان لەو بەڵێنانە کرد کە دابویان بە نیشتمان پەروەران[1]، بەم شێوەیە تا ساڵی 1848 چالاکی لیبرالی و نیشتمانپەروەران زۆر لاوازبوو، بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی 1848دا شۆڕش لە فەرەنسا ڕوویدا، و دواتر هەموو ولاّتانی ئەورووپاشی گرتەوە، ئەڵمانیاش بەدەرنەبوو لەم شۆڕشە، پروشکەکانی شۆڕشی 1848 ئەڵمانیاشی گرتەوە، و شۆڕشگێڕان فردریك ولیەمی چوارەمی پاشای پروسیایان ناچارکرد دەستور دەربکات، و پاشا رازیبوو ئەنجومەنی نەتەوەیی لە فرانکفۆرت دابمەزرێنێت، بۆ ئەوەی تاوتوێی دامەزراندنی یەکێتی ئەڵمانیا بکەن، بەڵام کاتێك کۆنگرە تاجی پاشایەتی ئەڵمانیای بەخشی بە پاشای پروسیا، پاشا تاجەکەی ڕەتکردەوە، ئەمەش بە هۆی کۆنەپارێزی و ترسی لە پاشای نەمسا[2]، بەم شێوەیە هەموو هەوڵەکان بۆ یەکێتی ئەڵمانیا بەفیڕۆچوون، تا بوونی ولیەمی یەکەم بە پاشای پروسیا(1861–1888)، هاتنی ولیەم یەکەم بە سەردەمێکی نوێ دادەنرێت لەمێژووی ئەڵمانیا، چونکە ئەو پاشایە گەورەترین ئامانجی پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا بوو، بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەوڵیدا سوپایەکی بەهێز پێك بهێنێت، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران بودجەی داواکراوی بۆ ڕێکخستنەوەی سوپا ڕەتکردەوە، کێشەکە بەردەوام بوو تا ئەو ئاستەی پاشا هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی کرد، بەڵام دواتر لەسەر پێشنیاری وەزیری جەنگ ( فۆن ڕۆن ) پاشا لە 23ی ئەیلولی1862 بسمارکی[3] بانگ کردە بەرلین، و وەکو سەروکوەزیرانی پروسیا بسمارکی دیاری کرد، بۆ ئەوەی ئەو کێشە گەورەیە چارەسەر بکات[4].

بەم جۆرە دەبینین بەر لە بسمارك چەند هەوڵێك هەبووە بۆ پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا، بەڵام هیچیان لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیان سەرکەوتوونەبوون، تا ئەو کاتەی بسمارك دەردەکەوێت و هەوڵی ڕاستەقینە دەدات بۆ پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا.

---

(1) ئەحمەد نەقیب زادە ، مێژووی دیپلۆماسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان 1648–2004، وەرگێڕانی: مستەفا مەعروفی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008، ل 101 .

(2) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالعزیز سلێمان نەوار و عبدالمجید نعنعی، مێژووی هاوچەرخی ئەورووپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی جیهانی دووەم، وەرگێڕانی خالید هەرکی، چاپی دووەم، چاپخانی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2012، ل 234–237 ؛ جفری برون، سەرچاوەی پێشوو، ل 474 .

(3) بسمارك لە ساڵی 1815 لە هەرێمی براندن برکی پروسیا لە خانەوادەیەکی خانەدان لەدایکبووە، لەساڵی 1836 دا لە زانکۆی کوتنگن بڕوانامەی پارێزەری وەرگرتووە، بەڵام کاری پارێزەری نەکردووە، لەساڵی 1848دا بووە بە ئەندامی پەرلەمانی پروسیا، لە ساڵی 1849دا بووە بە نوێنەری پروسیا لە پەرلەمانی فرانك فۆرت، لە ساڵی 1854دا وەکو باڵیۆزی پروسیا لە ڤیەننا دیاری کرا تاکو سالی 1859، پاشان وەك بالیۆز لە بتزسبۆرگی روسیا و پاریس کاری کردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مفید الزیدی، المصدر السابق، ص 771 .

(4) علی حیدر سلیمان، تاریخ الحضارة الاوربیة الحدیثة، دار واسط للدراسات و النشر والتوزیع المنصور بغداد، 1990، ص243 ؛ http://ar.wikipedia.org.

## تەوەرەی دووەم: بسمارك و هەوڵ و هەنگاوەكانی بۆ پێكهێنانی یەكێتی ئەڵمانیا

زۆربەی سەرچاوەكان كۆكن لە سەر ئەوەی بسمارك گەورەترین كەسایەتی سەردەمی خۆی بووە، دوور بین و ئیرادە بەهێزبوو، دەیزانی چی دەوێت، و چۆن ئامانجەكانی بەدی دێنێت، كەسێكی كۆنەپارێزبوو، بڕوای بە پاشایەتی ڕەها و ستەمكار هەبوو، بەڕادەیەك بڕوای بە بەشداریكردنی گەل نەبوو لەدەسەلاتدا[1]، بسمارك گەورەترین خەونی پێكهێنانی یەكێتی ئەڵمانیابوو لە ژێر سەركردایەتی پاشای پروسیا، دڵنیاشبوو لەوەی كە نەمسا و فەرەنسا بە ئاسانی ڕێگە بەو كارە نادەن، بۆیە بڕوای وابوو پێویستە سوپایەكی بە هێزی هەبێت، بۆ ئەوەی خەونە گەورەكەی بەدی بهێنێت، هەربۆیە لە بەردەم پەرلەمان ڕایگەیاند پێویستە بودجەی داواكراو بۆ بەهێزكردنی سووپا پەسند بكەن، بەلاّم وڵامی پەرلەمان ئەرێنی نەبوو، بسماركیش بە وتە بەناو بانگەكەی وڵامی دانەوە كە ((بڕیار و ڕای زۆرینە چارەسەری ئەو كێشە گەورەیە ناكاتن، بەڵكو چارەسەرەكەی ئاسن و خوێنە))، پاشان ئەوەی دەی ویست خەرجی كرد بۆ بەهێزكردنی سوپا، بێ ئەوەی چاوەڕێی ڕازی بوونی پەرلەمان بكات، دواتر بە هاوكاری وەزیری جەنگ(فۆن ڕۆن) و فەرماندەی سوپا (مولتكە) سوپایەكی بەهێزیان ئامادەكرد و چاوەڕێی هەلێكی دەكرد، بۆ ئەوەی دەست بە جێبەجێكردنی پلانەكەی بكات، بۆ پێكهێنانی یەكێتی ئەڵمانیا[2].

هەنگاوی یەكەمی بسمارك بۆ یەكێتی ئەڵمانیا، ئەو كاتە دەستی پێكرد، كە لە ساڵی (1864)دا كێشە لە سەر (شلزویگ و هۆڵشتاین[3]) لە نێوان دانیمارك و ئەڵمانیا سەری هەڵدا لە سەر خاوەنداریەتی ئەو دوو هەرێمە، چونكە پاشای دانیمارك وەكو بەشێك لە خاكی دانیمارك سەیری ئەو دوو هەرێمەی دەكرد، بسماركیش ئەو كێشەیەی قۆستەوە، بۆ ئەوەی دەست بە پلانەكەی بكات، بۆ لێدانی دانیمارك، سەرتا نەمسای ڕازی كرد، بە یەكەوە بەرژەوەندیەكانی ئەڵمانیا بپارێزن لەو دوو هەرێمە، دوای ئەوەی پاشای دانیمارك ڕەتی كردەوە لە بڕیاری لكاندنی ئەو دوو هەرێمە بە خاكەكەی پەشیمان بێتەوە، پروسیا و نەمسا جەنگیان دژی دانیمارك ڕاگەیاند، دانمارك ناچاربوو دەست لە هەردوو هەرێمەكە هەڵبگرێت بۆ

---

[1] عبدالعزیز سلێمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل 261 .

[2] جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 479 ؛ احمد صالح عبوش و عومەر رشید زنكنة، المصدر السابق، ص 68–69 .

[3] ئەو دوو هەرێمە لە ساڵی (1490) ەوە لە ژێر دەسەلاّتی دانیمارك بوون، بێ ئەوەی بەشێك بن لە خاكی دانیمارك، لە ساڵی (1848)دا كێشە لەسەر ئەو دوو هەرێمە سەری هەڵدا، ئەمەش دوای ئەوەبوو كە ئەڵمانیەكانی ئەو دوو ناوچەیە دەستیان بە ڕاپەڕینكرد دژی دەسەلاّتی دانیمارك و داوای گەڕانەوەیانكرد بۆسەر ئەڵمانیا، بەلاّم كێشەكە بە پێی پەیمانی لەندەن لە ساڵی (1852) چارەسەركرا، كە بڕیاردرا ئەو دوو هەرێمە لە ژێر حوكمی دانیمارك دابن، بە مەرجێك نابێ دانیمارك بیان خاتە سەر خاكی خۆی بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ه.ا.ل فیشەر، مێژووی نوێی ئەوروپا (1789–1950)، وەرگێرانی بۆ عەرەبی: ئەحمەد نەجیب هاشم و ودیع زەبەع، وەرگێڕانی بۆ كوردی: شوكر سلیمان و سەروین ئەرجان، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر، 2009، ل 244–245 .

پروسیا و نەمسا، دواتر بە پێی ڕێککەوتننامەی کاشتاین، ڕێککەوتن کە هۆڵشتاین بۆ نەمسا بێت، و شلزویگ بۆ پروسیا بێت[1].

لە ڕاستیدا بسمارك ئەو ڕێکەوتننامەی تەنیا بۆ بە دەست هینانی کات بوو، هەروەها بۆ ئەوەی وەکو شەڕفرۆش نەیەتە بەرچاو، ئەگەرنا بسمارك نەی دەویست ڕێکەوتن لەگەڵ نەمسادا بکات، هەربۆیە دوای ئەوەی بارودۆخەکە هێوربۆوە خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی کێشەکەکانی لەگەڵ نەمساش یەکلای بکاتەوە، بسمارك بەر لەوەی دەست بە جەنگ بکات ویستی لە ڕێگای دیبلۆماسیەوە نەمسا گۆشەگیر بکات، بۆ ئەوەی لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگ هیچ هاوکاریەکی سەربازی لە دەرەوە پێ نەگات، سەرەتا پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی خۆی لەگەڵ هەریەك لە بەریتانیا و روسیا بەهێزکرد بۆ ئەوەی بێلایەنیان بەدەست بێنێت، هەروەها بسمارك بە نهێنیٚ لە گەڵ ئیتالیاش ڕێککەوت، کە لە حاڵەتی جەنگی نێوان پروسیا و نەمسا، ئیتالیا یارمەتی پروسیا بدات، لە بەرامبەر دەسکەوتنی فینیسیا، هەروەها بسمارك لە ڕێککەوتننامەی (بیارتز) بێ لایەنی ناپلیۆنی سێیەمی ئیمپراتۆری فەرەنسای بەدەست هێنا، لە بەرامبەر بە لێنێکی سەر زارەکی، کە گوایە ناوچەیەکی لە سنوری ڕایەن پێ دەدات[2].

دوای ئەوەی بسمارك لەسەر ئاستی دیبلۆماسی نەمسای لە وڵاتانی دەرەوە دابڕی، ئەوکات دەیویست کێشە لەگەڵ نەمسا دروست بکات، و هەنگاوی دووەمی بەرەو یەکێتی ئەڵمانیا بنیٚ و نەمساش لە ئەڵمانیا دەربکات، کاتێك نەمسا نیازەکانی بسمارکی بۆ دەرکەوت، پێشنیاری کرد پەرلەمانی فرانکفۆرت بڕیار لە سەر چارەنوسی هەر دوو هەرێمی شلزوینگ و هۆڵشتاین بدات، بەڵام بسمارك ئەمەی بە دەرچوون لە ڕێکەوتننامەی گاشتاین لە قەڵەمدا، پاشان پرۆژەی یەکێتی ئەڵمانیای دایە پەرلەمان، بەڵام زۆربەی هەرێمەکان پشتگیری نەمسایان کرد، تەنانەت ئامادەیی یارمەتی سەربازیشیان بۆ نەمسا دەربڕی، بەمجۆرە لە نیوەی حوزەیرانی (1866) جەنگ لە نیوان نەمسا و پروسیا دەستی پێکرد، کە دەبوو نەمسا بەرامبەر ئیتالیاش شەڕبکات، ئەو شەڕە حەوت هەفتەی خایاند، هەربۆیە لە هەندێك سەرچاوە بە جەنگی حەوت هەفتە ناسراوە، کە تیایدا نەمساییەکان چەندین شکستی یەك لە دوای یەکیان تووشهات، گرنگترینیان جەنگی سادوای بەناوبانگبوو لە 3ی تەموزی (1866)، کە لەم شەڕەدا سوپای سەرەکی نەمسا بە قورسی تێکشکا، بەڵام بسمارك پێی وابوو نابیٚ ئەو جەنگە درێژە بکێشێت، نەوەك فەرنسا دەست بخاتە ناو کێشەکەوە، ئەمە جگە لەوەی بسمارك نیازی داگیرکردن و ڕیسواکردنی نەمسای نەبوو، بەڵکو دەیویست لە ئەڵمانیای دووربخاتەوە، و نەبێتە ڕێگری لە دامەزراندنی یەکێتی ئەڵمانیا، ئەمەشی

---

[1] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 103 ؛ فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 246–247 ؛ مفيد الزيدى، المصدر السابق، ص 772 .

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالعزيز سليمان نەوار و عبدالمجيد نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل 262–263 ؛ علي حيدر سليمان، المصدر السابق، ص 245 .

دەسکەوتبوو، بۆیە جەنگەکەی کۆتای پێهێنا، بەپێی ڕێککەوتننامەی براگ[1]، بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی براگ، نەمسا وازی لە هۆڵشتاین هێنا بۆ پروسیا، وێڕای ئەوەی دەستی لە ڤینیسیا هەڵگرت بۆ ئیتالیا، هەروەها نەمسا لە یەکێتی ئەڵمانیاش چووە دەرەوە و یەکێتیەکەی کۆنگرەی ڤیەننا هەڵوەشایەوە، نەمسا دانیشی نا بە یەکێتی باکوری ئەڵمانیا، بە ڕابەرایەتی پروسیا، بەم شێوەیە یەکێتی باکوری ئەڵمانیا دروست بوو، بەمەش بسمارك نیوەی خەونە گەورەکەی بەدی هێنا کە یەکێتی نەتەوەیی ئەڵمانیا بوو، پروسیاش جگە لە سنوور و دانیشتوانەکەی، هێز و دەسەڵاتیشی زۆر زیاتربوو[2].

ئەنجامەکانی ئەو جەنگە کاریگەری خراپی کردە سەر کەسایەتی ئیمپراتۆر ناپلیۆنی سێیەم، گەلی فەرەنسی بێزاربوون لە هەڵەکانی ئیمپراتۆرەکەیان، کە ئەمجارەشیان هیچ دەسکەوتێکی بۆ گەلەکەی بەدەستنەهێنابوو، ئەوەی ڕاستی بێت ناپلیۆن پێی وابوو ئەو جەنگە درێژە دەکێشێت، ئەمەش ئەو هەلەی پێ دەدات وەکو ناوبژیوان دەست بخاتە ناو کێشەکەوە، بەم شێوەیە دەسکەوتێکی گەورە بەدەست دێنێت، لە ناو لایەنە ناکۆکەکان، بەڵام پێشبینیەکەی ڕاست دەرنەچوو، سوپای پروسیا بە هێزتربوو لەوەی پێشبینی کردبوو، جەنگەکەی بە حەوت هەفتە یەکلایی کردەوە[3]، بۆ ئەوەی لەو شەرمەزاریە رزگاری بێت، و شکۆمەندی ڕابردووی بگێڕێتەوە، ناپلیۆن پێی وابوو دەبێت سەرکەوتنێك لە دەرەوە بە دەست بێنێت، بۆ ئەوەی گەلەکەی ئاراستەی دەرەوە بکات و کێشەکانی ناوخۆیان لە بیرבباتەوە، بۆیە داوای لە بسمارك کرد، وەکو قەرەبووی جەنگی بەشێك لە خاکی ڕایەنی پێبدات و پێی ڕاگەیاند بە هەرێمی باڤاریا ڕازیە، بەڵام بسمارك ئەو داوایەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی خۆی لە پاشای باڤاریە نزیك بکاتەوە، بۆیە ئەو داوایەی ناپلیۆنی گەیاندە (پاشای باڤاریا[4])، بەم شێوەیە بسمارك هاوڕێیەکی بەدەست هێنا، کە پێشتر لە دوژمنایەتی دەترسا، پاشان ناپلیۆن داوای لوگسمبورگ یان بەلجکای کرد، بسمارك ئەو داوایەشی بەکارهێنا بۆئەوەی ڕای گشتی ئەوروپا دژی ناپلیۆن بوروژێنێ، چونکە بەریتانیا بەهۆی هاوسنووری لەگەڵ بەلجیکا، زۆر گرنگی بە سەربەخۆیی ئەو وڵاتە ئەدا، بەم شێوەیە ناپلیۆنی سێیەم لە هەوڵەکانی هیچی دەست نەکەوت، لەوەش زیاتر ئەڵمانیای بەهێز لە سەر سنورەکانی وەستاوە، و هەمیشە هەڕەشەیە بۆ ئیمپراتۆریەتەکەی[5].

---

[1] مختصر تاريخ المانيا منذ اقدم الازمنة الى نشوب الحرب الاوربية الكبرى، ترجم فى ادارة الهلال، مطبعة الهيلال، مصر، 1924، ص 102–103 ؛ فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 256 .

[2] مختصر تاريخ المانيا منذ اقدم الازمنة الى نشوب الحرب الاوربية الكبرى، المصدر السابق، ص103 ؛ ئەحمد نەقب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 104 .

[3] جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 481–482 ؛ علی حيدر سليمان، المصدر السابق، ص 247 .

[4] بە هێزترین پاشای باشووری ئەڵمانیابوو .

[5] فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 258– 259 ؛ عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل 256 ؛ علی حيدر سليمان، المصدر السابق، ص 247–248 .

لەو کاتەدا کە بسمارك بە دوای بیانوێك دەگەڕا، بۆئەوەی کێشەکانی لە گەڵ فەرەنسا یەکلایی بکاتەوە و هەنگاوی سێیەمیش بنێ بەرەو یەکێتی ئەڵمانیا، کێشەیەك ڕوویدا، پەیوەندی نێوان فەرەنسا و پروسیای زیاتر ئاڵۆز کرد، ئەویش کێشەی تەختی ئیسپانیابوو، بسمارکیش ئەوکێشەیەی قۆستەوە بۆ هێنانەدی تەواوەتی خەونەکەی، کێشەی تەختی ئیسپانیا لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ئیسپانیەکان ئەمیر لیۆبۆلدیان لە بنەماڵەی هوهنزلرن دیاری کرد، وەکو پاشای وڵاتەکەیان، کە لە ساڵی (1868)وە ئەو پۆستە بە خاڵی مابۆوە[1]، بەڵام فەرەنسیەکان بە توندی ئەو کارەیان ڕەتکردەوە، و بە سوکایەتیان بۆ فەرەنسا دانا، بۆیە ئەمیر لیۆبۆلد دوو دڵ بوو لە قبوڵکردنی تاجی ئیسبانیا، بەڵام دواتر بە هۆی کاریگەری بسمارك لە 2ی تەموزی (1870) دا تاجی ئیسپانیای قبوڵکرد، بەڵام فەرەنسیەکان بە توندی نارەزاییان دەربڕی، و بە پلانی بسمارکیان دانا بۆ سوکایەتی کردن بە فەرنسا، لە بەرامبەر نارەزایی فەرنسیەکان ئەمیر ئەنتوان بە ناوی کوڕەکەی ڕای گەیاند، کوڕەکەی لە قبوڵکردنی تاجی ئیسپانیا پەشیمان بۆتەوە، ئەم هەواڵەش لە فەرنسا بە ئاهەنگ گێڕان پێشوازی لێکرا، بەڵام وەزیری دەرەوەی فەرنسا نەیتوانی سوود لەم سەرکەوتنە وەربگرێت، کە نامەیەکی بۆ باڵیۆزی فەرنسا لە بەرلین نارد، تاکو بچێت چاوی بە پاشای پروسیا بکەوێت، کە ئەوکات پاشا بۆ بە سەربردنی پشووی هاوینە لە شاری ئیمس بوو، تاکو گفتوگۆ لە گەڵ پاشا بکات، و بەڵێن لە پاشا وەربگرێت کە ڕێگە نەدات لە داهاتوودا کەس لە بنەماڵەی هوهنزلرن بێتە سەر تەختی ئیسپانیا[2]،کاتێك باڵیۆزی فەرنسا ئەو داوایەی پێشکەشی پاشاکرد، پاشا ڕەتیکردەوە هیچ بەڵێنێکی لەو جۆرەی پێبدات، دواتر باڵیۆزی فەرنسا دوو جار داوای چاوپێکەوتنی لە پاشا کرد، بەڵام پاشا بەهۆی ئەوەی سەرقاڵی گەڕانەوەبوو بۆ بەرلین، داواکەی ڕەتکردەوە، پاشان پاشا بروسکەیەکی بۆ بسمارك نارد، کە ئەوەی ڕوویدابوو لەگەڵ باڵیۆزی فەرەنسا بە بسمارکی ڕاگەیاند، و هەروەها پێی ڕاگەیاند ڕازیە بە وازهێنانی لیۆبۆلد لە تاجی ئیسپانیا، کاتێك بسمارك نامەکەی خوێندەوە، ئەوەی بە شکەستێکی گەورە بۆ سیاسەتی پروسیا دانا، بۆیە نامەکەی بە جۆرێك لە ڕۆژنامەکان بڵاوکردەوە، وای نیشاندابوو کە باڵیۆزی فەرەنسا سوکایەتی بە پاشاکردووە، و لە بەرامبەردا پاشا دوو ئەوەندە سووکایەتی بە باڵیۆزی فەرەنسا کردووە، و پاشا ڕەتی کردۆتەوە جارێکی تر گفتوگۆی لەگەڵ بکات، کاتێك ئەو هەواڵە گەیشتە فەرەنسا، کە ئەو ڕۆژە هاوکات بوو لە گەڵ ڕۆژی نەتەوەیی فەرەنسا[3]، فەرەنسیەکان بە

---

[1] لە ساڵی (1868) ئیسپانیەکان کۆتاییان بە حوکمی پاشاکەیان شا ژنە ئیزابیلا هێنا، بەهۆی خراپی بەڕێوە بردنەوە، ئیسپانیەکان بڕیاریاندا پاشایەك لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی ئەوروپا وەکو پاشا بۆخۆیان دیاری بکەن، بۆیە ئەمیر لیۆبۆلدی کوڕی ئەمیر ئەنتوانیان هەڵبژارد، کە یەکێك بوو لە نزیکەکانی ولیەمی یەکەمی پاشای پروسیا. ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 105 .

[2] مختصر تاريخ المانيا منذ اقدم الازمنة الى نشوب الحرب الاوربية الكبرى، المصدر السابق، ص 105–106 ؛ احمد صالح عبوش و عمر رشيد زةنكنة، المصدر السابق، ص 106– 107 .

[3] ئەو ڕۆژە هاوکاتبوو لە گەڵ گرتنی قەڵای باستیل، لە لایان شۆڕشگێڕانی فەرنسا لە 14ی تەموزی 1789 .

توندی ئەو هەواڵەیان ڕەتکردەوە، هەر ئەو شەوەش بە بێ ئەوەی سوپای فەرەنسی ئامادەیی بۆ ئەو شەڕە تێدا بێت، شەڕیان دژی پروسیا ڕاگەیاند[1].

ئەڵمانیەکان بە یەك هەست و یەك ڕەنگ هەستان دژی دوژمنەکەیان، پێچەوانەی پێشبنیەکانی ناپلیۆن، کە پێی وابوو هەرێمەکانی باشوور ڕقیان لە هەرێمەکانی باکورە و یارمەتیان نادەن، ئەڵمانیەکان بە خێرایی 400 هەزار شەڕکەریان نارده سنورەکان، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە وڵاتەکەیان بکەن، هەر لە سەرەتاوە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان سوپای فەرەنسا و ئەڵمانیادا هەبوو، سوپای ئەڵمانیا لەو پەڕی پێشکەوتوویی دابوو لە ڕووی چەك و ڕێکخستن و زەخیرە و فەرماندەی زیرەکەوە، بە پێچەوانەوە سوپای فەرەنسا بە دەست کەمی چەك و کەمی زەخیرە و ڕێگای هاتووچۆ و فەرماندەی لێهاتووەوە دەی ناڵاند ، بۆیە سوپای فەرەنسا تووشی چەندین شکستی یەك لەدوای یەك بوو، بە تایبەتی لە جەنگی بەناوبانگی سیدان کە لە 1ی ئەیلولی (1870)دا ڕویدا، لەو جەنگەدا ئیمپراتۆر ناپلیۆن لە گەڵ 83 هەزار شەڕکەر بەدیل گیرا، بە بیستنی ئەم هەواڵە خەڵکی پاریس شڵەژان، و کۆتاییان بە سیستەمی ئیمپراتۆریەتی هێنا و کۆماری سێ یەمیان ڕاگەیاند، پاش شکەستی سیدان، ئەڵمانیەکان بەرەو پاریس کشان، و گەمارۆیەکی توندیان خستە سەر شارەکە، تا لە کۆتاییدا شارەکە ناچاربوو لە کۆتاییەکانی یەنایەری (کانونی دووەمی)(1871)دا خۆی بداتە دەست ئەڵمانیەکان، بەم شێوەیە ئاگربەست مۆرکرا و شەڕ بە سەرکەوتنی ئەڵمانیەکان کۆتایی پێهات[2].

گرنگترین ئەنجامی ئەو جەنگە، بریتی بوو لە یەکێتی نەتەوەیی ئەڵمانیا، کە ئەوەبوو لە 18ی یەنایەری (1871)دا بسمارك و هەموو ئەمیرەکانی ئەڵمانیا لە هۆڵی ئاوێنەکان لە کۆشکی فێرسای (نزیك پاریس) کۆبوونەوە، لەو کۆبونەوەیە بسمارك مەرسومی ئیمپراتۆریەتی خوێندەوە، دواتر ئەمیرەکانی ئەڵمانیا تاجی ئیمپراتۆریەتییان بەخشی بە ولیەمی یەکەمی پاشای پروسیا، بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی دامەزرا، دوای ئەوەی بسمارك توانی لە سێ جەنگی یەك لە دوای یەك بەسەر هەر یەك لە ( دانیمارك و نەمسا و فەرەنسا)دا سەربکەوێ[3].

هەرچی لەبارەی ڕێکەوتننامەی ئاشتییە، لە مانگی شوباتی (1871)دا گفتوگۆی نێوان بسمارك و تییری سەرۆکی حوکمەتی فەرنسا دەستیان پێکرد، بەڵام بە هۆی سووربوونی بسمارك لە سەر مەرجە قورسەکانی، ڕێککەوتی کۆتایی بۆ 10ی ئایاری (1871) دواکەوت، کە بە ڕێککەوتننامەی فرانکفۆرت

---

(1) مفید ا لزیدی، المصدر السابق، ص 776 ؛ http://ar.wikipedia.org .

(2) مختصر تاریخ المانیا منذ اقدم الازمنة الی نشوب الحرب الاوربیة الکبری، المصدر السابق، ص 106–108 ؛ جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 483–484 ؛ فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 272–279 .

(3) مختصر تاریخ المانیا منذ اقدم الازمنة الی نشوب الحرب الاوربیة الکبری، المصدر السابق، ص 109 –110 ؛ علی حیدر سلیمان، المصدر السابق، ص 250 ؛ مفید الزیدی، المصدر السابق، ص 777–778 .

ناسراوه، که به پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، ئەڵمانیا دەستی بە سەر ناوچەی ئەلزاس و باکوری ڕۆژهەڵاتی لۆرێن و شاری میتز داگرت، هەروەها بسمارك سزایەکی قورسی جەنگی بە سەر فەرەنسادا سەپاند، کە دەبێ لە ماوەی پێنج ساڵدا پێنج ملیار فرەنکی زێڕ بە ئەڵمانیا بدات، و وەکو دەستەبەری، سوپاکانی ئەڵمانیا لە سەر بەشێکی باکوری فەرەنسا دەمێننەوە، تا ئەو کاتەی فەرەنسا هەموو سزاکان دەبژێرێت[1]، جێی ئاماژەیە زۆربەی سەرچاوەکان هاوڕان لە سەر ئەوەی ئەو مەرجە قورسانە هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانین ، چونکە فەرەنسیەکان ناوچەکانی ئەلزاس و لۆرێنیان هەرگیز لە بیر نەکرد و ئەو برینەیان تا جەنگی یەکەمی جیهانی (1914) سارێژ نەبوو[2].

---

[1] فەرەنسیەکان قوربانیەکی گەورەیاندا، هەرچی داهاتی خۆیان هەبوو کۆیانکردەوە، بۆ ئەوەی سوپای دوژمن لە سەر خاکەکەیان نەمێنێت، بۆیە پێش وادەی خۆی لە ساڵی 1873 هەموو سزاکەیان بژارد، علی حيدر سليمان، المصدر السابق، ص 249 .

[2] عبدالعزيز سلێمان نەوار و عبدالمجيد نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل 269 ؛ ئەحمەد نەقیب زادە، سەر چاوەی پێشوو، ل 108 ؛ جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 484–485 .

## باسی دووەم: ڕەوش و سیاسەتی ناوخۆی ئەڵمانیا لەسەردەمی بسمارکدا ( 1871-1890 )

### تەوەرەی یەکەم: بارودۆخی ئابووری ئەڵمانیا و سیاسەتی ئابووریانەی بسمارك

دوای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا، ئیمپراتۆر ولیەمی یەکەم وەکو پاداشتێك بۆ کۆشش و ماندوبوونەکانی، بسمارکی وەکو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دیاریکرد[1]، بسمارکش دەیویست ئەڵمانیا بکاتە ئیمپراتۆریەتێکی زاڵ لە هەموو جیهان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە ئابوورییێکی بە هێز هەبوو، ئەگەرچی شۆڕشی پیشەسازی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە ئەڵمانیاوە سەری هەڵدابوو، بەڵام تا دامەزرانی یەکێتی ئەڵمانیا ئەنجامێکی بەرچاوی نەبوو، لە دوای پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی، ئابووری ئەڵمانیا بە تایبەتی پیشەسازی پێشکەوتنێکی بێ وێنەی بەخۆوە بینی، چونکە لەلایەك ئیمپراتۆریەتە نوێکە بووە بازاڕێکی گەورە بۆ بەرهەمە پیشەسازیەکانی ئەڵمانیا، لەلایەکی تر بسمارك دوای بوونی بە ڕاوێژکار چەند کارێکی گرنگی کرد بۆ پێشخستنی ئابووری ئەڵمانیا، سەرەتا سیستەمێکی نوێی بۆ وڵات دانا، بە جۆرێك لەهەموو ئیمپراتۆریەت یەك پێوانە و کێشان هەبێت، و هەروەها سەرجەم جۆرەکانی دراوی لەکارخست و مارکی کردە دراوی فەرمی وڵات[2]، لە ساڵی (1873)شدا یاسای دامەزراندنی نوسینگەی هێڵی ئاسنی ئیمپراتۆری دانا، کە هەوڵێکی زۆری دا بۆ یەکخستنی هێڵی ئاسنی هەموو دەوڵەتەکانی ناو ئیمپراتۆریەکە و گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی سەربازی و پۆستەی ئیمپراتۆریاکەدا، لە ساڵی (1875) یشدا یاسای بانکەکانی دانا، کە بەپێی ئەم یاسایە چاودێری بانکەکانی دا بەدەست ئەنجومەنی یەکێتیەوە، لە ساڵی (1876) یشدا بانکی ئیمپراتۆری (رایشبنك) ی دامەزراند، کە ئەو بانکە ڕۆڵی هەبوو لە خێرا ڕایی کردنی کارە داراییەکانی حکومەتی ناوەندی و جێگیربوون و بەرزبوونەوەی پێگەکەی[3].

لەلایەکی ترەوە بسمارك هانی پیشەسازیەکانی ناوخۆی دەدا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو پارەییەی کە وەکو سزای جەنگی لە فەرەنسای وەردەگرت، بۆ پێشخستنی لایەنی پیشەسازی تەرخانکردبوو، لە ماوەی چوارساڵدا(1870–1874)، پیشەسازی ئەڵمانیا پێشکەوتنێکی وای بەخۆوە بینی کەپێشتر وێنەی نەبوو، بەجۆرێك لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا، حکومەتی ناوەندی (857 )کارگەی پیشەسازی دامەزراند[4] ، بە دانانی ئەم یاسا و چاکسازیانە، و خستنەگەڕی درامەتە سروشتیەکانی ئاسن و خەڵوز لە ناوچەی ڕۆهەر و

---

(1) عمر عبدالعزیزعمر و محمد علي الفوزی، دراثات في تاریخ اوروبا الحدیث و المعاصر 1818–1950، دار النهظة العربیة، بیروت: 1999، ص195–196 .

(2) جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 502 ؛ تابان صباح پیربال، سەرچاوەی پێشوو، ل 336 .

(3) سامان حوسێن ئەحمەد، میژووی ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، 2014، ل 370 .

(4) محمد محمد صالح، تاریخ اوربة الحدیث 1870–1914، مطبعة شفیق، بغداد، 1968، ص 41 .

سار و لۆرین، وای کرد ئەڵمانیا لە دوای (1871)ەوە پێشکەوتنێکی گەورەی لە هەموو بوارەکانی پیشەسازی بەخۆیەوە ببینێ، تا وای لێهات ئەڵمانیا بوو بە دیارترین وڵاتی پیشەسازی ئەوروپا[1].

یەکێکی تر لەو چاکسازیە گرنگانەی بسمارك پێی هەڵسا، گۆڕینی ئابووری ئازادبوو بۆ ئابووری نەتەوەیی، کە ئەمەش دەرئەنجامێکی پێشکەوتنی کشتوکاڵ و پیشەسازی ئەڵمانیابوو، ئەوەبوو لە ساڵی (1879)دا رایخشتاخ لە سەر داوای بسمارك یاسای پاراستنی کومرگی پەسندکرد، کە بسمارك ئامانجی لە دەرکردنی ئەم یاسایە پاراستنی پیشەسازیە تازە پێگەیشتوەکانی ئەڵمانیا بوو لە پیشەسازی پێشکەوتووی بریتانیا، هەروەها بۆ ئەوەی درامەتی باجی زیاتر بۆ حکومەتی ناوەندی بەدەست بهێنێت، بە پێی ئەم یاسایە کشتوکاڵ لە خزمەتی پیشەسازی شارەکاندابوو، کە بسمارك دەیویست بەهۆیەوە هاوسەنگی لە نێوان کوشتوکاڵ و پیشەسازی دروست بکات، و ئاسایشی خۆراکی دانیشتوان لە بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی دەستەبەربکات، هەروەها ئەم یاسایە هێزێکی دارایی زیاتری دا بە حکومەتی ناوەندی،و بووە هۆی هاندانی پێشکەوتنی پیشەسازی ئەڵمانیا[2].

هەروەها بسمارك گرینگییێکی زۆری بە پێشخستنی رێگاو بانەکان دا، بە تایبەتی رێگای ئاسن، بە تۆرێکی هێڵی ئاسن هەموو ناوچەکانی بە یەکەوە بەستەوە، بەمەش چالاکی ئابووری(پیشەسازی و بازرگانی) گەشەسەندنێکی بەر چاوی بەخۆیەوە بینی، چونکە هێڵی ئاسن گواستنەوەی کەرستە خاوەکانی لە کانەکانەوە بۆ کارگەکان، و پاشان گواستنەوەی بەرهەمەکان لە کارگەکانەوە بۆ بازاڕەکان ئاسانتر و خیراتر کرد، بەم شێوەیە تێچونی بەر هەم هێنانیش کەم بۆوە[3]، سەرەڕای گرنگی دانی بەهێڵی ئاسن بسمارك گرنگیەکی زۆریشی دا بە پیشەسازی کەشتی، کە ئەم بوارەش گەشەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینی، تا وای لێهات ئەڵمانیا هاتە پلەی دووەم، لە ڕووی زۆری و چاکی کەشتیەکانی، لە دوای بەریتانیا، بەم شێوەیە هێڵی ئاسن و گواستنەوەی دەریایی یارمەتی دەرێکی باش بوون بۆ ئەوەی بازرگانی ئەڵمانیا لە گەڵ وڵاتانی دەرەوە گەشە بسێنێت، کە ڕۆژ بەڕۆژ لە فراوان بووندابوو، تا وای لێهات بازاڕی وڵاتەکان پڕبوو لە بەرهەمە پیشەسازیەکانی ئەڵمانی[4].

هەروەها لەو ماوەیدا ئەڵمانیا لە ڕووی شارەزایی هونەری و زانستیەوە، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، داهێنانەکان زۆربوون، بە تایبەتی لە لایەنی پیشەسازی کیمیای و کارەبایی و کەلوپەلی

---

[1] کارلتون هیز، التاریخ الاوربی الحدیث 1789 –1914، ترجمة: فاضل حسین، جامیعة الموصل، موصل، 1987، ص 375 .

[2] سامان حوسێن ئەحمەد، مێژووی ئەوروپا...، سەرچاوەی پێشوو، ل 372 ؛ کارلتون هیز، المصدر السابق، ص 385– 386 .

[3] جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 502 .

[4] تابان صباح پیربال، سەرچاوەی پێشوو، ل 336 ؛ سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تا کۆتایی جەنگی سارد(1914–1991)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەلێر، 2012، ل 11 .

کشتوکاڵی، بەم شێوەیە شان بەشانی پێشکەوتنی پیشەسازی، کشتوکاڵیش پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی[1]، لە گەڵ پێشکەوتنی ئابووری ئەڵمانیا، ژمارەی دانیشتوانیش بە شێوەیەکی خێرا لە زیاد بووندابوو، ئەمە جگە لەوەی کۆچکردنی لادێ نشینەکان بۆ شارەکان بەرەو هەڵکشانبوو، بەجۆرێك شارنشینەکان زۆر زیاتر بوون لە لادێ نشینەکان، بەم جۆرە دەستی کار و کرێکار زۆر زیادبوو، کە پیشەسازی زۆر پێویستی بە دەستی کاروکرێکار هەبوو، ئەمەش کاریگەری هەبوو لە سەر پێشکەوتنی پیشەسازی ئەڵمانیا[2].

هاوکات لە گەڵ گەشەسەندنی پیشەسازی ئەڵمانیا، پێویستی ئەڵمانیا بە بازاڕی دەرەوە زیاتردەبوو، تا دواجار بسمارك گوێی بۆ سەرمایەدارەکان و سەرکردە سیاسیەکان شلکرد، و لە ساڵی (1884)دا چەند ناوچەیێکی لە کیشوەری ئەفریقا داگیرکرد وەکو ناوچەکانی ئەفریقای ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا، ئەفریقای باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا، کامیرۆن و تۆگۆلاند، ئەو داگیرگانە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە پێشخستنی ئابووری ئەڵمانیا، چونکە لە لایەك بازاڕێکی فراوان بوون بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمە پیشەسازیەکان، لە لایەکی تر سەرچاوەیەکی گرنگی کەرستەی خاوبوون بۆ پیشەسازی ئەڵمانیا، ئەمە جگە لەوەی سەرمایەدارە ئەڵمانیەکان، سەرمایەکانیان لەو داگیرگانە خستبووە گەڕ[3].

لێرەدا پێویستە ئەوەش بزانین هەر لە سەرەتای دەسەلاتی بسمارك دا قەیرانێکی ئابووری هەموو ولاتە پیشەسازیەکانی ئەورووپای گرتەوە کە ئەم قیرانە بە (بێ بازاڕی گەورە) ناسراوە[4] ، قەیرانەکە بە هۆی زۆری خواست لە سەر زێڕ و کەمی بەرهەمی کشتوکاڵیەوە دروست بوو[5]، کە بەهۆیەوە لە ساڵی (1873)دا بۆرسەی ڤیەننای تووشی هەرەسهێنان بوو و کاریگەری زۆریشی لە سەر هەموو ولاتانی ئەورپا هەبوو بە ئەڵمانیاشەوە، بەلام ئەڵمانیا بە ڕابەرایەتی بسمارك بەسەرکەوتویی ئەو قەیرانەی تێپەراند و سەرکەوتنێکی ئابووری گەورەشی بە دەستهێنا، بە جۆرێك دەتوانین بلێین لە ماوەی نۆزدە ساڵ (1871–1890) ڕاوێژکاریی بسمارك دا، ئەڵمانیا بوو بە یەکێك لە گەورەترین زلهێزەکانی دونیا لە ڕووی ئابووریەوە، کە چەندین شاری پیشەسازی دامەزران، بۆ نمونە ناوچەی دەرهێنانی خەلۆز لە ویستیڤالیا، گۆڕا بۆ ناوچەیەکی پیشەسازی، کە شانی لە شانی دەوڵەمەندترین هەرێمی بریتانیای پیشەسازی دەدا[6].

---

(1) فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 360 .

(2) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە .

(3) جرجس بیاضی، علم التاریخ الحدیث، الجزء الثانی، المتبعة المصریة الاهلیة بالقاهرة، 1914، ص 107 ؛ فازڵ حسین و کازم هاشم نعمە، سەرچاوەی پێشوو، ل 146–147 ؛ ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 134 .

(4) www.wikipedia.com .

(5) الان بالمر، موسوعة التاریخ الحدیث 1789–1945، ترجمة: سوسن فیصل، السامر یوسف محمدأمین، مراجعة، محمد مظفر الادهمي، الجزء الاول، دار المامون للترجمة والنشر، بغداد، 1992، ص 243 .

(6) فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 360 .

## تەوەرەی دووەم: ڕەوشی سیاسی ئەڵمانیا لە سەردەمی بسماركدا

دوای ئەوەی بسمارك توانی بە هەوڵەكانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا دابمەزرێنێت، ئینجا وڵات پێویستی بە دەستورێكی نویێ هەبوو، بۆیە بسمارك هەنگاوی یەكەمی دانانی دەستوورێك بوو بۆ وڵات، ئەو دەستورە زیاتر بسماركی بوو، لەوەی دەستورێكی پەرلەمانی بێت، چونكە هەمان دەستوری یەكێتی باكووری ئەڵمانیای (1867) بوو، بسمارك بە ئارەزووی خۆی بەندەكانی دانابوو، لە سەر بنەمای دەسەڵاتداریەتی پروسیا و بەخشینی هەندێك ئیمتیازات بە ویلایەتەكان، و بەهێزكردنی یەكێتی نەتەوەیی ئەڵمانیا[(1)].

لە ئازاری(1871) رایخی ئەڵمانی[(2)] ڕەزامەندی لەسەر دەستووری نویێ دەربڕی، بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی بووە خاوەن دەستورێكی نوێی گشتگیر، كە ئیمپراتۆریەتەكە لە 25 ویلایەت پێكهاتبوو: (4) پاشانشین بوون، (6) دۆقیەی گەورەبوون، (5) دۆقیەی بچوك بوون، (7) هەرێم و (3) شاری سەربەخۆبوون، بسمارك بۆ ئەوەی ڕەزامەندی ئەو ویلایەتانە بەدەست بێنێت، كۆمەڵێك ئیمتیازاتی دەستووری بەو ویلایەتانە بەخشی، وەكو دەستوری تایبەت بە خۆیان، و سەركردایەتی كردنی پۆلیس و باجە ناوخۆیەكان[(3)]، بە پێی ئەو دەستوورە، حكومەتی ناوەندی دەسەڵاتێكی تەواوی هەبوو بەسەر كومرگ و باجەكان و سوپا و هێزی دەریایی و ڕێكخستنی بازرگانی ناوخۆیی و دەرەكی و پۆستە و بروسكە و هێڵی ئاسن و پارە و كێشان و پێوان و ڕێكخستنی بانكەكان و دەركردنی یاسا بۆ ویلایەتەكان[(4)].

بەڵام هەرچی دەسەڵاتی یاسادانان بوو، تایبەت بوو بە دوو ئەنجومەن:

یەكەمیان: ئەنجومەنی ویلایەتەكان (بندسرات)، ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە نوێنەرایەتی ویلایەتەكانیان دەكرد و لە لایان فەرمانڕەوای ویلایەتەكانەوە هەڵدەبژێردران، لەكاتی دیاری كردنی ژمارەی ئەندامانی هەر ویلایەتێك زیاتر ڕووبەری جوگرافی لە بەر چاو دەگیرا، نەوەك ژماری دانیشتوان، پروسیا دەستی بەسەر ئەو ئەنجومەنەدا گرتبوو، بە بەدەستهێنانی 17 كورسی لە كۆی 64 كورسی، ئەمە لە كاتێك دابوو 14 دەنگ بەس بوو بۆ ڕەتكردنەوەی هەر بڕیارێك[(5)].

ئەنجومەنی دووەم ناوی رایخشتاخ بوو: ئەندامەكانی بۆ ماوەی 5 ساڵ هەڵدەبژێردران، بە شێوەی دەنگدانی گشتی بۆ ڕەگەزی نێر، كە تەمەنی 25ساڵ یان سەروتربێت، ئەو ئەنجومەنە لە روخساردا لە شێوەی

---

(1) جڤری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 501 ؛ علی حیدر سلیمان، المصدر السابق، ص 253 .

(2) رایخ واتا پەرلەمان، كورت كراوەی ناوی رایخشتاخە .

(3) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 31 .

(4) عمر عبدالعزیز عمر و محمد علي الفوزي، دراسات في تاریخ اوروبا الحدیث و المعاصر 1815–1950، دار النهظة العربیة، بیروت: 1999 . ص 196؛ علی حیدر سلیمان، المصدر السابق، ص 246 .

(5) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 31 ؛ مفید زیدی، المصدر السابق، ص815 .

پەرلـەمانی بەریتانیا بوو، بەلاّم لـە ناوەڕۆکدا زۆر جیاواز بوو، چونکە رایخی ئەڵمانی هیچ دەسەلاّتێکی سیاسی نەبوو، پروسیا لـەو ئەنجومەنەش 235 دەنگی هەبوو لـەکۆی397 دەنگ[1].

به هەر حالّ دەسەلاّتی یاسادانان و دەرکردنی یاساکان تایبەت بوو بەو دوو ئەنجومەنە، بەلاّم ئەنجومەنی بندسرات دەسەلاّتەکانی زۆرتربوون لـە رایخیشتاخ، کە رایخ تەنیا یاساکانی ئامادە دەکرد، پاشان بەرزی دەکردەوە بۆ بندسرات، بۆ ئەوەی خوێندنەوە و چاوپێخشاندنەوەی بۆ بکات، پاشان بندسرات بەرزی دەکردوە بۆ ئیمپراتۆر تاکو پەسندی بکات، هیچ یاسایەك نەدەبوو بە یاسا تەنیا بە رەزامەندی بندسرات نەبیّ، هەروەها دەی توانی بڕیار لـەسەر پەسندکردنی ڕێککەوتنەکان و هەڵوەشاندنەوەی رایخ بدات هەر کاتێك ئیمپراتۆر داوای بکات، هەروەها لـە توانایدا هەبوو داوای گۆڕانکاری لـە دەستوردا بکات و هەمواری بکاتەوە بەلاّم رایخ جگە لـە ئامادەکردنی یاساکان، تەنیا دەیتوانی رەزامەندی لـەسەر پەسەندکردنی بودجە بدات و هیچ دەسەلاّتێکی تری نەبوو[2].

بەلاّم هەرچی دەسەلاّتی جێبەجێکردن بوو، تایبەت بوو بە وەزارەت کە لـەبەردەم ئیمپراتۆر لێپرسراوبوو، ئیمپراتۆر(کە بە قەیسەر ناسراوبوو) دەسەلاّتێکی فراوانی هەبوو، بەلاّم لـە هەموو شتێکیش دەست کراوە نەبوو، دەستور دەسەلاّتی ئەوەی بە قەیسەر دابوو داوای کۆبوونەوە لـە هەردوو ئەنجومەن بکات، هەروەها قەیسەر ڕاوێژکاری دیاری دەکرد و مافی ئەوەشی هەبوو لایبدات هەرکاتێك بیەوێت، بیّ ئەوەی پرس بە ئەنجومەنەکان بکات، هەروەها ئیمپراتۆر سەرکردایەتی هێزی چەکدار و کەشتی گەلی دەکرد، هەروەکو سەرکردایەتی سیاسەتی دەرەوەی ولاّتی دەکرد، ئەمە جگەلـەوەی بالّیۆزەکان و سەرکردەکانی سوپا و گەورە کاربەدەستان لـەلایان ئیمپراتۆرەوە دیاری دەکران، هەروەها هەلّدەستا بە بەستنی هاوپەیمانی و ڕێککەوتننامە لـەگەلّ ولاّتان، و بەرەزامەندی بندسرات دەی توانی جەنگ ڕابگەیەنێت و پەیمانی ئاشتی ببەستیّ و رایخیشتاخیش هەلّبوەشێنێتەوە[3].

بەلاّم ڕاوێژکار کە لـەبری سەرۆك وەزیران بوو، وەزیرەکانی دیاری دەکرد، وەزیرەکانیش لـەبەردەم ڕاوێژکار بەرپرسیاربوون، بەلاّم ڕاوێژکار تەنیا لـەبەردەم ئیمپراتۆر لێپرسراوبوو، هیچ کام لـە ئەنجومەنەکان نەیان دەتوانی لێپرسینەوەی لـەگەلّ بکەن، هەر ئەمەش وایکردووە زۆربەی مێژوونووسان ڕژێمی حوکمی ئەلّمانی زیاتر بە ئۆتۆکراتی دابنێن نەوەك پەرلـەمانی[4].

ڕاوێژکار کە بسمارك بوو دەسەلاّتێکی ڕەهای هەبوو لـە ئەلّمانیا لـە ماوەی نێوان سالاّنی (1871- 1890)دا، کۆنتڕۆلّی سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی ولاّتی کردبوو، لـە هەولّی ئەوەشدابوو هەر

---

(1) محمد محمد صالح، نفسة المصدر، ص 32-34 .

(2) نفسة المصدر، ص 32 ؛ مفيد زيدى، المصدر السابق، ص 815 .

(3) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 32-33 ؛ على حيدر سليمان، المصدر السابق، ص 253 .

(4) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 32-33 ؛ فيشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 260-261 .

لە بانکەکانەوە تاکو بندسرات هەموو شتێك بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، دەتوانین حوکمی بسمارك ناوبنێین ڕژێمێکی ئۆتۆکراتی لە چوارچێوەی حوکمێکی پەرلەمانیدا، ئەگەرچی دەسەڵاتی بسمارك تاکڕەوانەبوو بەڵام بسمارك دکتاتۆر نەبوو، چونکە بسمارك پەیوەست بوو بە هەردوو ئەنجومەنی بندسرات و رایخشتاخەوە، رایخشتاخ کە چوارچێوەیەکی دیموکراسی هەبوو، نوێنەری چەندین پارتی تێدابوو، لە سەر بسمارك پێویست بوو ڕێز لە بیروبۆچونیان بگرێت، ئەگەر بیەوێت حوکمی ئەڵمانیا بکات، بەوشێوەیەی کە خۆی دەیەوێت[1].

لەو کاتەدا چەندین پارتی سیاسی لە کێبڕکێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکانی رایخشتاخ، کە پێنج ساڵ جارێك هەڵبژاردنی بۆ دەکرا، گرنگترین ئەو پارتانەی کە لەسەر ئاستی نیشتمانی ناویان هەبوو، بریتی بوون لە: 1- پارتی پارێزگاران: ئەم پارتە گوزارشتی لەچینی ئەرستۆکرات و خاوەن زەویەکانی پروسیا دەکرد، فکرەی پارتەکە بریتی بوو پشتگیریکردنی خاوەن زەویەکان و دەسەڵاتی ئوتۆکراتی و سوپا و کڵێسای لۆسەری پرۆتستانتی، ئەم پارتە لە ڕووی جەماوەریەوە لە پلەی چوارەم بوو لە ناو پارتەکانی ئەڵمانیا.

2- پارتی پارێزگارانی ئازادیخواز: ئەم پارتە لە ڕووی جەماوەریەوە سێیەم پارتبوو لە ئەڵمانیا، کە گەورەترین پشتگیری بسمارك بوو لە رایخی ئەڵمانی، ئەندامانی ئەم پارتە پێکهاتبوون لە خاوەن زەیەکانی دەرەوەی پروسیا، کە خاوەنی سەرمایە و پیشەسازی بوون بەتایبەتی لەناوچەی راین، ئەم پارتە لە ڕووی فیکرەوە زۆر نزیك بوو لە پارتی پارێزگاران، بۆیە دواتر لەگەڵ پارتی پاریزگاران یەکیان گرتەوە.

3- پارتی ئازادیخوازان: بەهێزترین و گەورەترین پارتی ئەڵمانیابوو، ئەم پارتەش زۆر پشتگیری بسمارك بوو، ئەندامەکانی بریتی بوون لە گەورە خاوەنانی پیشەسازی و دانیشتوانی شارەکان لە بازرگان و خاوەن سەرمایەکان، کەبەهۆی یەکێتی ئەڵمانیاوە دەرفەتی فراوانکردنی بازرگانی و پیشەسازییان بۆ رەخسابوو.

4- پارتی پێشکەوتنخواز: ئەمە پێنجەمین پارتی بەهێزی ئەڵمانیابوو، داوای ژیانی پەرلەمانی ڕاستەقینە و دیموکراسی دەکرد، هەروەها ئەم پارتە خوازیاربوو حکومەت ژیانی کرێکاران و خوێندن و پەروەردە ڕێکبخات، ئەم پارتە لە زۆربەی کاتەکان نەیاری سیاسەتەکانی بسمارك.

5- پارتی ناوەند (کاسۆلیك): دووەم پارتی بەهێزی ئەڵمانیابوو، لە سەربنەمایەکی ئاینی دامەزرابوو، ئامانجی پارێزگاریکردن بوو لە کاسۆلیکەکانی ئەڵمانیا، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەڵمانیا پرۆتستانتی لۆسەری بوون[2].

6- پارتی سۆسیال دیموکرات: ڕەگوڕیشەی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی (فردیناد لاسال) لە ساڵی (1863) ڕێکخراوی گشتی کرێکارانی پێکهێنا، لاسال بڕوای بە دیموکرسی و ژیانی پەرلەمانی هەبوو، هەروەها پێی وابوو لەڕێی پەرلەمانەوە دەکرێت چەند یاسایەك دابنرێت بۆ چاککردنی ژیانی کرێکاران،

---

(1) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 34 .

(2) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بەرنامەی هەریەك لەو پارتانە بروانە: محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص34-38.

دوای مردنی لاسال لە ساڵی (1864) بەشێك لە لایەنگرانی کەوتنە ژێرکاریگەری مارکس، کە لەساڵی (1864) یەکەم کۆمەڵەی کرێکارانی بۆدژایەتیکردنی حکومەت دامەزراندبوو، بەڵام لە ساڵی (1875) لە کۆنگرەیەکی گەورەدا هەردوو گروپەکە یەکیان گرتەوە و پارتی سۆسیالیستیان دامەزراند، کە پاشان بە پارتی سۆسیال دیموکرات ناسرا[1] .

ئەوەی جێگای ئاماژەیە بسمارك خۆی بەهیچێك لەو گروپ و پارتانە پەیوەست نەکردبوو، بەڵکو بە پێی وەزیفەکەی کە سەرۆکی حکومەت بوو، بۆ ئەوەی بڕیارەکانی زۆرینەی رایخشتاخ بەدەست بهێنێت بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتەکاندا دروستدەکرد،و بەگوێرەی بارودۆخ و کاتەکان لەو پارتانە نزیك دەبۆوە، بۆ نمونە لە کاتی ململانێ لە گەڵ پاپا و کاسۆلیکەکاندا لە پارتە لیبراڵەکان نزیك بۆوە، بە تایبەتی لەهەردوو پارتی پارێزگارانی ئازادیخواز و پارتی ئازادیخوازان، بەڵام دواتر کە لە ساڵی 1879دا کێشەکانی لە گەڵ کاسۆلیەکان چارەسەرکرد و بڕیاری پاراستنی کومرگی ڕاگەیاند، لێرەوە لە پارتە پارێزگارەکان نزیکبۆوە لە ناویشیاندا پارتی ناوەندی کاسۆلیك[2].

لەگەڵ بوونی پەرلەمان و ئەنجومەنی ویلایەتەکانیشدا، بەڵام هێشتا سانسۆر و چاودێری لەسەر ڕۆژنامەگەری و بیرو ڕای ئازاد هەر هەبوو، دەبێ ئەوەش بزانین گەلی ئەڵمانی بەو دەسەڵاتە تاکڕەویە رازی بوون و گوێڕایەڵیان دەکرد و پێوەی پابەندبوون، چونکە ئەوان سەربەرزی نەتەوەیان پێ لە هەموو شتێك گرنگتر بوو، و گۆشکرابوون بەو دروشمەی کە دەبێت گەلی ئەڵمانی لەسەرووی هەموو نەتەوەکانیترەوە بێت[3]، هەروەها بسمارکیش گرنگی بە پرەنسیپەکانی ئازادی نەدەدا و پێی وابوو زۆر ئاسانە کە پرەنسیپی تر جێگایان بگرێتەوە، بەرزی نەتەوەیی لای ئەو لە هەمووشتێك گرنگتربوو، لە چاوەی بسمارك وڵات واتای هێزبوو، و وڵات تەنیا لە ڕێگای هێزەوە دەتوانێ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی بکات، بەتایبەتی ئەگەر فەرەنسا بیەوێت تۆڵەی خۆی لە ئەڵمانیا بکاتەوە، هەر بۆیە دەبینین سوپایەکی بە هێزی ئامادەکرد، بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆکاتی لەناکاو، هەروەها ماوەی بەزۆر سەربازی کردنی بەرزکردەوە بۆ 7 ساڵ و سوپای ئامادەی لە کاتی ئاشتی بۆ 400هەزار سەرباز بەرزکردەوە، دواتر لە ساڵی 1887دا داوایەکی بەرزکردەوە بۆ رایخشتاخ تاکو سوپا بەرزبکاتەوە بۆ 700هەزار، و ئەو سوپایەی بە پێشکەوتوترین چەك و کەلوپەلی جەنگی تەیارکرد، تاوای لێهات ئەڵمانیا بوو بە خاوەنی بەهێزترین هێزی سەربازی ئەوروپا، کە هیچ هێزێك نەتوانی شان لە شانی بدات[4].

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص37–38.

[2] نفسة المصدر، ص 34.

[3] مفید زیدی، المصدر السابق، ص 815 .

[4] فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 240 و ل368 ؛ محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 33 .

## سیاسەتی بسمارك بەرامبەر كاسۆلیكەكان

پەیوەندی بسمارك و كاسۆلیكەكان باش نەبوو، ئەم كێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كاتەی لە ساڵی (1864) پاپا بیۆسی نۆیەم بڵاوكراوەی گومڕایی[1]بڵاوكردەوە، كە تیایدا هێرشی كردە سەر عەلمانیەت و شارستانیەتی نوێی ئەوروپا، زۆرینەی كاسۆلیكەكانی ئەڵمانیا كە لە ناوچەی ڕاین و ویلایەتەكانی باشوور زۆرینە بوون، پشتگیری بڵاوكراوەكەی پاپایان كرد، بەڵام پرۆتستانتەكان و بسمارك و زۆرینەی ئازادی خوازان ئەو بڵاوكراوەی پاپایان بە مەترسی لە سەر ئاشتی و یەكێتی ئەڵمانیا دانا، ئەم كێشەیە كاتێك پاپا هەوڵی دا كاسۆلیكەكانی ئەڵمانیا هان بدات دژی دانپیانانی بسمارك بە حكومەتی ئیتالیا[2] زیاتر قوڵ و ئاڵۆزبوو، بسماركیش ئەو كارەی پاپای بە دەست خستنە ناوی كاروباری ئەڵمانیا دادەنا، بۆیە ویستی سنورێك بۆ دەست تێوەردانەكانی پاپا دابنێت[3]

ئەگەرچی جەنگ لە ساڵی (1870) دەستی پێكرد، بەڵام تا ساڵی (1872) بسمارك هیچ كارێكی ئەوتۆی نەكرد، بەڵام لە (1872)دا دەستی كرد بە پلانەكەی دژی پاپا و كاسۆلیكەكان، كە بە شەڕی مەدەنیەت یاخود شەڕی ڕۆشنبیری ناسراوە، بسمارك سەرەتا هەستا بە دەركردنی یەسوعیەكان لە ئەڵمانیا، دواتر پەیوەندیە دیبلۆماسیەكانی پچڕاند لە گەڵ ڤاتیكان، هەروەها لە ماوەی مایسی (1873) تاكو مایسی (1874) چەندین یاسای دەركرد كە بە یاساكانی مایس ناسربوون، كە تیایدا هاتبوو نابێ هیچ پیاوێكی ئاینی لە كڵێساكانی كاسۆلیكی دابمەزرێ تەنیا ئەڵمانی نەبێ و دەبێت دەرچووی زانكۆ و قوتابخانەكانی ئەڵمانیا بێت، و بەر لە دامەزراندنیان تاقیكردنەوەی تایبەتیان پێ دەكرێت لە لایان حكومەتەوە، دەبێ دەربچێت، هەروەها هاوسەرگیری شارستانی ڕاگەیاند و بەشی كاسۆلیكی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لابرد، بەڵام لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا پارتی كاسۆلیكی كە لە ساڵی (1870)دا دامەزرابوو، ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەكردن دابوو، چونكە هەموو كاسۆلیكەكان و نەیارەكانی بسماركیش پشتگیریان دەكرد، بۆیە ئەو پارتە لە هەڵبژاردنی(1874)دا (90) كورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا، دواتر دوای ئەوەی بسمارك بۆی دەركەوت، مەترسی سۆسیالستەكان زیاترە لە مەترسی كاسۆلیكەكان، لە ساڵی (1878) لە گەڵ كاسۆلیكەكان ڕێككەوت بۆ ئەوەی لە سۆسیالستەكان بدات، هەر لەو ساڵەشدا پاپا بیۆسی نۆیەم مردو لیۆی سێزدەهەم جێگای گرتەوە، كە زیاتر لە باپیری میانڕەوتربوو، دواتر لە ساڵی (1880) رایخ داوای لە حوكمەت كرد ئەو بەربەستانە لە بەردەم پیاوانی ئاینی كاسۆلیكی لابدات كە بەهۆی یاساكانی مایسەوە

---

(1) بۆ زانینی ناوەڕۆكی بڵاوكراوەكە بگەڕێوە بۆ محمد محمد صالح، نفسة المصدر، ص 38–39.

(2) بسمارك دانینا بەوەی ئیتالیا دەست بەسەر ڕۆما و مومتەلەكاتی پاپا دا بگرێت.

(3) احمد صالح عبوش و عمر رشید زنكنة، المصدر السابق، ص123 ؛ http://ar.wikipedia.org .

دانرابوون، هەروەها پەیوەندی دیبلۆماسی دروست بۆوە لە نێوان بەرلین و ڤاتیکان، بەم شێوەیە بسمارك لە دژایەتی کردنی کاسۆلیکەکان شکستی هێنا[1].

## سیاسەتی بسمارك بەرامبەر: سۆسیالیستەکان و کەمە نەتەوەکان

لە ژێرباری پیشەسازی نوێ بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە ئەڵمانیا دەرکەوت، بۆ پارێزگاریکردن لە مافی کرێکاران، بۆیە دەبینین جگە لە سەندیکای کرێکاران پارتی سۆسیالت دیموکراتیش هەبوو لە ئەڵمانیا[2].

بزوتنەوەی سۆسیالیستی ڕۆژ بەڕۆژ لە فراوانبووندابوو، تەنانەت توانی لەهەڵبژاردنی ساڵی (1878)دا (12) کورسی لە رایخ بە دەست بێنێت، پاشان سۆسیالیستەکان دەستیان کرد بە هاندانی کرێکاران دژی حکومەت، بۆیە مەترسیان لە سەر حکومەت ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبوون دابوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی هەوڵی تیرۆرکردنی ئیمپراتۆریاندا، بۆیە بسمارك کۆتایی بەدژایەتی کردنی کاسۆلیکەکان هێنا بۆ دەست والابوون بۆ لێدانی سۆسیالیستەکان، سەرەتا پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، پاشان هەڵبژاردنی نوێ کرا، زۆربەی ئەندامە نوێ کانی پەرلەمان پشتگیری بسمارکیان کرد بۆ لێدانی سۆسیالیستەکان، بۆیە بسمارك چەندین یاسای دەرکرد بۆ لە ناوبردنی سۆسیالیستەکان، سەرەتا فرمانی کرد بە قەدەغە کردنی کتێب و ڕۆژنامە و بلاوکراوەی سۆسیالستەکان و کۆکردنەوەیان لە بازاڕەکان، پاشان فەرمانی دا بە دەرکردن و گرتنی سۆسیالیستەکان بەبێ ئەوەی لە دادگایەکی مەدەنی دادگایی بکرێن، بەلام لە گەڵ ئەوەشدا سۆسیالیستەکان بەرگریەکی توندیان لە خۆیان کرد و بەردەوام بوون لە بلاوکردنەوەی بەرنامە کانیان لەناو کرێکاران، بەم شێوەیە بسمارك بە سیاسەتی توندوتیژ بەرامبەر سۆسیالیستەکان شکستی هێنا[3]، پاشان بسمارك ڕویکردە ئەو سیاسەتەی کە دەڵێ"شەڕی دوژمنەکەت بکە بە هەمان چەکی خۆی" بۆیە بسمارك ناچاربوو بیرو باوەڕی سۆسیالیستەکان وەربگرێت و ئەو بەشە لابدات کە لەگەڵ نەتەوەیی ناگونجێ، ئەوەی تر خۆی جێبەجێی بکات، بۆیە دەبینین لە نێوان ساڵەکانی (1883–1889)، بسمارك چەندین یاسای کۆمەلایەتی[4] دەرکرد، کە تایبەت بوون بە مافی کرێکاران، بەم شێوەیە بسمارك بەشێکی زۆر کرێکارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەلام لە گەڵ ئەوشدا نەی توانی بەتەواوی کرێکاران لە پشتگیری سۆسیالیستەکان دوربخاتەوە[5].

سەبارەت بە پەیوەندی بسمارك لەگەڵ کەمە نەتەوەکانی ئەڵمانیا، ئەوە پەیوەندیەکی باش نەبوو، لەو کاتەدا لە ئەڵمانیا کەمینەیەکی نەمسایی و فەرەنسی و دانیمارکی و پۆڵندی هەبوون، کە بسمارك

---

[1] احمد صالح عبوش و عمر رشید زنکنة، نفسة المصدر، ص 124 ؛ کارلتون هیز، المصدر السابق، ص 382– 383 ؛ http://ar.wikipedia.org.

[2] جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 503 ؛ علی حیدر سلیمان، المصدر السابق، ص 255 .

[3] کارلتون هیز، المصدر السابق، ص 384 ؛ احمد صالح عبوش و عمر رشید زنکنة، المصدر السابق، ص 125–126 .

[4] لە تەوەری دواتر ( بەناوی لایەنی کۆمەلایەتی) باسی یاساکان دەکەرێت .

[5] جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 503 ؛ http://ar.wikipedia.org .

سیاسەتێکی توندی بەرامبەریان هەبوو، بە تایبەتی بەرامبەر پۆڵندیەکان، کە بسمارك دەیویست زمانی ئەڵمانیان بەسەردا بسەپێنێت، و خاوەنداریەتی زەویە کشتوکاڵیەکانیان بگوازێتەوە بۆ ئەڵمانیەکان، ئەم سیاسەتەش هەستی جیاخوازی پۆڵندیەکانی بەرامبەر ئەڵمانیایەکان زیاترکرد[1]، هەرچی لە بارەی جولەکەکانەوەیە، ئەگەرچی بسمارك خۆشی لە جولەکەکان نەدەهات، بەڵام لە بەر چەند هۆکارێکی سیاسی و ئابووری بسمارك هیچ هێرشێکی نەکردە سەریان[2].

## تەوەرەی سێیەم: لایەنی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیا لە سەردەمی بسماركدا

بەهەمان شێوەی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری، ئەڵمانیا لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لەو ماوەیەدا، ڕاوێژکار بسمارك لەم لایەنەشدا چەندین چاکسازیی گەورەی ئەنجامدا، کە ئەستەمە ئەو پێشکەوتنانە بپێورێن کە گەلی ئەڵمانی لە ماوەی نۆزدە ساڵ ڕاوێژکاری بسماركدا بەدەستیان هێنا.

ئەگەر سەرەتا بارودۆخی چینەکانی کۆمەڵگا بێنینە بەرچاومان، ئەوە دەبینین لەو کاتەدا بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیەوە دیمەنێکی کارەساتباری خەماویت دەبینی لە ژیانی کرێکاران، کە بەهۆی چاو چنۆکی خاوەنکارەکانەوە دروستبووبوو، کە تەنیا گرنگیان بە بەرژەوەندی خۆیان دەدا و ژیانی کرێکارانیان لا گرنگ نەبوو، بەڵام بسمارکی داهێنەر و لێهاتوو لەوە زاناتربوو کە پشت لەو کێشانەبکات و ڕێگا بە خاوەنکارەکان بدات کرێکارەکان بچەوسێننەوە[3]، بۆیە لە هەشتاکاندا هەستا بە دانانی زنجیرە یاسایەك بۆ ڕێکخستن و باشکردنی ژیانی کرێکاران و دورخستنەوەیان لە سۆسیالیستەکان بەم ڕێگایە، ئەوەبوو لە ساڵی (1883–1884) چەند پرۆژە یاسایەکی دا بە رایخ، کە لە ڕێگای ئەم یاسایانەوە دەستەبەری ژیانی کرێکارانی کرد دژی نەخۆشی و ڕووداوی لەناکاو، خاوەن کارەکانیشی ناچارکرد بەژداری بکەن لە خەرجی ئەو پرۆژە یاسایە، هەروەها لە ساڵی (1887)دا بسمارك چەند یاسایەکی تری دانا کە بەهۆیەوە سعاتەکانی کاری بۆ منداڵان و ژنان کەمکردەوە، و سنوری بۆ هەندێك کاری قورسی پیشەسازیش دانا، هەوەها ڕۆژی یەك شەممەی وەکو ڕۆژی پشوو دیاری کرد، هەروەکو لە ساڵی (1889)دا هەستا بە دانانی یاسایەك بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی کرێکاران دژی پیری و پەککەوتەیی، ئەمەش لە ڕێگای پێدانی موچەیێکی خانەنشینی، بەهۆی ئەم یاسایانەوە ئەڵمانیا بووە پێشەنگی وڵاتە ئەوروپیەکان، کە لە دواتردا بریتانیا و فەرەنسا و وڵاتانی تریش لاسایی ئەڵمانیایان کردەوە[4].

---

[1] کارلتون هیز، المصدر السابق، ص 384 ؛ http://ar.wikipedia.org .

[2] کارلتون هیز، المصدر السابق، ص 385 .

[3] عبدالعزیز رفاعی، الحضارة الاوربیة الحدیث من عصر النهضة حتی نهایة القرن التاسع عشر، الطبعة الاولی، مکتب الجامعات للنشر، القاهرة، 1959، ص474–475.

[4] محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 43 ؛ کارلتون هیز، المصدر السابق، ص 387 .

هەرچی لەبارەی بارودۆخی ئاینی ئەڵمانیایە ئەوە دەبینین کێشەیەکی گەورەی ئاینی لە کۆمەڵگەی ئەڵمانی دا هەبوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆربەی کۆمەڵگەی ئەڵمانی مەسیحی لۆسەری بوون، بەڵام کاسۆلیکەکان لە ویلایەتەکانی باشوور و ناوچەی راین زۆرینەبوون، بۆیە دوای ئەوەی کێشە و ململانێ لە نێوان بسمارك و پاپا بیۆسی حەوتەم سەری هەڵدا، ئەمەش کۆمەڵگەی ئەڵمانی توشی ململانێ و ناکۆکی ناوخۆیی کرد، چونکە لۆسەریەکان کاسۆلیکەکانیان تۆمەتباردەکرد کە هەستی نیشتمانیان نیە و خۆیان بە پاپای ڤاتیکان بەستۆتەوە، هەروەکو پێشتریش باسمانکرد بسمارکیش چەندین یاسای دژی کاسۆلیکەکان دەرکرد بەمەش ناکۆکیەکە قوڵتربوو، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بەرەبەر کێشەکانی نێوان بسمارك و کاسۆلیکەکان کۆتایی هات، تا لە کۆتاییدا لە ساڵی (1886) زۆربەی یاساکانی دژە کاسۆلیکی لەلایەن رایخ ڕەتکرانەوە، بەمەش کۆتایی بەم کێشە گەورەیە هات(1).

سەبارەت بە لایەنی زانستی و ڕۆشنبیر ئەوە دەبینین لەو ماوەیەدا ئەڵمانیا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، چونکە بسمارك خوێندنی گشتی لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست بنیادنا، پاشان لەو ماوەیەدا قوتابخانە و زانکۆی زۆر کرانەوە، کە گرنگیان بە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی زانست دەدا، ئەمە وێڕای ئەوەی نامە زانستیەکان کە ساڵانە دەردەچوون زۆر و سەرسوڕهێنەر بوون، و تەواوکەری گەلی ئەڵمانی بوون، کە بەوە ناسرابوون " هیچ گەلێك ناگاتە ئەڵمانیەکان لە زۆری و سوربوونیان لە سەر خوێندنەوە"(2)، هەر لە بارەی پێشکەوتنی زانستی و رۆشنبیر ئەڵمانیا ئەوە دەبینین دوای پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی(3) پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە ئابووری و زانستی و سیاسیە دەگرێتەوە کە ئەڵمانیا لەم ماوەیەدا بەدەستیهێنا، هەروەها لێرە بەدواوە ئەڵمانیا چاوی بڕیە فراوانخوازی لە دەرەوە بەتایبەتی رۆژهەڵات، بۆیە پێویست بوو شەرەزایی تەواو لەسەر رۆژهەڵات پەیدابکەن، بۆیە لە ساڵی(1887) قوتابخانەی زمانە رۆژهەڵاتیەکان لە برلین کرایەوە، کەچەندین مامۆستای گەورە وانەیان تیادا دەوتەوە، کە ئەم قواتبخانەیە چەندین خوێندکاری پسپۆری لەبواری رۆژهەڵاتناسیان پێگەیاند، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لە پێشخستنی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی(4).

---

(1) محمد محمد صالح، المصدر السابق، 38–40 ؛ تابان صباح پیرباڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل335.

(2) فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 368 .

(3) رۆژهەڵاتناسی تەوژمێکی فکریە، لەو لێکۆڵینەوانە ڕەنگی داوەتەوە کە رۆژئاوایەکان لە سەر رۆژهەڵات و گەلانی موسڵمان کردویانە، لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی گەلانی رۆژهەڵات وەکو لێکۆڵینەوە لە زمان و مێژوو و دابونەریت و شارستانیەتی رۆژهەڵات، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: کاوە هاوڕاز، رۆژهەڵاتناسی لەنێوان ستراتیژی داگیرکاری و ئایدەلۆژیای ستەمدا، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هولێر، 2003، ل8.

(4) سامان حوسێن ئەحمەد، کورتەیەك دەربارەی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی، دەربارەی رۆژهەڵاتناسیی، ئامادەکردنی سەلام عبدولکەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2013، ل299.

## باسی سێ یەم: سیاسەتی دەرەوەی بسمارك (1871-1890)

هەروەکو چۆن لە مەیدانی جەنگدا بسمارك بلیمەتێکی سەرسورهێنەربوو، بە هەمان شێوە لە کاری دیبلۆماسی و دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی وڵاتانی بەرامبەر و قۆستنەوەی هەلەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی سیاسیەکی گەورەبوو، بۆیە لە ماوەی نۆزدە ساڵ ڕاوێژکاریی بسماركدا سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا وەك دەسەڵاتێکی باڵا دەست لە ئەروپادا ڕۆڵێکی چارەنووسسازی دەگێڕا، هەر ئەو ڕۆڵە گەورەیەی بسمارك وای لە زۆرێك مێژوونووسان کردوە ئەم ماوەیە بە ناوی بسمارکەوە ناو ببەن[1].

سیاسەتی دیبلۆماسی بسمارك لەو ماوەیەدا زیاتر خۆی لە بە دەست هێنانی چەند مەبەستێك دا دەبینیەوە، لە سەرووی هەموویانەوە پاراستنی بارودۆخی ئاشتی ئەوروپا یان ڕوونتر بڵێین پاراستنی دەستکەوتەکانی خۆی، چونکە بسمارك دوای سەرکەوتن لە پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا نیازی ئەوەی نەبوو هیچ شەڕێکی تر هەڵگیرسێنێت و سەرکەوتنی تر بەدەست بهێنێت[2]، هەروەها بسمارك دەیویست هەموو ئەوروپا بهێنێتە سەر سیاسەتی ئەڵمانیا، ئەمە وێڕای ئەوەی دەیویست پەیوەندی دۆستانەی هەبێت لەگەڵ هەموو وڵاتانی ئەوروپا، هەر بۆیە هەموو هەوڵ و توانای خۆی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی ئاخۆ چۆن دەتوانێ دۆستایەتی روسیا بە دەستبهێنێت بە بێ ئەوەی بریتانیا تووڕە بکات، و دۆستایەتی نەمسا بە دەست بهێنێت بەبێ ئەوەی روسیا تووڕە بکات[3]، لە لایەکی ترەوە بسمارك دوای سەرکەوتنی بەسەر فەرەنسا لە ساڵی (1870–1871)دا و دابڕینی ناوچەی ئەلزاس و لۆرین لە فەرەنسا، لەوە دڵنیابوو کە فەرەنسا ئەو سوکایەتیە قبوڵ ناکات و هەمیشە هەوڵی تۆڵەکردنەوەی ئەو سوکایەتیانە دەدات کە بسمارك بەرامبەریانی کردووە، بۆیە یەکێکی تر لە ئامانجە گرنگەکانی بسمارك لاوازکردن و دابڕینی فەرەنسا بوو لە وڵاتانی دەرەوە، لەوکاتەدا بسمارك دڵنیا بوو فەرەنسا ناتوانێ بە تەنیا هێرش بکاتە سەر ئەڵمانیا، چونکە سوپایی فەرەنسا لە ئاست بەهێزی سوپای ئەڵمانیا دا نەبوو، بەڵام بسمارك لەوە دەترسا فەرەنسا لە ڕێگایی بەستنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە مەترسی بۆ سەر ئەڵمانیا دروست بکات، هەر بۆیە بسمارك پەنای بردە بەر چەندین هاوپەیمانیەتی لەگەڵ وڵاتانی تری ئەوروپا، کە بەمەش زیاتر ئامانجی گۆشەگیرکردنی فەرەنسا بوو، بۆ ئەوەی نەتوانێ بیر لە تۆڵە کردنەوە بکاتەوە لە ئەڵمانیا[4]، لەم سۆنگەیەشەوە چەندین هاوپەیمانی بەستران، کە ئەم سیاسەتی هاوپەیمانی بەستەنە بە سیاسەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ناسراوە.

---

(1) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل112.

(2) هەمان سەرچاوە، ل 113.

(3) فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 359.

(4) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 7.

## تەوەرەی یەکەم: گرنگترین هاوپەیمانەتیە نێو دەوڵەتیەکان (1871-1890)

1. **کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆریەکە (1872):**

لە ساڵی (1872) بسمارك بانگی هەریەکە لە (فرانسس جۆزێف) ئیمپراتۆری نەمسا–مەجەر و (ئەسکەندەری دووەم)ی قەیسەری روسیای کرد بۆ بەرلین لەوێ بە ئامادەبوونی (ولیەمی یەکەمی)ی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا بە بێ بەستنی هیچ هاوپەیمانەتیەك هەرسێ ئیمپراتۆرەکە رێککەوتن کە بارودۆخی باوی ئەوروپا بپارێزن، و دژی هەموو بیرو باوەڕ و ڕاپەڕینە شۆڕشگێریەکان بوەستنەوە کە هەڕەشەبێت بۆ سیستەمی حوکمی هەریەك لەو وڵاتانە[1]، دواتر پەیوەندی و متمانی نێوان سێ ئیمپراتۆرەکە زیاتر بوو ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی دواتردا بسمارك بە هاوەڵی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا سەردانی روسیای کرد، لەو سەردانەدا ڕێکەوتنێکی سەربازی نهێنی لە نێوان روسیا و ئەڵمانیا مۆرکرا، کە تیایدا هاتبوو ئەڵمانیا (200) هەزار سەرباز دەنێرێت بۆ هاوکاری روسیا ئەگەر روسیا لە لایەن وڵاتێکی تری ئەوروپاوە هێرشی کرایە سەر، و روسیاش هەمان هاوکاری پێشکەش بە ئەڵمانیا دەکات ئەگەر ئەڵمانیا لەلایەن لایەنی سێیەمەوە هێرشی کرایە سەر، لە هەمان ساڵیشدا قەیسەری روسیا سەردانی ڤیەننای پایتەختی نەمسای کرد، و هەر دوو لایەن لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە لە داهاتوودا گفتوگۆ و ڕاوێژ بکەن لەسەر ئەو کێشانەی پەیوەندی بە بەرژەوەندی ئەو دوو دەوڵەتەوە هەیە، و لە داهاتووشدا هاوکاری یەکتر بکەن ئەگەر هێرشکرایە سەر هەریەك لەو دوو وڵاتانە لە لایەن لایەنی سێیەمەوە، بەڵام هیچ ڕێککەوتنێکی سەربازی لە نێوانیاندا مۆرنەکرا، دواتر ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیاش بەم ڕێکەوتننامەیە رازی بوو، بەم شێوەیە کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆرەکە لە ساڵی (1873) بەتەواوەتی دامەزرا[2].

لە ڕاستیدا هاوپەیمانیەتی ئەڵمانیا لەگەڵ نەمسا کارێکی قورس نەبوو، چونکە نەمسا سەرەڕای شکستی لە شەڕی سادوای (1866)، بەڵام لە بیری تۆڵەکردنەوەی ئەو شەڕە نەبوو، بە پێچەوانەوە لە دوای ئەو شکستە نەمسا روویکردە ناوچەی بەلقان و تێکەڵ بەکێشەی ڕۆژهەڵات بوو، ئەڵمانیاش لەو کاتەدا تاکە هێزی ئەوروپا بوو کە چاوی لە ناوچەی بەلقان نەبوو، بۆیە نەمسا پێویستی بە پشتگیری ئەڵمانیا هەبوو بۆ ئەوەی مەبەستەکانی لە بەلقان بهێنێتە دی، ئەمە وێڕای ئەوەی بسمارك کاتێك لە ساڵی (1866) بەسەر نەمسادا سەرکەوت هیچ سوکایەتیەکی بە نەمسا نەکرد و پێچەوانەی خواستی ئیمپراتۆر و سەرکردە سەربازیەکان وەستایەوە کە دەیانویست سوکایەتی بە نەمسا بکرێت، لێرەشدا بسمارك بەرهەمی

---

[1] محمد محمد صالح و أخرون، الدول الكبرى بين الحربين العالمين(1918  1939) وزارة تعليم الحالى و البحث الحلمى، جامعة بغداد، دون تأريخ، ص12–13.

[2] عمر عبدالعزيز عمر و محمد الفوزى، المصدر السابق، ص 206.

ئەو دووربینییەی چنیەوە و دۆستێکی وەکو نەمسای بە دەست هێنا، کە ئەم دۆستایەتیە تا ساڵی (1918) بەردەوام بوو[1].

هەرچی لە بارەی روسیایە ئەوە بسمارك سودی لەو پەیوەندییە دۆستانەیە وەرگرت کە بەر لە یەکێتی ئەڵمانیا لە نێوان روسیا و ئەڵمانیادا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندی ئابوری بەهێز لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەبوو کە ئەڵمانیا سەرمایەیەکی زۆری پیشەسازی ڕستن و چینی لە روسیادا خستبووە گەڕ، بەڵام خاڵی لاوازی ئەم دۆستایەتیەی نێوان روسیا و ئەڵمانیا ئەوە بوو کە بەرژەوەندی نەمسا و روسیا لە بەلقان دژ بەیەك بوون، بۆیە ئەڵمانیا دەبوو لەم دوو وڵاتە یەکێکیان هەڵبژێرێت و پشت لەوەی تریان بکات، هەر ئەمەش هۆکاری تێکچوونی هاوپەیمانیەکە بوو لە کۆتاییدا[2].

هەر زوو لاوازی لە کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆرەکە دەرکەوت، ئەمەش ئەو کاتە بوو کە بسمارك یاداشتێکی هەڕەشە ئامێزی دا بە فەرەنسا، گوایە فەرەنسا دەیەوێت ژمارەی سوپا زیاد بکات، ئەمەش بە خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ لەقەڵەم دەدرێ، بۆیە بسمارك هەڕەشەی جەنگی خۆ پارێزی کرد لە دژی فەرەنسا، بەڵام فەرەنسا پەنای بردە بەر هەریەك لە روسیا و بریتانیا، و ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە ئەڵمانیا دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر فەرەنسا، بۆیە بەزووی هەریەك لە روسیا و بریتانیا نارەزایی خۆیان گەیاندە ئەڵمانیا و لە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ ئەڵمانیایان ئاگادار کردەوە، ئەم کارەش ئەوەی ئاشکرا کرد کە روسیا وێڕای هەبوونی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئەڵمانیا بەڵام دڵی لەگەڵ فەرەنسایە،ئەمەش درزی خستە نێوان ئەڵمانیا و روسیا[3].

بەڵام ئەوەی بە تەواوەتی پەیوەندی نێوان وڵاتانی کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆرەکەی لاواز کرد سەرهەڵدانی کێشە و ئاڵۆزی بوو لە ناوچەی بەلقان، ئەمەش دوای ئەوە هات کە لە تەموزی ساڵی(1875)دا لە هەرێمەکانی بۆسنە و هەرسك شۆڕش دژی عوسمانیەکان دەستی پێکرد، دواتر بولگاریەکانیش دەستیان بە شۆڕش کرد، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەو شۆڕشانە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی گەلانی ئەو ناوچانە لەگەڵ عوسمانیەکان، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی چواردەوە عوسمانیەکان ئەو ناوچانەیان داگیر کردبوو، بەڵام هۆکاری ڕاستەوخۆی شۆڕشەکە بۆ خراپی لایەنی ئابووری دەگەڕێتەوەی بە تایبەتی بە هۆی وشکەساڵیەوە، ئەمەش وەرزێڕ و جوتیارانی ناچار کرد شۆڕش دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەڵبگیرسێنن[4]، بەڵام عوسمانیەکان بەشێوەیەکی توند و تیژ شۆڕشەکەیان دامرکاندەوە، لێرەوە جیاوازی کەوتە نێوان زلهێزە ئەوروپیەکان، چونکە هەریەکەیان بەرژەوەندی جیاوازی هەبوو لەو ناوچەیەدا، هەر لە سەرەتاوە روسیا ئامادەیی خۆی دەربڕی کە بە هێز دژی عوسمانیەکان

---

(1) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل114.

(2) هەمان سەرچاوە، ل 114.

(3) محمد محمد صالح و أخرون، المصدر السابق، ص13.

(4) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل117–118.

بوەستێتەوە هۆكاری سەرەكی ئەو هەڵوێستەی روسیاش دەگەرێتەوە بۆ خواستی روسیا بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەكان[1]، بەڵام ئەم خواستەی روسیا بە توندی لە لایەن بریتانیا و نەمساوە ڕەتكرایەوە، چونكە هەریەك لەم دەوڵەتانە كۆمەڵێك بەرژەوەندیان هەبوو لە ناوچەی بەلقان، و بە زاڵبوونی روسیا لەم ناوچەیە بەرژەوەندیەكانیان دەكەوتە مەترسیەوە[2]، بە مەبەستی چارەسەركردنی دۆخەكە لە سەر پێشنیاری بریتانیا كۆنفرانسێك لە كانوونی یەكەمی (1876) لە ئەستەمبوڵ بەسترا، بەڵام ئەم كۆنفرانسەش هیچ ئەنجامێكی ئەرێنی نەبوو، بۆیە روسیا تاك لایەنانە بڕیاری دا هێز دژی عوسمانیەكان بەكار بهێنێت، بەڵام روسیا بەرلەوەی هێزی سەربازی بەكاربهێنێت، توانی نەمسا و بریتانیا ڕازی بكات[3]، پاشان لە دوو بەرەوە هێرشی كردە سەر دەوڵەتی عوسمانی و چەندین ناوچەشی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی بەتەواوی هەرەس نەهێنێ داوای ئاگربەستی كرد، بۆیە روسیاش لە ئازاری ساڵی (1878)دا ڕێككەوتننامەی (سانستیڤانۆی) بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دا سەپاند، كە بە پێی ئەم ڕێككەوتنە روسیا دەستی بەسەر زۆربەی ناوچەی ئەنادۆڵدا گرت و بولگاریایی گەورەشی دامەزراند، ئەمەش بە توندترین شێوە لەلایەن نەمسا و بریتانیا ڕەتكرایەوە[4].

ئەم بارودۆخە گرژە ڕێگای بۆ بسمارك خۆشكرد تا وەكو رزگاركەری ئەوروپا دەربكەوێت كە هەمیشە دەی وت: نابێ لەسەر پارچە زەویەكی ڕۆژهەڵات كێشە لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا دروست ببێ، ئەگەر كێشەش ڕوویدا ئەوە دەبێ لەسەر حسابی ڕۆژهەڵات یەكلایی بكرێتەوە[5].

لە ڕاستیدا بسمارك هیچ بەرژەوەندیەكی ڕاستەوخۆی لە ناوچەی بەلقان دا نەبوو، بەڵام ئەو ئاشتی ئەوروپای مەبەست بوو، و بە دڵسۆزیش كاری بۆ ئەم مەبەستە دەكرد، بە تایبەتی پاراستنی بەرژەوەندی دۆستانەی نێوان روسیا و نەمسا، كە نزیكە بەهۆی كێشەی بەلقانەوە دووچاری شەڕ و ناكۆكی ببێ، بۆیە بسمارك بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە و گۆڕینی پەیمانی سانستیڤانۆ بۆ ڕێككەوتننامەیەكی تر كە هەموو لایەك رازی بكات، بۆیە پێشنیاری بەستنی كۆنگرەیەكی كرد بۆ كۆبوونەوەی وڵاتانی ئەوروپا لە بەرلین، زلهێزەكانیش بەڕازیبوون وەڵامی داواكەی بسماركیان دایەوە، ئەمەش گرنگی و ڕۆڵی ئەڵمانیا دەردەخات،

---

(1) سنوری باكوری روسیا بەستەڵەكە بۆیە بە كەڵكی كەشتی گەلی نایە، مەغدید حاجی، ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی سەدەی نۆزدە ( پرسی ڕۆژهەڵات و.... كۆنگرەی بەرلین)، گۆڤاری مێژوو، ژمارە(12)، چاپخانەی گۆڤار، هەولێر، 2009، ل29.

(2) عبدالعزیز سلێمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل273-274 .

(3) لە بەرامبەر ئەوەی نەمسا دەست بەسەر بۆسنە و هەرسكدا بگرێت، و روسیا دەوڵەتی سلاڤی گەورە دروست نەكات لە بەلقان، نە مسا بڕیاریدا بێلایەن بێت لە كاتی جەنگی روسیا و عوسمانی، بڕوانە: ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل119.

(4) محمد محمد صالح و أخرون، المصدر السابق، ص14.

(5) عبدالعزیز سلێمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل275.

کە لەو ماوەیەدا وەك بنكەی پاراستنی ئاشتی و هاوسەنگی هێز لە ئەوروپا ڕۆڵی دەگێڕا[1]، پاشان كۆنگرەكە دەستی پێكردوو لە ماوەی مانگی حوزەیران و تەموزی ساڵی (1878)دا چەندین كۆبوونەوە بەڕیوەچوون، كە تیایدا چەندین بڕیار دەرچوون[2]، كە گرنكترینیان هەڵوەشاندنەوەی بولگارییایی گەورە بوو، كە دابەشكرا بۆ دوو بەش، بەشی باكور سەربەخۆیی بەدەست هێناو تەنیا بەناو سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو، هەرچی بەشی باشورە واتا (ڕۆملی ڕۆژهەلآت) كەوتە ژێر دەسەلآتی دەوڵەتی عوسمانی، وە بڕیاردرا قارس و باتوم بۆ روسیا بێت، و بۆسنە و هەرسكیش بكەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی نەمسا، و قوبرسیش بۆ بریتانیا بێت[3].

لە گرنگترین دەرئەنجامەكانی كۆنگرەی بەرلین هەڵوەشانەوەی كۆمەڵی سێ ئیمپراتۆرەكە بوو، چونكە لەو كۆنگرەیەدا زۆربەی بەندەكانی كۆنگرەی سانستیڤانۆ ڕەتكرایەوە، روسیاش ئەم شكستەی تەنیا لە چاوی نەمسا و بریتانیا نەدەبینیەوە، بەڵكو بەتەواوەتی لە ئەڵمانیاش بێزاربوو، چونكە ئەوەی چاوەڕێی دەكرد لە ئەڵمانیا دەستینەكەوت، بەڵكو بە پێچەوانەوە لە كاتی كۆنگرەكەدا بسمارك زیاتر پشتی نەمسای دەگرت، بۆیە روسیا هەستی كرد بەستنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ نەمسا و ئەڵمانیا سوودێكی ئەوتۆی بۆ ئەو نابێ، هەر بۆیە دوای كۆنگرەكە روسیا لەو كۆمەڵەیە كشایەوە[4]، هەروەها لەو كۆنگرەیەدا سیاسەتی بسمارك زاڵبوو بەسەر بیروبۆچوونە جیاوازیەكاندا كە بریتی بوو لە سیاسەتی ئاشتەوایی و قەرەبوو كردنەوە[5]، ئەمە جگە لەوەی دوای ئەوەی لەو كۆنگرەیەدا ئەڵمانیا هیچ بەشێكی دەوڵەتی عوسمانی داگیرنەكرد، ئەمە وایكرد سوڵتان عبدوالحمیدی دووەمی عوسمانی لە ئەڵمانیا نزیك ببێتەوە و سود لە پێشكەوتنە تەكنەلۆژی و سەربازییەكانی ئەڵمانیا وەربگرێت بۆ بەهێزكردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی[6].

---

(1) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 120.

(2) بۆ زانیاری لە بارەی كۆی بڕیارەكانی كۆنگرەی بەرلین بڕوانە: صلاح أحمد هریدی، تأریخ أوروبا الحدیث و المعاصر (1789–1914)، دار الوفاء لدینا الطباعة والنشر، الاسكندریة، 2003، ص 285–289.

(3) الان بالمر، المصدر السابق، ص 106–107؛ محمد مظفر الادهمي، تاريخ اوروبا في قرن التاسع عشر، التعليم الحالى و البحث العلمى، الجامعة المستنصرية، دون تأريخ، ص275–276.

(4) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل121–122.

(5) مەغدید حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل40 .

(6) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل278.

## 2- هاوپەیمانی دوو قۆڵی ئەڵمانیا- نەمسا (1879):

دوای کۆنگرەی بەرلین پەیوەندی نێوان ئەڵمانیا و روسیا زۆر تێکچوو، بە جۆرێك روسیا سوپای لە سەر سنوری ئەڵمانیا بڵاوکردەوە، ئەمە جگە لەوەی رۆژنامەکانی روسیا شەڕی راگەیاندنیان دژی ئەڵمانیا راگەیاند[1]، لەو لاشەوە بسمارك پێی وابوو دەبێ لە رێگای بەستنی هاوپەیمانەتیەکی نوێوە پێگەی ئەڵمانیا لە ئەوروپا بەهێزتر بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بسمارك نەمسای وەکو هاوپەیمانی خۆی هەڵبژارد، ئەگەرچی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا حەزی دەکرد روسیا وەکو هاوپەیمانی ئەڵمانیا هەڵبژێرێت، چونکە ئیمپراتۆر ولیەمی یەکەم زۆر رێزی بۆ قەیسەری روسیا هەبوو، بەڵام بسمارك سور بوو لەسەر هەڵبژاردنی دۆستایەتی نەمسا، ئەمەش بەهۆی هاوسنوری و نزیکی نەمساوەبوو، بۆیە بسمارك بە هەڕەشەی وازهێنانی لە دەسەڵات ئیمپراتۆری ناچار کرد مل بۆ خواستەکانی بدات[2]، نەمساش لای خۆیەوە هیچ متمانەیەکی بە روسیا نەمابوو، بۆیە نەمساش خوازیاری هاوپەیمانەتیەکی دوو قۆڵی بوو لەگەڵ ئەڵمانیا دژی روسیا، بۆیە هەردوولا هاوپەیمانەتیەکیان بەست، ئەوەبوو لە تشرینی یەکەمی ساڵی (1879) گفتوگۆکان لە نێوان بسمارك و ئەندراسی وەزیری دەرەوەی نەمسا تەواوبوون کە تیایدا هاتبوو ئەگەر روسیا هێرشی کردە سەر هەریەك لەو دوو وڵاتانە (نەمسا و ئەڵمانیا) ئەوە لایەنی دووەمی هاوپەیمانیەکە بە هەموو هێزێکەیەوە یارمەتی هاوپەیمانەکەی دەدات، بەڵام ئەگەر لایەنی هێرشبەر وڵاتێکی تری وەکو فەرەنسا یان ئیتالیا بوو، ئەوە پێویستە لایەنی دووەمی هاوپەیمانەتی دوو قۆڵی بێلایەنی بپارێزێت، بەڵام ئەگەر روسیا یارمەتی لایەنی هێرشبەری دا ئەوە پێویستە لەسەر وڵاتە هاوپەیمانەکە بە هەموو هێزێکەیەوە یارمەتی هاوپەیمانەکەی بدات، ئەگەرچی ئەم هاوپەیمانەتیە دەستەبەری هاوکاری نەمسای نەدەکرد بۆ ئەڵمانیا ئەگەر لەلایان فەرەنساوە هێرشی بکرێتە سەری، بەڵام بسمارك لەو هاوپەیمانەتیە زیاتر مەبەستی ترساندنی روسیا بوو، بۆ ئەوەی بزانێ دوورکەوتنەوە لە ئەڵمانیا چەند مەترسی درووست دەکات بۆسەر روسیا[3].

ئەم هاوپەیمانەتیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بوو، بواری نوێکردنەوەی ماوەکەشی هەبوو، بۆیە دواتر ئەم هاوپەیمانەتیە لە ساڵی (1883)دا نوێ کرایەوە و تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیش بەردەوام، لە راستیدا ئەم هاوپەیمانەتیە ماکی یەکلای کەرەوەی دوو جەمسەری ئەوکاتەی زلهێزەکان بوو، چونکە بەرەی

---

[1] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل14؛ محمد محمد صالح و أخرون، المصدر السابق، ص15.

[2] فرغلي علی تسن، تأريخ أوروبا الحديث و المعاصر، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، الا سكندرية، 2003، ص145-146؛ ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل122.

[3] محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص10-15؛ ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل123.

ئەڵمانی- نەمسای تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی جێگیرکرد[1]، جێگای ئاماژەیە بەندەکانی ئەم هاوپەیمانەتیە تا شوباتی (1887) بە نهێنی مایەوە[2].

## 3- نویٚ کردنەوەی کۆمەڵەی سیٚ ئیمپراتۆرەکە (1881):

دوای بەستنی هاوپەیمانی دوو قۆڵی لە نێوان نەمسا و ئەڵمانیا، لێرەوە بسمارك زیاتر لە بریتانیا و ئیتالیاش نزیك بۆوە، ئەمەش ترسی خستە دڵی قەیسەری روسیا لەوەی تەنیا بمێنێتەوە لە ئەوروپا، بۆیە ویستی جارێکی تر پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیا دروست بکاتەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەبیٚ لە حاڵەتی ڕوودانی جەنگ لەگەڵ بریتانیا لەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، ئەوە ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکەی واتا (نەمسا) بیٚ لایەنی بمێنێتەوە، بسمارکیش لەلای خۆیەوە خوازیاری دۆستایەتی بوو لەگەڵ روسیا بۆ ئەوەی درێژە بە گۆشەگیرکردنی فەرەنسا بدات، بەڵام نەمسا بەهۆی کێشەکانی بەلقانەوە نەیدەویست هاوپەیمانی لەگەڵ روسیا نویٚ بکاتەوە، بسمارکیش هەڕەشەی پچراندنی پەیوەندیەکانی لەگەڵدا کرد ئەگەر ئەم هاوپەیمانیە نویٚ نەکاتەوە، بۆیە نەمساش لە ژێر فشاری بسمارکدا رازی بوو بێتەوە ناو هاوپەیمانیەکەوە[3].

سەرئەنجام دوای گفتۆیەکی زۆر سیٚ ئیمپراتۆرەکە گەیشتنە ڕێکەوتنێك لە 18ی حوزەیرانی ساڵی (1881)، کە تیایدا هاتبوو ئەگەر یەکێك لە وڵاتە هاوپەیمانەکان بکەوێتە شەڕ لەگەڵ وڵاتێکی تری دەرەوەی هاوپەیمانیەکە ئەوە پێویستە لەسەر دوو وڵاتەکەی تری ناو هاوپەیمانیەکە بێلایەنی بپارێزن، هەروەها بڕیاردرا نەمسا و روسیا یەك لایەنە کار بۆ گۆڕینی بارودۆخی بەلقان نەکەن، ئەمە جگە لەوەی مافی نەمسا لە دەست گرتن بەسەر بۆسنە و هەرسك دانی پیانرا، لە بڕگەیەکی تریشدا هاتبوو ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی گەروەکانی بەڕووی روسیادا داخست یاخود لە حاڵەتی جەنگی روسیا لەگەڵ بریتانیا ئەگەر عوسمانیەکان گەروەکانیان بۆ بریتانیا کردەوە دژی روسیا، ئەوا لەسەر ئەو دوو دەوڵەتە هاوپەیمانەش پێویستە شەڕ دژی دەوڵەتی عوسمانی رابگەیەنن[4].

ئەم هاوپەیمانیە خواستەکانی ئەڵمانیای بەدی دەهێنا، کە دەی ویست لە کاتی جەنگی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا، روسیا بێلایەن بمێنێتەوە، بەمجۆرە بسمارك بەردەوام بوو لەسەر گۆشەگیرکردنی فەرەنسا و خۆسەپاندنی بەسەر وڵاتانی ئەوروپادا[5].

---

(1) محمد محمد صالح و أخرون، المصدر السابق، ص15؛ سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل14.

(2) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی, سەرچاوەی پێشوو, ل293.

(3) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل123.

(4) محمد محمد صالح و أخرون، المصدر السابق، ص16؛ ئەحمەد مەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل123-124.

(5) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل124.

### 4- هاوپەیمانەی سێ قۆڵی (ئەڵمانیا ، ئیتالیا و نەمسا-مەجەر) لە ساڵی (1882):

دوای ئەوەی فەرەنسا بە هاندانی بسمارك لە ساڵی (1881)دا تونسی خستە ژێر چاودێری خۆیەوە[1]، کە تونس وەکو بەرژەوەندی ئیتالیا سەیر دەکرا، ئەم کارەی فەرەنسا وای لە ئیتالیا کرد لە ئەڵمانیا نزیك ببێتەوە، چونکە ئیتالیا دڵنیابوو هیچی لە باکوری ئەفریقا دەست ناکەوێت ئەگەر بێتوو لە پایتەختی زلهێزەکانەوە قسە لەسەر ئەم بابەتە نەکات[2]، بەڵام ئیتالیا رووبەڕووی کۆسپێك دەبۆوە لە کاتی بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەڵمانیا، چونکە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەڵمانیا واتای هاوپەیمانی لەگەڵ نەمساش دەگەیەنێت، ئەمەش بە مانای چاوپۆشی کردنی ئیتالیا لە ناوچە داگیرکراوەکانی لە لایەن نەمساوە دێت چونکە چەندین ناوچەی ئیتالیا لەلایەن نەمساوە داگیرکرابوون، بۆیە ئیتالیا خوازیار بوو یەك لایەنانە لەگەڵ ئەڵمانیا رێك بکەوێت، بەڵام دواتر بسمارك ئیتالیای ڕازی کرد کە لەگەڵ نەمساش ڕێك بکەوێت، ئەمەش دوای ئەوەی بسمارك بەڵێنی بە ئیتالیا دا کە لە داواکردنی خواستەکانی یارمەتی ئیتالیا بدات[3]، پاشان هەرسێ وڵاتەکە لە 20ی ئایاری ساڵی (1882)دا ئیمزایان لەسەر هاوپەیمانیەکە کرد، کە مەرجەکانی جۆرێك لە تایبەتمەندی بەرگریانە و لایەنی نهێنیان هەبوو، کە تیایدا هاتبوو ئەگەر فەرەنسا هێرشی کردە سەر ئیتالیا بەبێ ئەوەی ئیتالیا فەرەنسای وروژاندبێ، ئەوە پێویستە نەمسا و ئەڵمانیا یارمەتی ئیتالیا بدەن، و ئەگەر فەرەنسا هێرشی کردە سەر ئەڵمانیا بە بێ ئەوەی ئەڵمانیا فەرەنسای وروژاندبێ ئەوە ئیتالیا دەبێ یارمەتی ئەڵمانیا بدات، هەرکاتێك فەرەنسا و روسیا هێرشیان کردە سەر یەکێك یان دوان لەو وڵاتانە، ئەوە پێویستە هەرسێ وڵاتەکە بەیەکەوە دژی ئەو دوو دەوڵەتە بچنە جەنگەوە[4].

ماوەی ئەم هاوپەیمانیە بۆ پێنج ساڵ بوو و بواری ئەوەش هەبوو نوێ بکرێتەوە، کە زیاتر لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا بوو، چونکە بسمارك بەم هاوپەیمانەتیە توانی لەلایەکی تریشەوە فەرەنسا گۆشەگیر بکات[5]، بەم شێوەیە بسمارك توانی لە نێوان وڵاتە جیاوازەکاندا چەندین هاوپەیمان بۆ خۆی پەیدا بکات، چونکە لەلایەك بە نوێکردنەوەی کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆرەکە لە ساڵی (1881)دا توانی نەمسا و روسیای دوژمنی یەك لە بەرژەوەندی خۆی بەیەکەوەیان کۆبکاتەوە، لە لایەکی تریش بەهۆی بەستنی هاوپەیمانی سێ قۆڵی لە ساڵی (1882)دا توانی لە نێوان نەمسا و ئیتالیای کۆنە دوژمن هاوپەیمانی پێکبهێنێ، کە سەر بە سیاسەتی خۆی بن و فەرەنساش هەروا بە گۆشەگیری بهێڵێتەوە[6].

---

(1) بسمارك مەبەستی لەوە سەرقاڵکردنی فەرەنسا بوو بۆ ئەوەی بیر لە تۆڵەکردنەوە لە ئەڵمانیا نەکاتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ وڵاتانی تری ئەوروپا بکەوێتەوە کێشەوە، بڕوانە: ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل125.

(2) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل292.

(3) محمد محمد صالح و اخرون، المصدر السابق، ص17؛ ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل125.

(4) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەندەکانی رێکەوتنامەکە بڕوانە: محمد محمد صالح و اخرون، المصدر السابق، ص17.

(5) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل124–125.

(6) هەمان سەرچاوە، ل126.

بەڵام ئەم بارودۆخە هەروا بە سودی بسمارك بەردەوام نەبوو، چونکە لە ساڵی (1885)دا جارێکی تر کێشەی بەلقان سەریهەڵدایەوە[1]، ئەمەش هاوپەیمانەکانی بسمارکی بەتەواوەتی لە یەکتر جیاکردەوە، بە جۆرێك ئەگەری جەنگی روسیا و نەمسا زۆر نزیك بوو، بەڵام کاتێك روسیا زانی هیچ کام لە ئیتالیا و بریتانیا و ئەڵمانیا پشتگیری ناکەن، بۆیە خۆی لە هەڵگیرساندنی جەنگ دژی نەمسا بوارد، بەڵام دوای ئەوە ئامادە نەبوو لە ساڵی (1887)دا هاوپەیمانی لەگەڵ نەمسا و ئەڵمانیادا نوێ بکاتەوە، چونکە روسیا هەموو ئەو شکستە دبلۆماسیانەی کە توشی هاتبوو، پشتگیری ئەڵمانیای بۆ نەمسا بە هۆکاری سەرەکی دەزانی[2].

چوونە دەرەوەی روسیا لەکۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆرەکە هاوکات بوو لەگەڵ ڕوداوێکی تر کە بسمارکی توشی دڵە ڕاوکێ کردبوو، ئەویش بوژانەوەی هەستی ناسیۆنالیستی بوو لە فەرەنسا، چونکە لەلایەك بە رووخانی حکومەتی کۆماری[3] لە ساڵی (1885)دا ئەو ئارامیەی لە نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا هەبوو کەوتە مەترسیەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی جەنەراڵ (بۆلانگەر) بوو بە وەزیری جەنگی فەرەنسا، کە ئەو کەسە زۆر خوازیاری تۆڵەکردنەوە بوو لە ئەڵمانیا، فەرەنسیەکانیش وەکو ناپلیۆنی دووەمیان سەیریان دەکرد و لە دەوری کۆبوونەوە، ئەگەرچی کۆماریەکان لە ساڵی ئایاری (1887)دا بولانگەریان لادا، بەڵام هێشتا دەرونی بسمارك ئارام نەبوو، لە هەمووشی گرنگتر مانگی ئایاری هەمان ساڵ کاتی نوێکردنەوەی هاوپەیمانی سێ قۆڵی بوو، ئەم بارودۆخە نا ئارامە وایکردبوو بسمارك زۆر پێویستی بە ئیتالیا بێت، ئەمەش وای لە ئیتالیا کرد کە ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین قازانجی دەست بکەوێت، بۆیە ئیتالیا بۆ نوێکرنەوەی هاوپەیمانەتی سێ قۆڵی چەند مەرجێکی دانا، یەکێکیان دەستەبەرکردنی پاراستنی

---

[1] لە ساڵی 1885 رۆملی رۆژهەڵات چوونە سەر بولگاریایی ڕاگەیاند، ئەم کارەش لەلایەن سربیاوە قبوڵ نەدەکرا، بۆیە سربیا هێرشی کردە سەر بولگاریا، بەڵام ئەسکەندەری پشای بولگاریا توانی لە جەنگی(سلیڤنزنا)دا سربیا تێکبشکێنێ، ئەگەرچی ئەم کێشەیە بەپێی ڕێکەوتنامەی بوخارست لە ساڵی 1886دا چارەسەر کرا، بەڵام روسیا ئەوکارانەی بە پلانی نەمسا دادەنا دژی روسیا، چونکە نەمسا پێشتریش لە ڕێگای بەستنی چەندین هاوپەیمانی توانی بووی هەریەکە لە سربیا و رۆمانیا لە خۆی کۆبکاتەوە دژی روسیا بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل365–366؛ ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل126–128.

[2] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل127.

[3] مەبەست لە حکومەتی کۆماری بریتییە لە دەسەڵاتی کۆماریخوازەکان کە لە ساڵی ( 1876–1885) فەرمانڕەوایی فەرەنسایان دەکرد، بەڵام لەساڵی(1885) کۆتایی بەدەستەڵاتی کۆماریەکان هێنرا لەلایەن نشتمانپەروەرە رادیکاڵەکانەوە، ئەمەش هەلێکی گونجاوبوو بۆ ئەوەی زیاتر ڕۆڵی ژەنەڕاڵ بۆلانگەر(1837–1891) دەربکەوێت، کە حاکمی سەربازی پێشووی تونس بوو، بەخێرایی ناوبانگی گەورەی پەیداکرد و لە ساڵی (1886) بوو بەوەزیری جەنگی فەرەنسا، بەڵام کۆماریەکان لە ساڵی (1877) بۆلانگەریان ناچارکرد دەست لەکاربکێشێتەوە، پاشان تۆمەتی خیانەتی گەورەیان دایە پاڵ بۆلانگەر، بۆیە ناچار هەڵاتە بەلجیکا و لە ساڵی (1891) بۆلانگەر خۆی کوشت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل296–297.

بارودۆخی دەریای ناوەڕاست بوو بۆ ئەوەی ڕێ لە گریمانەی فراوانخوازیەکانی فەرەنسا بگرێ، ئەوەی تریش ئەوە بوو ئەگەر نەمسا لە بەلقاندا فراوانخوازی کرد ناوچەیەکیش بۆ ئیتالیا لەبەرچاو بگرێ، بسمارك نەمسای ڕازیکرد کە بە داخوازیەکانی ئیتالیا ڕازی ببێت، ئەوە بوو هاوپەیمانەتی سێ قۆڵی لەگەڵ دوو ڕێککەوتننامەی تر لە ساڵی (1887)دا نوێکرایەوە[1]، ڕێکەوتنامەی یەکەم لە نێوان نەمسا و ئیتالیا بەسترا، کە وا داڕێژرابوو هەوڵبدرێ بارودۆخی بەلقان بپارێزرێ و ئەگەر نەمسا ناچار بوو ناوچەی نوێ لە بەلقاندا داگیربکات دەبێت راوێژ بە ئیتالیا بکات و دەسکەوتێکیش بۆ ئیتالیا لەبەر چاو بگرێت، ڕێککەوتننامەی دووەم لە نێوان ئەڵمانیا و ئیتالیادا ئیمزاکرا، کە تیایدا ئەڵمانیا بەڵێنیدا پشتگیری لە بەرژەوەندیەکانی ئیتالیا لە باکوری ئەفریقیا بکات و ڕێگری بکات لە دەست درێژی فەرەنسا بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئیتالیا لەو ناوچەیەدا[2]، ئەم ڕێککەوتننامەیە یارمەتی دەربوو بۆ بەستنی هاوپەیمانەتیەکی تری نوێ، چونکە بسمارك لە توانای خۆی نەدەبینی لە دەرەوەی کیشوەری ئەورووپا بەرژەوەندی ئیتالیا بپارێزێ، بۆیە ویستی سوود لە ناکۆکی نێوان بریتانیا و فەرەنسا وەربگرێ و ئەم ئەرکە بە بریتانیا بسپێرێت، بۆیە بە هاندانی بسمارك پەیماننامەیەکی تر لە نێوان بریتانیا و ئیتالیادا بەسترا، کە تیایدا ئیتالیا دانی بە داگیرکردنی میسردا نا لەلایەن بریتانیاوە، بریتانیاش دانی نا بە بەرژەوەندی ئیتالیا لە لیبیادا و هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بارودۆخی دەریای سپی ناوەراست بپارێزن، کە زیاتر مەبەستیان دژایەتی کردنی فەرەنسا و روسیا بوو، بۆیە دواتر نەمسا و ئیسپانیاش هاتنە ناو ئەم هاوپەیمانەتیە[3].

ئەگەر چی بسمارك بەم هاوپەیمانەتیانە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی بە بریتانیاشەوە لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیانەبوو، چونکە فەرەنسا زۆر هەوڵی نزیك بوونەوەی دەدا لە روسیا، بەڵام دوای ئەوەی قەیسەری روسیا هیچ گرنگی بە فەرەنسای کۆماری نەدا، ئەمە هانی بسمارکی دا بۆ ئەوەی سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت و جارێکی تر لە روسیا نزیك ببێتەوە[4]، روسیاش لەلای خۆیەوە خوازیار بوو پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئەڵمانیادا بپارێزێت، بۆ ئەوەی لە کاتی سەرهەڵدانەوەی کێشە لە بەلکاندا ئەڵمانیا لە پشتگیری نەمسا دووربخاتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەڵمانیا توانی بووی ڕێگری لە نەمسا بکات بۆ ئەوەی لە بەلکان کاری دوژمنکارانە دژی روسیا نەکات، بۆیە روسیا پێشنیاری ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی کرد لە نێوان روسیا و ئەڵمانیا، بۆ ئەوەی جێگای کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆرەکە بگرێتەوە، بسمارکیش ئەم داوایەی قبوڵکرد و لە حوزەیرانی ساڵی (1887)دا ڕێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ روسیادا واژۆ کرد، کە بە ڕێککەوتننامەی (دووبارە دەستەبەری) ناسراوە[5] ، کە تیایدا هاتبوو: ئەگەر یەکێك لەو

---

[1] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل128.

[2] بۆ زانیاری لەسەر بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە، بڕوانە : محمد محمد صالح و اخرون، المصدر السابق، ص21-23.

[3] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل128؛ سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل15.

[4] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل129.

[5] محمد محمد صالح و اخرون، المصدر السابق، ص23.

دوو ولاّتانە کەوتە شەڕەوە لەگەڵ لایەنی سێ یەم، ئەوە پێویستە لایەنەکەی تر بێلایەن بێت، هەروەها ئەلّمانیا دانی نا بەبەرژەوەندیەکانی روسیا لە بولگاریا و بەلّێنیشی دا پشتگیری روسیا بکات لە بارەی گەروەکانی سەر دەریای ڕەش[1]، جێگای ئاماژەیە ئەم هاوپەیمانیە بۆ ماوەی سێ ساڵ بوو، بۆیە تا سالّی (1890) لە نێوان روسیا و ئەلّمانیادا کاری پێکرا.

ئەگەر بەوردی سەرەنجی ئەو پەیوەندیە دیبلۆماسیانەی ئەوروپا بدەین لە نێوان سالآنی (1871–1890)دا، ئەوە بەڕوونی بالآدەستی بسمارکمان بۆ دەردەکەوێت بەسەر بارودۆخەکەدا، لێرەوە دەتوانین چەند تایبەتمەندیەکی سیاسەتی دەرەوەی بسمارك دیاری بکەین لەوانە، بسمارك سیاسەتی خۆی زۆر بە نەرمی بەرێوە دەبرد و پەنای بۆ هەموو جۆرە هاوپەیمانەتیەك دەبرد، و هەولّی دەدا پاڵ بە فەرەنساوە بنێ کە لە پشت دەریاکانەوە کاری ئیمپریالیستی ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی چیتر سەرنجی لەسەر گێڕانەوەی ئەلزاس و لۆرین نەمێنێ، هاوکات هەولّی دەدا کاری هاوسەنگی ئەوروپا لەسەر بەرلین بوەستێ ، و چوارچێوەی کۆلۆنیالیستی ئەلّمانیاش بەرتەسك بکاتەوە[2].

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی سیاسەتی بسمارك ئالۆزی بوو، کە لە یەك کاتدا لەسەر چەند پەتێك یاری دەکرد و چەندین بەلّێن و بڕیاری پێچەوانەی بڕیارە پێشووەکانی خۆی دەدا[3]، یاخود هەندێك جار سیاسەتەکەی تووشی چەق بەستن دەبۆوە بۆ نمونە ئەو بەلّێنانەی دابووی بە نەمسا لەگەڵ ئەو بەلّێنانە نەدەگونجا کە دابوونی بە روسیا، ئەمە وێڕای ئەوەی بە بەلّێنەکانیەوە پابەند نە دەبوو، و تەنیا تا ئەو کاتە بەلّێنەکانی لە بیربوو کە سوودی بۆ بەرژەوەندی خۆی دەبوو[4]، ئەمە جگە لەوەی بسمارك زۆر بڕوای بە سیاسەتی لە خشتە بردن و هەلّخەلّەتاندنی ولآتانی بەرامبەر هەبوو[5].

بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێ باسی ئەوەش بکەین کە بسمارك توانی ولآتەکەی و ئەورووپاش لە جەنگ دووربخاتەوە، کاتێك توانی ولآتەکەی لەو سێ مەترسیانە بپارێزێت کە دواجار ئەم مەترسیانە ئیمپراتۆریەتی ئەلّمانیان ڕووخاند، ئەو مەترسیانەش ئەوە بوون، کە بسمارك رێگری کرد لە دروست بوونی هاوپەیمانەتیەك لە نێوان روسیا و فەرەنسا کاتێك توانی پارێزگاری لە دۆستایەتی روسیا بکات و فەرەنساش بە گۆشەگیری بهێلّێتەوە، لەلایەکی ترەوە بسمارك رێگری کرد لە دروست بوونی ململانەی دەریاوانی لەگەڵ بریتانیا و توانی دۆستایەتی بریتانیا بە دەست بهێنێ، ئەمە وێڕای ئەوەی رێگەی نەدا کێشەکانی

[1] عبدالوهاب عباس القيسي و اخرون، تاريخ العالم الحديث 1914–1945، من مطبوعات وزارة تعليم العالي و البحث و العلمي، جامعة الموصل، 1983، ص10.

[2] محمد ئیحسان، ململانێیە نێودەولّەتیەکان لەسەدەی بیستەم، وەرگێڕانی ئاسۆ کەریم و کامەران مەنتك، چاپی یە کەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2001، ل90.

[3] هەمان سەرچاوە، ل91–92.

[4] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل129.

[5] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل103؛ محمد محمد صالح و اخرون، المصدر السابق، ص17.

بەلقان هێندە ئالۆز ببێت کە تیایدا ئەوروپا بخاتە جەنگێکی خوێناوییەوە، بۆ زانینی گرنگی و پێویستی بسمارك بۆ ئاشتی ئەوروپا ئەو وتەیەی سالبری سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بەسە کاتێك ووتی: نەمانی بسمارك (کارەساتێکی گەورەیە)[1].

## تەوەرەی دووەم: بسمارك و پرۆسەی کۆلۆنیالستی

لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەدا بسمارك ئارەزوی لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی داگیرکاری نەبوو، هەروەکو زۆر بەتوندی ئەو داوایەی فەرەنسای ڕەتکردەوە، کە لە سالّی (1871)دا پێشنیاری کردبوو لە بری ئەلزاس و لۆرین فەرەنسا چەند داگیرگەیەکی خۆی بە ئەلّمانیا بدات، بسمارك پێی وابوو کە دەبێت ئەلّمانیا خۆی بە بەهێزکردنی نێوخۆیی ئەلّمانیا و بەهێزکردنی ئەلّمانیا لە کیشوەری ئەوروپادا سەرقالّ بکات و پارێزگاری لە ئاشتی ئەوروپا بکات و ئەوەی بەدەستی هێناوە بیپارێزێت و پەیوەندی دۆستانەی لەگەلّ ولاّتانی گەورەی ئەوروپا بهێلّێتەوە و هەرگیز نەچێتە ناو ململانێ کۆلۆنیالیستەکانەوە، ئەمەشی بە ئاشکرا ڕاگەیاند کە هەتا بسمارك ڕاوێژکاربێت ئەلّمانیا شوێنی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ناکەوێ[2]، بەلاّم پێشکەوتنی ئابوری و ئارەزوی بازرگانەکان بۆ ساغکردنەوەی کالاّکانیان و ویستی سەرمایە دارەکان بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان و قازانجی زیاتر و هەولّی موژدە دەرەکان بۆ بلاّوکردنەوەی مەسیحیەت و ویستی نیشتمانیەکان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ئەلّمانیا وەك ولاّتێکی زلهێزی جیهانی، هەموو ئەو هۆکارانە بوونە مایەیی ئەوەی کۆلۆنیالیزم ببێتە داخوازییەکی نەتەوەیی، بە جۆرێك کەس نەیدەتوانی بەرەنگاری ئەو خواستە ببێتەوە، بۆیە بسمارکیش دواجار ڕویکردە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی، ئەوە بوو لە سالّی (1879)دا کۆمپانیای بازرگانی ئەلّمانی چیاوگی لە دوورگەی (ساموا) بە دەستهێنا و لە سالّی (1882)شدا کۆمەلّەی ئیستعماری ئەلّمانی ئەرکی یەکخستنی ریزی بازرگان و بزنزمان و سەرکێشە فراوانخوازیەکانی لە ئەستۆ گرت و سەرەنجی میلەتی ئەلّمانیای بەلای لایەنی فراوانخوازیدا ڕاکێشا[3]، لەم ڕووەشەوە سەرکەوتنێکی باشی بە دەست هێنا و لە ماوەیەکی کەمدا ئەلّمانیا بووە خاوەنی ناوچەیەکی زۆر لە کیشوەری ئەفریقیا، کە ئەم شوێنانە تا ئەو کاتەش دەستی داگیرکاری ولاّتانی ئەوروپای پێنەگەیشتبوو، لە (1884)دا دوای ئەوەی ئەلّمانیا لەگەلّ بریتانیا ڕێککەوت پارێزگاری خۆی بەسەر هەرێمی باشوری ڕۆژئاوای ئەفریقیا ڕاگەیاند، کە لە ڕووباری ئۆرانج درێژە دەبۆوە تا هێلّی پانی 17 پلەی باشوور، کە سالّی پێشوو تر بازرگانی ئەلّمانی (ئودلف لودتیز) ئالاّی ئەلّمانیای لەو ناوچەیە هەلّدابوو، ئەو ناوچەیە وەکو داگیرگەیەکی ئەلّمانیا ڕاگەیاندبوو، هەروەکو کونسولّی ئەلّمانیا لە

(1) فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل370؛ عمر عبدالعزیز و محمد علي الفوزی، المصدر السابق، ص235–236.

(2) کارلتون هیز، المصدر السابق، ص386؛ احمد صالح عبوش و عمر رشيد زنكنة، المصدر السابق، ص120 ؛ عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، الجزء الاول، المؤسسة العربية الدراسات والنشرن،بيروت،1990، ص286 .

(3) سامان حوسێن ئەحمەد، مێژووی ئەوروپا ...، ل373؛ کارلتون هیز، المصدر السابق، ص386.

تونس پارێزگاری ئەڵمانیای بەسەر تۆگولاند و پاشان کامیرۆنیشدا ڕاگەیاند، پاشان ئەڵمانیا توانی دەست بەسەر دوورگەی زنجباردا بگرێت[1]، کە دەکەوێتە سەر زەریایی هیندی لە ڕۆژهەڵاتی تەنزانیا، ئەمە وێڕای ئەوەی ناوچەیەکی فراوان لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا کەوتە ژێر پارێزگاری قەیسەری ئەڵمانیا، کە بەناوی ئەفریقیای ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا ناسراوە[2]، پاشان ئەڵمانیا توانی دەست بەسەر غنیای نوێ و دورگەی سلویون و دورگەی مارشاڵ لە باشوری زەریای ئارام دابگرێت[3].

لە ڕاستیدا نەك ئەڵمانیا بەڵکو زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپا لەو کاتەدا زۆر بەتوندی لە کێبڕکێ دا بوون بۆ ئەوەی ناوچەکانی ئەفریقیا بخەنە ژێر پارێزگاری خۆیان، بە جۆرێك نزیك بوو کێشەیەکی گەورە لە نێوان فەرەنسا و بەلجیکا و بریتانیا لەسەر ناوچەی کۆنگۆ ڕوبدات، لەو کاتەدا بۆ ئەوەی ئەڵمانیا شوێنێکی لەو ململانێ کۆلۆنیالیستیە بەربکەوێت و کێشەکانیش بە ئاشتی و بەبێ شەڕ چارەسەر بکرێن بسمارك پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی کرد لە بەرلین، ئەم پێشنیارەش لەلایەن زلهێزەکانەوە قبوڵکرا و ئەوە بوو کۆنگرەکە لە تشرینی دووەمی ساڵی (1884) تا شوباتی (1885) بەردەوام بوو، کە هەریەك لە شاندی بریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و روسیا و دەوڵەتی عوسمانی و بەلجیکا و هۆڵندا و نەرویج و سوید و ئیسپانیا و پرتوگال بەژدار بوون، و بەرێککەوتنی بەیاننامەیەك کۆتای هات، کەتیایدا بڕیاردرا کۆنگۆ سەربەخۆ بێت و هەر وڵاتێکیش بیەوێت ناوچەیەکی ئەفریقیا داگیربکات ئەوە دەبێت ئاگاداری وڵاتەکانی تر بکاتەوە[4].

دوای ئەوە سیاسەتی فراوانخوازیانەی ئەڵمانیا تا دەهات فراوانتر دەبوون و لە ساڵی (1884-1885) بسمارك رایخشتاخی بەوە ڕازیکرد کە بە فەرمی پارێزگاری کردن لە ناوەندە بازرگانیەکانی دورگەکانی ئەفریقیا و زەریای هێمن ڕابگەیەنێت، و لە ساڵی (1886)یشدا هاوکاری حوکمەتی بۆ گەشتە بازرگانیەکان ڕاگەیاند، بەر لەوەی بسمارك دەستبەرداری پلەکەی بێت لە ساڵی (1890) پرۆسەی بە داگیرگەکردنی ناوچە پارێزراوەکانی ڕاگەیاند و ئەم ناوچانەش کەوتنە ژێر کۆنترۆڵ و پارێزگاری ئەڵمانیا[5].

---

(1) نێردراوە ئەڵمانیایەکان چەند ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ گەورەکانی ئەو ناوچە ئیمزاکرد بەبێ ئەوەی گەورەکانی ئەم ناوچەیە لە ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکان بکۆڵنەوە، کە بە هۆیەوە ئەو ناوچەیە کەوتە ژێر چاودێری ئەڵمانیا، و کاتێك سوڵتانی زنجبار نارازیبوونی خۆی لەو رێککەوتننامەیە دەربڕی، ئەڵمانیا هێزی کەشتی گەلی خۆی بەکار هێنا و سوڵتان بە ناچاری بە ڕێککەوتنەکە ڕازیبوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جرجس بیاضی، المصدر السابق، ص107-108.

(2) احمد صالح عبوش و عمر رشید زنکنة، المصدر السابق، ص121-122.

(3) المصدر نفسة، ص122.

(4) بۆ زانیاری زیاتر لە کۆنگرە و بڕیارەکانی کۆنگرەکەش بڕوانە: عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل374.

(5) سامان حوسێن ئەحمەد، مێژووی ئەوروپا ...، ل373.

بەگشتی لەو ماوەیەدا ئەڵمانیا ناوچەیەکی زۆری لە ژێر دەستدا بووە، کە ڕووبەرەکەی دەگەیشتە یەك ملیۆن میل چوارگۆشە[1]، ئەم ناوچە فراوانەش سودێکی زۆری بە ئابووری ئەڵمانیا گەیاند، چونکە لەلایەك سەرچاوەیەکی گرنگی کەرەستەی خاو بوون بۆ پیشەسازی ئەڵمانیا، لەلایەکی تریشەوە بازاڕێکی فراوان بوون بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی ناوچەیەکی زۆر گونجاو بوو بۆ ئەوەی سەرمایە دارەکانی ئەڵمانیا سەرمایەکانیان لەو ناوچەیەدا بخەنە گەڕ[2].

## تەوەرەی سێ یەم: پەیوەندی ئەڵمانیا لەگەڵ زلهێزەکانی ئەوروپا لە سەردەمی بسمارکدا

### أ. پەیوەندی ئەڵمانیا لەگەڵ فەرەنسا:

هەر لەوکاتەوەی بسمارك وەکو سوکایەتیەك ناوچەی ئەلزاس و لۆرینی لە فەرەنسا دابڕی، چەندین سەرکردەی فەرەنسی هەبوون داوای تۆڵەکردنەوەی خێرایان دەکرد، بەڵام بەهۆی وشیاری و بلیمەتی سەرکردە (تییر[3]) فەرەنسیەکان درکیان بە مەترسی ئەو کارە کرد، ئەمە جگە لەوەی بسمارك بە بەستنی چەندین هاوپەیمانی فەرەنسای لە وڵاتانی تری ئەوروپا دابڕی، بۆیە حکومەتی کۆماری بیری تۆڵە سەندنەوەی دواخست و دروشمی بانگەوازی ڕێگە چارەی دادپەروەرانەی بەرزکردەوە[4]، بەڵام هێندەی نەبرد لە ساڵی (1873)دا پاشا خوازەکان هاتنە سەر دەسەڵاتی فەرەنسا و ماکماهانیان[5] بە سەرۆکی فەرەنسا هەڵبژارد، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا، چونکە بسمارك بە گومان بوو لە هەوڵەکانی ماکماهان بۆ بەهێزکردنی سوپا، بەڵام ئەم کێشەیە چارەسەر کرا دوای ئەوەی هەریەك لە ڕوسیا و بریتانیا دەستیان خستە ناو بارودۆخەکە[6].

---

[1] سامان حوسێن ئەحمەد، مێژووی ئەوروپا..، ل374.

[2] احمد صالح عبوش و عمر رشید زنکنة، المصدر السابق، ص122.

[3] تییر ئەو سیاسەت مەدارە بەساڵاچوە بوو، کە لە دوای ئەوەی ئیمپراتۆر ناپلیۆنی سێیەم لە شەری سیدان (ئەیلولی 1870) بەدیلگیرا، لەو کاتەدا فەرەنسیەکان کۆماری سێیەمی فەرەنسایان ڕاگەیاند و حکومەتێکی کاتیان دامەزراند بە سەرۆکایەتی تییر، کە تا ساڵی (1873) لە سەرۆکایەتی حکومەتی فەرەنسادا مایەوە، تییر بە میانڕەوی و دووربینی ناسرابوو، داوای دەکرد جەنگی تۆڵەکردنەوە لە ئەڵمانیا تا کاتێك گونچاو دوابخرێت، عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل268– 271.

[4] عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل332.

[5] مارشاڵ ماکماهان سەر بە پاشاخوازەکانبوو، بۆ ماوەی سێ ساڵ (1873–1876) سەرۆکی فەرەنسابوو.

[6] محمد محمد صالح و اخرون، المصدر السابق، ص13.

دەسەڵتی پاشا خوازەکان زۆری نەخایاند کە لە ساڵی (1877) کۆماریەکان هاتنەوە سەر دەسەڵات لە فەرەنسا، لێرەوە بە هاندانی بسمارك جۆن فرەی[1]، لە جیاتی گێڕانەوەی ئەلزاس و لۆرین دەستی کرد بە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی لەو بەری دەریاکان بۆیە لەو ماوەیەدا (1877–1885)پەیوەندی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا تا ڕادەیەك ئارام بوو، بەڵام ئەو سیاسەتەی (فرەی) لەلایەن فەرەنسیەکانەوە خۆشەویست نەبوو بۆیە ناچار بوو دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە[2]، ئەمە هەلێکی گونجاو بوو بۆ ئەوەی فەرماندە بۆلانگەر وەکو کەسایەتیەکی نیشتمان پەروەر دەربکەوێت و خەڵکی لە دەورە کۆببێتەوە، بۆلانگەر لەلایەنگرانی تۆڵەی خێرابوو لە ئەڵمانیا، هەر بۆیە کاتێك بوو بە وەزیری جەنگ دەستی کرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئەڵمانیا، لەو کاتەدا پەیوەندی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا زۆر تێکچوو، بە جۆرێك ئەگەری شەڕێك نزیك بوو بەڵام کۆماریەکان هەستیان بە مەترسی مانەوەی بۆلانگەر کرد و لە ساڵی (1887) دوریان خستەوە لە پۆستەکەی[3].

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت لەو ماوەیەدا پەیوەندی سیاسی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا جێگیر نەبوو، ناوە ناوە کێشە سەری هەڵداوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بسمارك توانی بە بەستنی هاوپەیمانەتیەکان بە تەواوی فەرەنسا گۆشەگیر بکات، بەڵام پەیوەندی بازرگانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەو جۆرە خراپ نەبوو، کە ئەڵمانیا داوای مسۆگەر هاوردەی ئاسنی فەرەنسای دەکرد، فەرەنساش داوای مسۆگەر هاوردەی خەڵوزی ئەڵمانیای دەکرد[4].

## ب. پەیوەندی ئەڵمانیا لەگەڵ ئیتالیا:

بسمارك پەیوەندیەکی باشی هەبوو لەگەڵ ئیتالیادا، ئەمەش دوای ئەوەی بسمارك توانی سوود لەو پەیوەندیە دۆستانەیە وەربگرێت کە لە کاتی پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیی لە نێوان گەلی ئیتالیا و ئەڵمانیادا هەبوو، ئەمە وێڕای ئەوەی لە هیچ شوێنێك بەرژەوەندیەکانی ئیتالیا و ئەڵمانیا دژ بەیەك نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەردوو لایەن زۆر پێویستیان بە دۆستایەتی یەکتر هەبوو، ئیتالیا کە لە ناوخۆیدا لەگەڵ پاپا لە کێشەدا بوو، لە دەرەوەش لەگەڵ زلهێزەکانی تردا بە تایبەتی لەگەڵ فەرەنسا لەسەر ناوچەکانی ئەفرقا لە

---

(1) جۆن فرەی(1832–1893) لە ژیانیدا چەندین پۆستی سیاسی لە فەرەنسا وەرگرتوە، دوو جاریش وەزارەتی پێکهێناوە، یەکەم لە ساڵی (1880–1881) و دووەم لە ساڵی(1883–1885)، فرەی بە هاندانی پسمارك سیاسەتی فراوانخوازی پەیڕەوکرد و چەندین ناوچەشی داگیرکرد، بەڵام فەرەنسیەکان ئەم سیاسەتەی (جۆن فرەی) یان بەدڵ نەبوو بۆیە لە ساڵی (1885) ناچاریان کرد دەست لەکاربکێشێتەوە، فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل292–294.

(2) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص16.

(3) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل333؛ عمر عبدالعزیز و محمد علی فوزی، المصدر السابق، ص230.

(4) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل321.

ململانێ دابوو، بۆیە پێویستی بە هاوکاری و پاڵپشتی ئەڵمانیا هەبوو بۆ ئەوەی زاڵبێت بەسەر ئەو کێشانەدا[1]، بسمارکیش لای خۆیەوە بۆ گۆشەگیرکردنی فەرەنسا پێویستی بە دۆستایەتی ئیتالیا هەبوو، هەموو ئەو هۆکارانە وایان کرد لە ساڵی (1882)دا ئەڵمانیا و ئیتالیا بە بەژداری نەمسا–مەجەر هاوپەیمانەتیەکی سێ قۆڵی مۆر بکەن، کە دواتر لە ساڵی (1887)دا جارێکی تر نوێکرایەوە.

### ج. پەیوەندی ئەڵمانیا لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجەڕ:

وێڕای ڕوودانی جەنگی سادوای ساڵی (1866)، کەچی بسمارك پەیوەندیەکی دۆستانەی باشی لەگەڵ نەمسا هەبوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە نەمسا دوای لە دەست چوونی ئیتالیا و ئەڵمانیا بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکان ڕوویکردە ناوچەی بەلقان، بۆیە زۆر پێویستی بە پشتگیری و هاوکاری سیاسی و سەربازی ئەڵمانیا هەبوو[2]، بسمارکیش لەلای خۆیەوە پێویستی بە پشتگیری نەمسا–مەجەر هەبوو، بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە دەستکەوتەکانی بکات و سیاسەتی خۆی بەسەر ئەورووپادا بسەپێنێت، هەموو ئەو هۆکارانە وایان کرد بە درێژایی حوکمی بسمارك چەندین هاوپەیمانێتی لە نێوان ئەڵمانیا و نەمسا– مەجەردا ببەسترێت و ئەم پەیوەندیە دۆستانەیەش هەتا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی هەر بەردەوام بوو.

### د. پەیوەندی ئەڵمانیا لەگەڵ بریتانیا:

ئەگەرچی بسمارك گەلی ئینگلیزی خۆش دەویست و زۆر ڕێزی دەگرتن[3]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی نەیتوانی هیچ هاوپەیمانەتیەك لەگەڵ بریتانیا ببەستێ[4]، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بوو، لە سەرووی هەموویانەوە بریتانیا لەو ماوەیەدا بڕوای بە سیاسەتی گۆشەگیری هەبوو و دەویست تێکەڵی ململانێ سیاسیەکانی نێوان وڵاتانی ئەوروپا نەبێت، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی نەکەونە مەترسیەوە[5].

لەگەڵ ئەوەی هیچ هاوپەیمانەتیەك لە نێوان بریتانیا و بسمارك دا نەبوو، بەڵام پەیوەندیەکی دۆستانە لە نێوان هەردوو لادا هەبوو، ئەمەش هەر لەوکاتەوە دەستی پێکرد، کاتێك لە جەنگی ساڵی(1870–1871)دا بسمارك سوور بوو کە بێلایەنی بەلجیکا بپارێزێ، ئەم هەڵوێستەش جێگای پێزانین و دەستخۆشی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بوو، ئەمە وێڕای ئەوەی زیاتر لە دەساڵ بسمارك دوو دڵبوو لەوەی خۆی لە ململانێ کۆلۆنیالیستیەکانەوە بگلێنێ لەو دیو دەریاکاندا، پاشان کە دەستیشی بە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی

---

(1) کارلتون هیز، المصدر السابق، ص376.

(2) سامان حوسێن ئەحمەد، مێژووی ئەوروپا... ، ل371.

(3) فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل240.

(4) هەمان سەرچاوە، ل360.

(5) سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان ...، ل15.

کرد سوور بوو لەسەر ئەوەی ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی بریتانیا بکات و پارێزگاری لەو دۆستایەتیە بکات[1]، بریتانیاش لای خۆیەوە خوازیاری دۆستایەتی ئەڵمانیا بوو، چونکە لەو ماوەیەدا بریتانیا تەنیا روسیا و فەرەنسای بە ڕکابەری سەرەکی خۆی دەزانی[2]، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی ڕۆشنبیرانی بریتانیا سەرسام بوون بەگەلی ئەڵمانی و هەمیشە باسیان لە (ڕەگەزی تیتۆنی) دەکرد، کە لەو سەردەمەدا دوو وڵاتی بەهێز و کاریگەریان پێکهێنابوو، ئەوانیش ئەڵمانیای پێشەوای هێزی وشکانی ئەوروپا و بریتانیای پێشەنگی دەریاکان بوو[3].

## ح. پەیوەندی ئەڵمانیا لەگەڵ روسیا:

پەیوەندی بسمارك لەگەڵ روسیا لە دۆخێکی جیاوازدا بوو، چونکە ئەگەرچی لە سەرەتادا بسمارك لە ڕێگای بەستنی کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆریەتەکە لە ساڵی (1872)دا توانی هاوپەیمانی لەگەڵ روسیادا ئیمزا بکات، بەڵام هەر زوو ئەم پەیوەندیە بەهۆی کێشەی نێوان ڕوسیا و نەمساوە درزی تێکەوت، چونکە بۆ بسمارك ئاسان نەبوو لەیەك کاتدا پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەردوو لادا هەبێت، بۆیە کاتێك بسمارك دۆستایەتی نەمسای هەڵبژارد، لێرەوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ لەگەڵ روسیا بەرەو ئاڵۆزی چوو[4]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بسمارك توانی پارێزگاری لە مانەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ روسیا بکات و لە ساڵی (1881)دا کۆمەڵەی سێ ئیمپراتۆریەتەکەی نوێ کردەوە و پاشان لە ساڵی (1887)دا ڕێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ روسیادا بەست، ئەوەی زیاتر یارمەتی بسمارکی دا ململانەی کۆلۆنیالیستی روسیا بوو لەگەڵ بریتانیا لەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵات، ئەمە وێڕای ئەوەی قەیسەری روسیا خۆشی لە فەرەنسای کۆماری نەدەهات و ڕقی لە بیروباوەڕی کۆماری خوازەکانی فەرەنسا دەبۆوە[5].

---

(1) كارلتون هيز، المصدر السابق، ص377.

(2) سامان حوسێن ئەحمەد، مێژووی ئەوروپا...، ل15.

(3) كارلتون هيز، المصدر السابق، ص377.

(4) سامان حوسێن ئەحمەد، مێژووی ئەوروپا...، ل372.

(5) كارلتون هيز، المصدر السابق، ص377.

## تەوەرەی چوارەم: کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بسمارك لە ساڵی (1890)

دوای ئەوەی بسمارك توانی بە درێژایی ماوەی دەسەلاتی ئیمپراتۆر ولیەمی یەکەم (1871-1888) بەشێوەیەکی تاکڕەوانە فەرمانڕەوایی ئەڵمانیا بکات، بەڵام دوای ئەوەی ولیەمی یەکەم لە ساڵی (1888)دا مرد و ولیەمی دووەم جێگای گرتەوە[1]، لێرەوە ململانێ لە نێوان بسمارك و ئیمپراتۆری نوێ دەستی پێکرد، کە ئەم ناکۆکیەش چەند هۆکارێکی هەبوو، لەوانە ولیەمی دووەم کە هاتە سەر دەسەلات لە تەمەنی (31)ساڵی دا بوو، کە گەنجێکی ئازا و لێهاتوو و پڕجۆش و خرۆش بوو، ئەگەرچی زۆر سەرسامی بسمارك بوو، بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوو بەرامبەر تاکڕەوی بسمارك بێدەنگ بوەستێ، بۆیە دەیویست سنورێك بۆ دەسەڵاتەکانی بسمارك دابنێ، لە بەرامبەریشدا بسمارك کە تەمەنی نزیکەی (75) ساڵ بوو، زۆر پێداگری لەسەر بڕیارەکانی دەکرد و پێی وابوو بە هەمان شێوەی ولیەمی یەکەم دەتوانێ کۆنترۆڵی ولیەمی دووەمیش بکات[2]، هەروەها جیاوازی تێڕوانیان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، یەکێکی تر بوو لە هۆکاری ناکۆکیەکان، کاتێك ساڵی (1890)هات ئەم ساڵە کاتی نوێکردنەوەی ڕێککەوتننامەی (دووبارە دەستەبەری) نێوان ئەڵمانیا و روسیا بوو، بسمارك بەڵێنی بە قەیسەری روسیا دا کە ئەو ڕێککەوتننامەیە نوێ بکەنەوە، بەڵام ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم نوێکردنەوەی ئەم ڕێکەوتنامەیەیی ڕەتکردەوە، چونکە باوەڕی وابوو بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە ناگونجێ لەگەڵ بەندەکانی هاوپەیمانی دوو قۆڵی نێوان نەمسا و ئەڵمانی[3]، ئەمە جگە لەوەی ولیەمی دووەم خوازیاری فراوان خوازی و خۆ بەهێزکردنی خێرا بوو، تاکو پارێزگاری لە پێگەی ئەڵمانیا بکات وەکو زلهێزێکی جیهانی[4].

لە لایەکی ترەوە جیاوازی بیرو بۆچوونی نێوان بسمارك و ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم لە بارەی سیاسەتی ناوخۆی ئەڵمانیا یەکێکی تر بوو لە هۆکارە گرنگەکانی ململانێکە، چونکە ولیەمی یەکەم

---

(1) دوای مردنی ولیەمی یەکەم کوڕەکەی کە فردریکی سێیەم بوو جێگای گرتەوە، بەڵام ماوەی فەرمانڕەواییەکەی درێژەی نەکێشا، بەڵکو دوای سێ مانگ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە گیانی لە دەستدا و کوڕەکەی واتا ولیەمی دووەم لە 15ی حوزەیرانی (1888) جێگای گرتەوە، ولیەمی دووەم لە ساڵی(1859) لە بەرلینی لە دایك بووە، دایکی ولیەمی دووەم کچی شاژنە فیکتۆریایە (واتا ولیەمی دووەم نەوەی فیکۆتریای شاژنی بریتانیایە)، ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم کەسایەتیەکی بە ناوبانگی مێژووی ئەڵمانیایە، کە بەهۆی سیاسەتە هەڵە و سەرکەشەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیای دووچاری جەنگی یەکمی جیهانی کرد، کە لەو جەنگەدا ئەڵمانیا توشی شکستێکی گەورەبوو، بۆیە ولیەمی دووەم بەناچاری لە 9ی تشرینی دووەمی (1918) بەرەو هۆڵندا ڕایکرد و هەر لەوێش مایەوە تا لە 27ی نیسانی (1941) کۆچی دوایی کرد، www.wikipedia.com .

(2) عمر عبدالعزيز و محمد علي الفوزي، المصدر السابق، ص235.

(3) محمد محمد صالح و احرون، المصدر السابق، ص24.

(4) احمد صالح عبوش و عمر رشيد زنكنة، المصدر السابق، ص128.

سیاسەتی ناوخۆی بسمارکی بە دڵ نەبوو بە تایبەتی بەرامبەر بە سۆسیالستەکان، لە ساڵی (1890) کە بسمارك ویستی یاسایەك ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە سۆسیالستەکان بدات، ئەم یاسایە دەنگی پێویستی بە دەست نەهێنا[1]، ئەمەش ناکۆکی لەنێوان بسمارك و پەرلەمان خستەوە، ئەم ناکۆکی نێوان بسمارك و پەرلەمانیش وای لە ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم کرد گرنگیەکی زیاتر بە کێشەی سۆسیالستەکان بدات، بە تایبەتی کرێکارانی کانە خەڵوزەکان ئەوانە لە ساڵی (1889)دا مانگرتنیان ڕاگەیاندبوو، ئیمپراتۆریش خوازیار بوو ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و هەمیشەش جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کەچی بسمارك لە بری چارەسەرکردنی کێشەکە هەوڵیدا ئیمپراتۆر لە سۆسیالستەکان دووربخاتەوە، بەڵام لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو، کاتێك ئیمپراتۆر وەڵامی دایەوە کە نایەوێت سەرەتای فەرمانڕەوایەتیەکەی بە جەنگێکی خوێناوی دژی ژێردەستەکانی دەست پێ بکات[2].

پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆر و بسمارك تا دەهات زیاتر تێکدەچوو بە تایبەتی دوای ئەوەی بسمارك هەوڵیدا زۆرینەیەکی پەرلەمانی پێکبهێنێ بۆ پاڵپشتی لە پرۆژە یاساکەی، کە داوای لە (فیندهورستی) سەرۆکی رایخ کرد کە کۆببنەوە تاوەکو گفتوگۆ بکەن لە بارەی پێکهێنانی هاوپەیمانەتیەك لە نێوانیاندا، کاتێك ولیەمی یەکەم بەو هەواڵەی زانی زۆر توڕە بوو چونکە بە مافی خۆی دەزانی کە بسمارك لە بەردەمیدا وەکو ئیمپراتۆری ئەڵمانیا لێپرسراو بێت و هەموو شتەکان بە ئاگاداری ئەو بکات، هەروەك دەستووریش ئەو مافەی بە ئیمپراتۆر دابوو، بۆیە ئەو کارەی بسمارکی بە سوکایەتی دانا[3].

هەموو ئەو هۆکارانە وایکرد بسمارك لە ساڵی (1890) نامەی دەست لەکار کێشانەوەی پێشکەش بکات، دوای ئەوەی هەستی کرد بڕیاری لەسەر کار لادانی نزیك بۆتەوە، پاشان بسمارك ئەو چەند ساڵەی تەمەنی یە نوسینەوەی بیرەوەریەکانی بردە سەر، تا دواجار لە تەمەنی (83) ساڵی دا لە 30ی حوزەیرانی(1898) کۆچی دوایی کرد[4].

---

(1) پارێزگاران و ئازادیخوازە نەتەوەییەکان دەنگیان بەم یاسایە نەدا، چونکە بڕگەیەکی تێدا بوو کە مافی بە پۆلیس دەدا سۆسیالستەکان لە نیشتمان دەربکەن، دەسەڵاتیش ئەم بڕگەیەی بەکار دەهێنا بۆ لێدانی نەیارە سیاسیەکانی.

(2) احمد صالح عبوش و عمر رشيد زنكنة، المصدر السابق، ص128-129.

(3) www.wikipedia.com .

(4) احمد صالح عبوش و عمر رشيد زنكنة، المصدر السابق، ص128-129.

**بەشی دووەم: ئەڵمانیا لە دوای فەرمانڕەوایی بسمارك هەتا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1890-1914)**

**باسی یەکەم: سیاسەتی ناوخۆیی ئەڵمانیا (1890-1914):**

**تەوەرەی یەکەم: لایەنی ئابووری ئەڵمانیا لەدوای فەرمانڕەوای بسمارك تا جەنگی یەکەم جیهانی (1890-1914)**

**تەوەری دووەم: ڕەوشی سیاسی ئەڵمانیا لەدوای فەرمانڕەوایی بسمارك تا جەنگی یەکەمی جیهانی (1890-1914)**

**تەوەرەی سێیەم: لایەنی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیا لەدوای فەرمانڕەوایی بسمارك تا جەنگی یەکەمی جیهانی (1890-1914)**

**باسی دووەم: سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا (1890-1914):**

**تەوەرەی یەکەم: گرنگترین ئەو هاوپیمانیانی و ڕێککەوتننامانەی دژی ئەڵمانیا پێکهێنران(1891-1907)**

**تەوەرەی دووەم: گرنگترین ئەو قەیرانانەی پەیوەندی ئەڵمانیای لە گەڵ زلهێوە رکابەرەکانی ئاڵۆزترکرد (1904-1914)**

**تەوەرەی سێیەم: پەیوەندی ئەڵمانیا لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ئێرانی**

**تەوەرەی چوارەم: رۆڵی ئەڵمانیا لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914)**

## باسی یەکەم: بارودۆخی ناوخۆی ئەڵمانیا لە دوای فەرمانڕەوایی بسمارك تا جەنگی یەکەمی جیهانی ( 1890-1914 )

### تەوەرەی یەکەم: لایەنی ئابووری ئەڵمانیا لەدوای فەرمانڕەوایی بسمارك( 1890-1914 )

بسمارك بەر لەوەی لە ساڵی (1890) واز لە پلەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بهێنێت، بناغەیەکی پتەوەی بۆ پێشخستنی ئابووری ئەڵمانیا لە سەرجەم کەرتەکان بە تایبەتی پیشەسازی دانابوو، بۆیە دوای نەمانی دەسەڵاتی بسمارکیش ئابووری ئەڵمانیا بەردەوام لە گەشەسەندن دابوو، تا ڕادەیەکی زۆریش ئەو ڕاوێژکارانەی کە لە دوای خۆی لەو ماوەیە (1890–1914)دا هاتنە سەر دەسەڵات سوودیان لە پلانەکانی بسمارك وەرگرت و درێژەیان بە چاکسازییە ئابووریەکانی ئەودا، کارەکانی ئەو ڕاوێژکارانەش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو بۆ زیاتر پێشکەوتنی ئابووری ئەڵمانیا، (کاپریڤی[1]) کە لە دوای بسمارك بوو بە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا وازی هێنا لە سیاسەتی سەپاندنی باجی زۆر بەسەر کەلوپەلی هاوردە بە تایبەتیش دانەوێڵە، کە پێشتر ئەم سیاستە بسمارك لە ساڵی (1879) سەپاندبووی، ئەم سیاسەتەی کاپریڤی بووە هۆی ئەوەی ئەڵمانیا چەند ڕێککەوتنێکی بازرگانی لە گەڵ هەر یەك لە وڵاتانی بریتانیا و روسیا و نەمسا و ئیتاليا و ڕۆمانیا ببەستێت، کە بەپێی ئەو ڕککەوتننامانە ئەڵمانیا باجی کومرگی کەمکردەوە لە سەر کەلوپەلی هاوردە کە لەم وڵاتانەوە دەهێنرێت بۆ ئەڵمانیا، لە بەرامبەردا ئەو وڵاتانەش باجیان لە سەر کەولوپەلی ئەڵمانی کەمکردەوە، کە ئەمەش پەیوەندی بازرگانی ئەڵمانیای لە گەڵ وڵاتانی بیانی فراوانتر کرد، هاوکات سوودیکی زۆریشی بە چینی خاوەن پیشەسازی و بازرگانی ئەڵمانیا گەیاند، هەر وەکو سوودی بۆ چینی هەژاریش هەبوو چونکە ڕێژەیەکی زۆر دانەوێڵە هاوردەکرا بەمەش نرخی دانوێڵە دابەزی بە جۆرێك چینی هەژاریش توانای کڕینی دانەوێڵەیان هەبوو، بەڵام ئەو سیاسەتەی کاپریڤی زیانی بۆ بەرژەوەندی چینی ئەرستۆکرات و خاوەن زەویەکانی ئەڵمانیا هەبوو، بۆیە کەوتنە دژایەتی کردنی، تا دواجار ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم لەساڵی (1894)کاپریڤی سەر کار لادا[2] و هۆهنلوهی[3] لە شوێنی

---

[1] جۆرج فۆن کاپریڤی ئەفسەرێکی سوپای پروسیابوو، بەژداری کردبوو لە هەردوو شەڕی پروسیا– نەمسای 1866 و شەڕی پروسیا– فەرەنسای 1870، دوای نەمانی دەسەڵاتی بسمارك ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم ویستی هەموو لایەنەکان ڕازی بکات بۆیە کاپریڤی هەڵبژارد وەکو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، بەڵام دواتر لە ساڵی 1894 ولیەمی دووەم لە ژێر فشاری چینی ئەرستۆکرات کاپریڤی لادا لە پلەی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص44–45.

[2] محمد محمد صالح،المصدر السابق، ص44–45.

[3] ئەمیر هۆهنلوهی لەچینی ئەرستۆکراتەکنی ویلایەتی باڤاریای باشوری ئەڵمانیابوو، لە تەمنی گەنجی دا لە دیاترین ئەو بانگەوازکارانەبوو کە داوای یەکێتی نەتەوەیی ئەڵمانیایان دەکرد لە ژێر سایەی پروسیا، هەروەها بەژداری شەڕی ئەڵمانیای کرد لە ساڵی (1870)دژی فەرەنسا، دوای کاپریڤی لەساڵی(1894) وەکو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دیاریکرا، کە تا ساڵی (1900) لەم پۆستە بەردەوام بوو، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: کارلتون هیز، المصدر السابق، ص391–392.

کاپریڤی دانا، کارەکانی ڕاویژکار هۆهنلوهەش ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێشخستنی ئابووری ئەڵمانیا بینی، بەتایبەتی لە ڕووی فراوانخوازی ئابووری لەو دیو دەریاکان، کە ئەم سیاسەتە بووە هۆی ئەوەی ئەڵمانیا لە ساڵی (1898) جگە لە دورگەی ( کیاوجو ) لە چین چەند دورگەیەکی تریشی بەدەست بهێنێت، هەروەها ئەڵمانیا بە تەواوی لە دەوڵەتی عوسمانی نزیك بووەوە و چەندین جیاوگی سیاسی و ئابووری لە ناو دەوڵەتی عوسمانی بەدەست هینا[1]، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەڵمانیا لە سەر دەستی هۆهنلوهی چەند ئیمتیازاتیکی ئابووری لە دەوڵەتی قاجاری ئیرانیش دەستکەوت[2]، کە ئەمەش سوودێکی زۆر بە ئابووری ئەڵمانیا گەیاند و سەرمایەدار و بازرگانانی ئەڵمانیا دەسکەوت و بەرژەوەندیەکی زۆریان لەم ناوچانە بە دەست هێنا، پاراستنی ئەم دەسکەوتانەش پێویستی بە هێزی دەریایی بەهێز هەبوو، بۆیە ئالمانیا بیری لە بەهێزکردنی کەشتی گەلەکانی کردەوە، تا ئەو رادەیەی کە بەجۆرێك کەشتی گەلی ئەڵمانی پێشکەوت مەترسی بۆ سەر بریتانیای سەروەری لە دەریا دروستکرد[3].

لە دوای ڕاویژکار هۆهنلوهە ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم ( فۆن بیلۆف[4] )ی وەکو ڕاویژکاری ئەڵمانیا دیاری کرد، ڕاویژکار بیلۆفیش بەردەوام بوو لە پێشخستنی لایەنی ئابووری ئەڵمانیا بەڵام پێچەوانەی دوو ڕاویژکارەکەی پێش خۆی ئەو دەستیکرد بە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی بسمارك دەستی پێکردبوو، ئەویش سیاسەتی سەپاندنی باجی زۆربوو بە سەر کەلوپەلی هاوردە بە تایبەتیش بەرهەمی دانەوێڵە، کە بەپێی بڕیارێك لە ساڵی (1902) بەرزترین ڕێژەی باجی بەسەر کەلوپەلی هاوردە دا سەپاند، لە سەر ئاستی دەرەوەش بیلۆف چەند ئیمتیازاتیکی ئابووری لە مەراکیش بەدەست هێنا، هاوکات بەردەوامیش بوو لە نزیکبوونەوە و دەستەبەرکردنی ئیمتیازاتی ئابووری لە دەوڵەتی عوسمانی[5]، کە ئەم سیاسەتەش بووە هۆی زیاتر دروستبوونی ترس و نیگەرانی لە لای بریتانیا، کە دواجار بریتانیای لە فەرەنسا و روسیای نەیاری ئەڵمانیا نزیك کردەوە.

---

(1) کارلتون هیز، المصدر السابق، ص 391–392 .

(2) لە باسی دووەمی ئەم بەشەدا، لە تەوەرەیەکی تایبەتدا بە ناوی ( پەیوەندی ئەڵمانیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری) فراوانتر باسی ئەم پەیوەندیانە دەکرێت.

(3) کارلتون هیز، المصدر السابق، ص 392 .

(4) فۆن بیلۆف لە 3ی ئایاری 1849 لە کلاین فلوتبك لە دایك بووە، لە چینی ئەرستۆکراتەکانی ئەڵمانیابوو، بیلۆف لە سەردەمی ڕاویژکاری هۆهنلوهە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیابوو، پاشان لە 16ی تشرینی یەکەمی 1900 بوو بە ڕاویژکاری ئەڵمانیا تا 13ی تەموزی 1909 دەستی لە کارکێشاوە، دوای ئەوەش خزمەتی وڵاتەکەی کردووە تا لە تەمەنی (80 )ساڵی لە 28ی تشرینی یەکەمی 1929 لە رۆما کۆچی دوای کرد، .www.wikipedia.com .

(5) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 46 .

لە دوای بیلۆف لە ساڵی (1909)دا (بیتمان هۆلفیك[1]) بوو بە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، کە لەسەر هەمان سیاسەتی ئابووری ڕاوێژکاری پێش خۆی ڕۆیشت، بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی (1890–1914)دا حکومەتی ناوەندی بەردەوام بوو لە پشتگیری کردنی کەرتی پیشەسازی بەجۆرێك کارگەی پیشەسازی گەورەی زۆری دامەزراند، هەروەها حکومەت پلانێکی فراوانی دانا بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی پیشەسازی هۆیەکانی گواستنەوە، بەمەش ڕێگاکانی گواستنەوەی وشکانی و هێڵی ئاسنین پێشکەوتنێکی زیاتریان بەخۆیەوە بینی، هەر لەو ماوەیەدا ئەڵمانیا لە ڕووی پیشەسازی کەشتیشەوە پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی بە شێوەیەك ئەڵمانیا لە ڕووی کەشتیوانیەوە هاتە پلەی دووەم لە دوای بریتانیا کە ئەمەش بۆ ئەو پلانە تۆکمەییەی حکومەت دەگەڕێتەوە کە دایـنابوو بۆ پێشخستن و فراوانکردنی بەندەرەکان و کەشتیە بارهەڵگرەکان[2]، لە ڕاستیدا پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ زیاتر پێشکەوتنی ئابووری ئەڵمانیا چونکە بەم هۆیە کەلوپەلە پیشەسازیەکانی ئەڵمانیا خێراتر و ئاسانتر و بە تێچووی کەمتر دەگوازرانەوە بۆ بازاڕە ناوخۆیی و بیانیەکان.

لە ڕاستیدا پێشکەوتنی ئابووری ئەڵمانیا سەرسوڕهێنەربوو، کە بەرهەمهێنانی ئاسن لە (5) ملیۆن تەنەوە زیادی کرد بۆ (15) ملیۆن تەن، بەرهەمهێنانی خەڵوز لە (70) ملیۆن تەنەوە بۆ (200) ملیۆن تەن بەرزبۆوە، داهاتی ساڵانەی بازرگانی لە (800) ملیۆن دۆلارەوە بەرزبۆوە بۆ (2000) ملیۆن دۆلار، هەروەها ژمارەی ئەو ئەڵمانیانەی بە کاری پیشەسازی و بازرگانیەوە خەریك بوون لە (20) ملیۆن کەسەوە گەیشتە (35) ملیۆن کەس[3]، هاوکات چیتر ئەڵمانیەکان پێویستیان بەوە نەبوو کۆچبکەن بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و کیشوەری ئەمریکای باشوور بۆ ئەوەی کاریان دەست بکەویت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەلی کار وخۆشگوزەرانیان لەناوەیی ولاتدا بۆ فەراهەم کرابوو[4].

هەر لەو ماوەیەدا لە هەندێك پیشەسازی قورسی وەکو پۆلا ئەڵمانیا پێشی ولاتی بریتانیا کەوت، لە پیشەسازی ئۆتومبیل و ئەندازیاری کارەباشدا پێشی هەموو ولاتانی دونیا کەوتەوە، لە بواری پیشەسازی کیمیاگەریشدا بووە پێشەنگی ولاتی ئەورووپا، بە جۆرێك بۆیەی ئەڵمانیا لە پیشەسازی چنینی هەموو ولاتان

---

(1) بیتمان هۆلفیك لە چینی خاوەن زەویەکانی پروسیابوو، لە 29ی نوڤەمبەری 1856 لەدایك بووە، دەرسی قانونی تەواوکردوە، لە ڕێگای مەدەنی خزمەتی ولاتەکەی کردوە تا ئەو کاتەی لە 14ی تەموزی 1909 وەکو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دیاری کرا، لە سەردەمی ئەو ڕاوێژکارە ئەڵمانیا لە 1ی ئابی 1914 توشی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو، هۆلفیکیش ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕوداوەکانی ئەو جەنگەدا هەبوو، تا ئەو کاتەی بەهۆی ناجێگیری بارودۆخی سیاسی لە 13ی تەموزی 1917 دەستی لە کارکێشایەوە، پاشان دوای ئەوەی شکەستی ولاتەکەی بینی لە جەنگی یەکەمی جیهانی، لە تەمەنی 64 ساڵی لە بەرواری 1ی کانونی دووەمی 1921 کۆچی دوایکرد www.wikipedia.com.

(2) سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان..، ل11.

(3) كارلتون هيز، المصدر السابق، ص 389 .

(4) جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 505 .

بەکاردەهات[1]، هەرلەو کاتەدا ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەڵمانیا زۆر بەرەو پێشەوەچوو، کە لە 9٪ ی ئاڵوگۆڕی جیهانی لە ساڵی 1883 بەرزبۆوە بۆ 12٪[2] لە ساڵی 1914، کە ئەم ئاڵوگۆڕیەش لە گەڵ زۆربەی ناوچەکانی جیهان بوو، تەنانەت دەوڵەتی روسیا ئەگەرچی لەڕوی سیاسیەوە پەیوەندی باش نەبوو لە گەڵ ئەڵمانیا کەچی  نزیکەی 47٪ هاوردەکانی لە ئەڵمانیاوە بوو، بریتانیاش 14٪ هینراوەکانی لە ئەڵمانیاوە بوو، ئەمە جگە لەوەی بەرهەمەکانی ئەڵمانیا بازاڕێکی گەرمیان لە هۆڵندا، بەجیکا، ئیتالیا، صربیا، ڕۆمانیا،، بولگاریا، دەوڵەتی عوسمانی و ئەمریکای باشوریش پەیدا کردبوو[3]، ئەم بازاڕگەرمیەیی بەرهەمەکانی ئەڵمانیا کاریگەری خراپی کردبووە سەر بازاڕی بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتانیا، بە شێوەیەك ڕێژەی بازرگانی بریتانیا کە لەساڵی 1883 دا 23٪ی بازرگانی جیهانی پێکدەهێنا کەچی بەرە بەرە تا ساڵی 1914 بۆ 17٪ کەم بۆوە، ئەمەش بە واتای شێوانی هاوسەنگی هێزە نێودەوڵەتیەکان دێت، کە دواجار کاریگەربوو لە بەرەو گرژبردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و یەکێك بوو لە هۆکارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی 1914[4] .

جێگای ئاماژەیە جگە لەو هۆکارانەی کە پێشتر باسمان کردون، مێژوونوسان چەند هۆکارێکی تریش دیاری دەکەن بۆ پیشکەوتنی خێرای ئابووری ئەڵمانیا، لەوانە شوێن و پێگەی جوگرافی گرنگی ئەڵمانیا، کە لە لایەك زۆر دەوڵەمەندبوو بە کەرستەخاوە کانزاییەکان بە تایبەتی ئاسن و خەڵوز، لە لایەکی تریشەوە ئەڵمانیا کەوتۆتە ناوەڕاستی کیشوەری ئەوروپا کە بە هێڵی شەمەندەفەر بە زۆربەی ناوچەکانی تری ئەورورپاوە بەسترابۆوە، هەروەها کەسایەتی تاکی ئەڵمانی یەکێکی تربوو لە هۆکارە گرنگەکانی ئەم پێشکەوتنە، چونکە ئەڵمانیەکان پێیان وابوو چۆن توانیویانە لە شەڕەکانی ئەوروپا لە ساڵی ( 1864-1871 ) سەرکەوتن بەدەستبهێنن، ئەوە پێویستە لە ڕووی ئابووری و شارستانیشەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن[5]، بۆیە ئەڵمانیەکان هەموو هەوڵێکیان خستبۆگەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەم و شارستانیەتی ئەڵمانیا

[1] ئەفیمۆف و ئەوانی تر، مێژووی سەردەمی نویێ (لە شۆرشی ئینگلستان تاکۆمۆنی پاریس) ، وەرگێڕانی: زانەر محمد رەشید، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2013، ل 350-351 .

[2] زۆربەی سەرچاوەکان ئەم ڕێژەیە دیاری دەکەن، بەڵام دکتۆر محمد ئیحسان دەڵێت کۆی بەرهەمی ئەڵمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا بووە بە دوو بە هێندەی کۆی بەرهەمی بریتانی، بەجۆرێك لە شێستەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا چواریەکی بەرهەمی پیشەسازی جیهانی هی بریتانیا بوو کەچی لە ساڵی 1913 دا بوو بە 10٪، کەچی پشکی ئەڵمانیا بەرزبۆوە بۆ 15٪، بڕوانە محمد ئیحسان، سەرچاوەی پێشوو، ل 94 .

[3] عبدالعزیز سلێمان نەوار و عبدالمجید نعنعی، سەرچاوەی پێشوو، ل 321 .

[4] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان، ل 11- 12 ؛ عبدالوهاب القیسی و اخرون، المصدر السابق، ص 6-7 .

[5] عبدالعزیز سلێمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل322-323 .

به هەموو ولاّتانی دونیا[6]، ئەمە وێڕای ئەوەی هەولّی داهێنانی زانستی و تەکنەلۆجی زیاتریان دەدا و بە خێرایش سوودیان لە دەرهاویشتەکانی پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجیەکان وەردەگرت[1].

## تەوەرەی دووەم: ڕەوشی سیاسی ئەڵمانیا لەدوای فەرمانڕەوایی بسمارك تا هەڵگیرسانی جەنگی یەكەمی جیهانی (1890-1914)

ئیمپراتۆر (ولیەمی دووەم 1888–1918) بە درێژایی ماوەی ساڵانی (1890–1914) گەورەترین و بەهێزترین دەسەلاّتی ئەڵمانیابوو، کە گەنجیکی بەهێز و پڕ لە چالاکی بوو، زۆر شانازیی بەخۆیەوە دەکرد و حەزی دەکرد بیروڕای خۆی بسەپێنێت، هەروەها ولیەم باوڕی بە مافی خودایەتی هەبوو لە فەرمانڕەوایدا، و بەردەوام لە وتارەکانی دا جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە کە ( لە ئەڵمانیادا تەنیا یەك گەورە هەیە ئەویش ئیمپراتۆر خۆیەتی[2])، هەر ئەم سیاسەتەش وای کرد بسمارکی دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە ساڵی ( 1890 ) دەست لەکار بکێشێتەوە، نەمانی دەسەلاّتی بسمارکیش زیاتر هەلی بۆ ولیەمی دووەم ڕەخساند بۆ ئەوەی خۆی بەسەر حکومەتی ئەڵمانیادا بسەپێنێت، ولیەمی دووەمیش بەهەمان شێوەی بسمارك جارێکی تر جەختی کردەوە کە ( سەرباز و سوپا ئەوانەن یەکێتی ئەڵمانیایان دروستکردووە نەك زۆرینەی پەرلەمانی، متمانەی تەواویشم بە سوپا هەیە)[3].

دوای بسمارك چوار کەسایەتی پلەی ڕاوێژکاریی ئەڵمانیایان وەرگرت، ئەوانیش کاپریڤی (1890– 1914)، هۆهنلوهە (1894–1900)، فۆن بیلۆف (1900–1909) و بیتمان هۆلفیك (1909–1917) بوون، کە هیچیان لە ئاستی بەهێزی و جەماوەری بسمارك دا نەبوون، بەڵکو ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم بە ئارەزووی خۆی دای دەنان و لای دەبردن، و زۆر دەستی دەخستە ناو کاروباریانەوەو بیروباوەڕی خۆی بەسەردا دەسەپاندن، هەر بۆیە لەم ماوەیەدا زۆر جار کێشە و ناکۆکی لە نێوان ڕاوێژکار و ئیمپراتۆر ڕویان دەدا[4].

یەکەم ڕاوێژکار کە لە دوای بسمارك وەکو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دیاری کرا کاپریڤی بوو، ئەم ڕاوێژکارە ئەگەرچی لە ڕووی سەربازییەوە پێشینە و توانایەکی زۆری هەبوو بەلاّم لە ڕووی سیاسەت و بەڕێوەبردنەوە توانایەکی ئەوتۆی نەبوو، لە پەرلەماندا پارتی ئازادیخوازان و پارتی پێشکەوتن پشتگیری بڕیارەکانی کاپریڤیان دەکرد چونکە بە هەمان شێوەی ئەوان کاپریڤیش لە بەرژەوەندی خاوەنکار و سەرمایەدارەکان کاری دەکرد، بەلاّم ئەرستۆکراتەکان خۆیان لە کاپریڤی بە گەورەتر دەزانی چونکە

---

[6] جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل 505 .

[1] ئەفیمۆف و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل351 .

[2] فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 371 .

[3] کارلتون هیز، المصدر السابق، ص389 .

[4] المصدر نفسة ، ص390 .

کاپریڤی لە خاوەن زەویە بچوکەکان بوو[5]، بەهۆی لەیەك چوونی  خواستەکانی کاپریڤی لە گەڵ کۆمەڵە هاوپەیمانەکانی لە پەرلەمان، ئەمە وای کرد کۆتایی بەو یاسایانە بهێنێت کە بۆ لێدانی سۆسیالستەکان بەکاردەهات، پاشان چەندین یاسای لە پێناو بەرژەوەندی کرێکاران دەرکرد، لە سەر ئاستی ئابووریش هەروەکو پێشتر باسمان کرد باجی گومرکی لە سەر دانەوێڵەی هاوردە کەمکردەوە، ئەم سیاسەتەش بووە هۆی بێزاربوونی چینی ئەرستۆکراتی پروسیا چونکە زیانی بە بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەگەیاند، هاوکات کاپریڤی زۆر لە بریتانیا نزیك بۆوە ، بۆیە کۆنەپارێزەکان زیاتر دژی وەستانەوە، ئیمپراتۆر ولیەمی دووەمیش لە ژێر کاریگەری ئەم فشارانەدا لە ساڵی (1894) کاپریڤی لە پۆستەکەی دوور خستەوە[1].

جێگرەوەی کاپریڤی ئەمیر هۆهنلوهە بوو، ئەم ڕاوێژکارە کاتێك هاتە سەردەسەڵات تەمەنی نزیکەی (75) ساڵ بوو، ئەم تەمەنە بەرزەش کاری کردبووە سەر لاوازکردنی تواناکی ئەم ڕاوێژکارە، بۆیە زیاتر ڕاوێژکارێکی ڕەمزی بوو، کاریگەریەکی ئەوتۆشی بەسەر ڕووداوەکانەوە نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەدەستی ئیمپراتۆر ولیەمی دوووەم  و بیلۆفی وەزیری دەرەوە بوو، ئەم ڕاوێژکارەش زیاتر پاڵپشتی چینی خاوەن پیشەسازیی و بازرگانی بوو، بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمانیش هەر پشتی بەم چینە بەستبوو[2].

لە ماوەی دەسەڵاتی ڕاوێژکار هۆهنلوهەدا ئاستی جەماوەری پارتە شۆڕشگێڕیەکان لە سەروی هەمویانەوە سۆسیالستەکان زۆر زیادی کرد، ئەمەش حکومەت و لایەنەکانی تری پەرلەمانی بەتایبەتی پاریزگارەکانی توشی ترس و دڵەڕاوکێ کرد، بۆیە حکومەت کەوتە دژایەتیکردن و ئازاردانی سۆسیالستەکان، تەنانەت لە هەندێك هەرێم لە دژی سۆسیالستەکان دەستکاری یاساکانی هەڵبژاردن کرا هەروەکو ئەمە لە هەرێمی سەکسۆنیا دەبینرێت، پارێزگارەکانیش هەر لە ساڵی (1892) ەوە بانگەشەی خەباتێکی نا دەستوریان دەکرد لە دژی پارتی سۆسیال دیموکرات و هەموو دوژمنانی دەوڵەت، ئەم بانگەشەیە سەری کێشا بۆ دژایەتی کردنی جولەکەکان و پارتی پێشکەوتنیش، بەڵام ئەم بانگەشەیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و لە لایەن لایەنەکانی تری پەرلەمانەوە ڕتکرایەوە، چونکە ئەوانیش بەهۆی ئەم بانگەشەیەوە لە پێگەی خۆیان دەترسان ، ئەمە جگە لەوەی ئەم بانگەشەیە لە گەڵ بەرنامە و ئامانجی پارتە دیموکراتیەکان نە دەگونجا[3].

هەر لە ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕاوێژکارە دا چەند هۆکارێك پاڵیان بە حکومەتی ئەڵمانیاوە نا کە بیر لە بەهێزکردنی هێزی دەریایی بکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتی هێزی وشکانی کە پێشتر پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی بوو، گرینگترین ئەو هۆکارانەش ئەمانە بوون: زۆربەی  بازرگان و شارەزایانی کاروباری گشتی پێیان وابوو هێزی دەریایی بەهێز گەورەترین دەستەبەریە بۆ پاراستنی بازرگان و سەرمایە

---

(5) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص44 .

(1) کارلتون هیز، المصدر المسابق، ص391 .

(2) المصدر نفسة و الصفحة نفسة.

(3) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص 45-46 .

وەبەرهێنراوە فراوانەکانی ئەڵمانیا لە دەرەوەی سنوری ئەڵمانیا، ئەمە جگە لە بانگەشەی گروپە نیشتیمانیەکانی ئەڵمانیا لە سەروی هەموشیانەوە گروپە دەریاییە ئەڵمانیەکان بۆ بەهێزکردنی هێزی دەریایی، هاوکات وانەیەکی کرداری لە سەرکەوتنی ( ئەمریکیەکان بەسەر ئیسپانیەکان و بریتانیەکان بەسەر بوێریەکان[1]) دا بە دەستهات،کە هۆکاری سەرەکی ئەم سەرکەوتننانە بۆ پاڵپشتی هێزی دەریایی دەگەڕاییەوە، هەروەها ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بیرۆکەی پێشخستنی هێزی کەشتی گەلی ئەڵمانی، کە هەمیشە لە وتارەکانی جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە کە ( ئایندەی ئەڵمانیا بەندە بە هێزی دەرياييەوە [2])، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەدمیراڵ فۆن تربیتز کە لە ساڵی (1898)دا وەکو وەزیری دەریاوانی ئەڵمانیا دیاری کرابوو، پێی وابوو پێشکەوتنی ئابووری ئەڵمانیا، ناچاری دەکات کێبڕکێی بریتانیا بکات لە لایەنی بازرگانی و داگیرکاری، باشترین ڕێگاش بۆ ئەوەی بریتانیا ناچار بکەن دان بە بەرژەوەنیەکانی ئەڵمانیا دابنێت بەهێزکردنی کەشتی گەلی ئەڵمانیایە تا ئەو ئاستەی بتوانێت بەرامبەر کەشتی گەلی بریتانی بوەستێت، بۆیە ئەدمیراڵ تربیتز دەستی کرد بە دانانی چەندین یاسا بۆ ئەوەی هێزی دەریایی بە هێزبکات کە لە ساڵی (1900)دا یەکەم یاسای دانا پاشان چەندین یاسای تری دەرکرد تا ئەو ئاستەی کەشتی گەلی ئەڵمانی زۆر بەهێزبوو بە جۆرێك پلەی دووەمی گرت لە دوای کەشتی گەلی بریتانیا [3].

لە ساڵی (1900)دا فۆن بیلۆف لە شوێنی هۆهنلوهە بوو بە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، بیلۆف کەسایەتیەکی بەهێزتری هەبوو لە دوو ڕاوێژکارەکەی پێش خۆی، بەشێوەیەکی ئازادانە وەکو ڕاوێژکارێك چی بویستایە دەی کرد، بیلۆف زۆر رقی لە پۆلندیەکان دەبۆوە بۆیە چەند یاسایەکی لە پەرلەمان خستنەڕوو بۆ دژایەتیکردنی پۆلندیەکان، کە ئەو یاسایانە زۆر لە یاساکانی بسمارك توند تربوون بەرامبەر پۆلندیەکان، بە شێوەیەك زمانی پۆلندیەکانی سنوردار دەکرد و ناچاری دەکردن زەویەکانیان بە کڕیارە

---

[1] لە ساڵی( 1898) لە سەر ناوچەی کوبا شەڕ لە نێوان ئیسپانیا و ئەمریکا ڕوویدا، کە بەهۆی بەهێزی هێزی دەریایی ئەمریکیەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و هەر دوو ناوچەی کوبا و فلیپنیان لە ئیسپانیەکان سەند، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەونی عبدالرحمان سەبعاویی، مێژووی ئەمریکا، وەرگێڕانی: محمد عبداللە کاکەسوور، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2012، ل189-192 . هەرچی بریتانیایە دەمێك بوو چاوی بڕیبووە ناوچەی بوێر کە هەردوو کۆماری ترنسفال و ئۆرانجی بە ڕەگەز هۆڵندی دەگریتەوە کە کەوتونەتە باشووری کیشوەری ئەفریقا، سەرەڕای بەرگریەکی توندی بویریەکان بەلام دواجار لە ساڵی (1898) بریتانیا ئەو ناوچەیەی داگیرکرد، ئەگەرچی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا خوازیاربوو یارمەتی بوریەکان بدات بەلام بەهۆی نەبوونی کەشتی گەلی بەهێز نەی توانی هیچ یارمەتیەکی بوریەکان بدات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ممدوح نصار و احمد وهبان، المصدر السابق, ص114-116؛ فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل379-386.

[2] کارلتون هیز، المصدر السابق، ص392.

[3] خليل على مراد و اخرون، دراسات فى التاريخ الاوربى الحديث و المعاصر، وزارة التعليم العالى و البحث العلمى، الموصل، 1988، ص230.

ئەڵمانیەکان بفرۆشن، بیلۆف هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی و بە سەدان ملیۆن دۆلاریشی تەرخان کرد بۆ ئەوەی زەویی و موڵکەکان لە پۆلندیەکان دابماڵێت ، بەلاّم لە گەل ئەوەشدا سەرکەوتوونەبوو، بەجۆرێك پۆڵندیەکان کە لە ناوچەکانی ( بوزن و پروسیای رۆژئاوا) رێژەیان زۆربوو، هەر لە ساڵی (1880) ەوە تا ئەوکاتە گەورەترین بەرهەڵستکاری دەوڵەتی ئەڵمانیابوون[1].

لە سەر ئاستی پەرلەمانیش بیلۆف هەوڵیدا ئازادیخوازان و کۆنەپاریزەکان لە یەك بەرەی پەرلەمانیدا کۆبکاتەوە، لەم هەوڵەشیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا کاتێك توانی ئازادیخوازەکان بە سەپاندنی باجی زۆر بەسەر دانەوێڵەی هاوردە دا ڕازیبکات، هەروەها بیلۆف زۆر گرینگی بە زیاتر بەهێزکردنی هێزی دەریایی و وشکانی دەدا، ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە ناو دەوڵەتی عوسمانی دا ڕۆچوو، بەلاّم لە ناوەخۆی ئەڵمانیا چەند لایەنێك دژی ئەو سیاسەتانەی بیلۆف وەستانەوە، ئەوانیش پارتی پێشکەوتن و پارتی ناوەندی کاسۆلیك و پارتی سۆسیال دیموکرات بوون، بۆیە کاتێك بیلۆف لە ساڵی (1906)دا داوای لە پەرلەمان کرد بودجەی پێویست بۆ بەهێزکردنی سوپا پەسند بکات ئەوان ئەو داوایەیی بیلۆفیان ڕەتکردەوە، ئەوەشیان ڕاگەیاند ئەو سیاسەتەی بیلۆف بارێکی قورس دەخاتە سەر ئابووری وڵات و مەترسیش دروستدەکات بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەڵمانیا، لە بەرامبەر ئەمەشدا بیلۆف پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و لە ساڵی (1907)دا هەڵبژاردنی نوێ ئەنجامدرا، کە لەم هەڵبژاردنەدا پارتی پارێزگاران و پارتی ناوەندی کاسۆلیك و ئازادیخوازان بە نزیکەیی پارێزگاریان لە پێگەی خۆیان کرد، بەلاّم پارتی پێشکەوتن ڕێژەی دەنگەکانی کەمی کرد و دەنگی سۆسیال دیموکراتەکانیش زیادبوو، بە هەر حاڵ پارتە هاوپەیمانەکانی بیلۆف (پاریزگاران و ئازادی خوازان) زۆرینەی رایخشتاخیان بەدەستهێنا، بەم شێوەیە بیلۆف بەردەوام بوو لەسەر جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانی[2].

بەلاّم ئەو بارودۆخە هێندەی نەبرد کە پاریزگارەکان بە توندی نارەزایەتیان دژی سیاسەتی بیلۆف دەربڕی، ئەمەش بەهۆی سەپاندنی باج بەسەر داهات و میراتدا، لەلایەکی تر بیلۆف هەوڵی نەدا ئیمپراتۆر لەو ڕەخنانە بپاریزیت لەو کاتەی ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف) لە چاوپێکەوتنی یەکێك لە پەیامنێرەکانیان لەگەڵ ئیمپیراتۆر، کە ئیمپراتۆر ئەوەی دەرخستبوو کەگەلی ئەڵمانیا دژی گەلی بریتانیایە، ڕاوێژکار بلۆفیش هەوڵی نەدا ئیمپراتۆر لەم ڕەخنانە ڕزگاربکات، بۆیە بیلۆف لەژێر فشاری ئۆپۆزسیۆنی پەرلەماندا ناچاربوو لەساڵی (1909)دا دەست لەکار بکێشێتەوە[3].

دوای فۆن بیلۆف، بیتمان هۆلفیك بوو بە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، کە لە لایەنی سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەکی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر هەمان سیاسەتی فۆن بیلۆف دەرۆیشت، بەلاّم لەم ماوەیەدا دانیشتوانی

---

(1) کارلتون هیز، المصدر السابق، ص392.

(2) المصدر نفسة ، ص392–393.

(3) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص47 .

ئەلزاس و لۆرین کە زۆربەیان بە ڕەگەز فەرەنسی بوون، لە ساڵی (1870)وە لە هەوڵ و خەباتی بەردەوام دابوون بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان بەڵام تا ئەو ساتەی دەسەڵاتی بسمارك هەبوو نەیان توانی هیچ چالاکیەکی ئەوتۆ ئەنجام بدەن، بۆیە کاتێك دەسەڵاتی بسمارك نەما دانیشتوانی ئەم ناوچەیە جموجۆڵ و چالاکیەکانیان زیاتربوو، ڕاویژکار هۆلفیکیش کە هاتەسەر دەسەڵات ویستی کۆتایی بە کێشە ناوخۆیەکانی ئەڵمانیا بهێنێت، بۆیە دەیویست تارادەیەك ئەوانیش ڕازی بکات، ئەویش لە ڕێگای پێدانی جۆرێك لە خۆبەڕێوەبردن بە دانیشتوانی ئەو دوو هەریمە لە ساڵی (1911)، بەڵام دواتر لە تشرینی دووەمی (1913) چەند ڕووداوێکی شۆڕشگێڕانە لە ناوچەی ئەلزاس ڕویاندا، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوەبوو لە سەرووی هەمووشیان بێزاربوونی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە هەڵسوکەوتی یەکێك لە ئەفسەرە ئەڵمانیەکان، کە دەیویست خەڵکی ئەم ناوچەیە بە زۆر بکاتە سەرباز[1].

لە لایەکی ترەوە ڕاویژکار هۆلفیك گرنگیەکی زۆری بە بەهێزکردنی سوپادا، کە سوپای ئامادەی لە (656)هەزار سەربازەوە گەیاندە(870)هەزار سەرباز لە کاتی ئاشتی[2]، ئەمە جگە لەوەی لەو ماوەیەدا بەهۆی یاسای بەزۆرملێی سەربازیی کە بە پێی ئەم یاسایە دەبوو هەموو پیاوێکی تەندروست خزمەتی سەربازی تەواوبکات و لە کاتی پێوست دا چەك هەڵبگرێت لە پێناو سەربەرزی نیشتمانەکەی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم یاسایەدا چینێکی گەورە لە ڕووی ژمارەی سەرباز و ئەفسەران هاتنە کایەوە[3]، کە خەرجی ئەم سوپایە زۆرە (250) ملیۆن دۆلاربوو[4]، ئەمەش ڕێژەیەکی خەیاڵی بوو کە بە بەراورد بە ساڵی (1870) خەرجی سەربازی سێ ئەوەندە زیادی کردبوو[5]، هاوکات لە سەردەمی ئەم ڕاویژکارە دا لە ساڵی (1914) حکومەتی ئەڵمانی پڕۆژەی کەشتیوانی بەندەری کییلی تەواوکرد، کە ئەم پڕۆژەیە توانایەکی سەربازی گەورەی بە هێزی کەشتی گەلی ئەڵمانی بەخشی، چونکە کەشتی گەلی ئەڵمانی لە دەریایی باکوور و دەریایی بەڵتیکدا بە یەکگەیاند[6].

---

(1) الان بالـمر، المصدر السابق، ص48 .

(2) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص48 .

(3) فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل442 .

(4) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص48 .

(5) لە راستیدا ماوەی نێوان ساڵانی (1870–1914) ئەگەرچی ماوەیەکی ئاشتی بوو، هیچ شەڕێکی ئەوتۆش تیایدا ڕووی نەدا، بەڵام زلهێزەکانی ئەوروپا هەموویان لە یەکتر بەگومان بوون، بۆیە پەنایان بردە بەر بە بەهێزکردنی هێزی سەربازی، بە جۆرێك هەریەك لەو وڵاتانە بە ملیۆنان سەرباز و جبەخانەیان هەبوو، بۆیە لەو ماوەیەدا لە بەریتانیاش بە هەمان شیوەی ئەڵمانیا خەرجی سەربازی سێ ئەوەندە زیادی کرد، لە فەرەنساش دوو ئەوەندە زیادی کرد، لە روسیای قەیسەریش خەرجی سەربازی سێیەکی بودجەی وڵاتی بۆ خۆی بردبوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان...، ل18–19 .

(6) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عەبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل351 .

هەرچی سەبارەت بە پارتەکانە ئەوە لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی هەمان پارتەکانی سەردەمی بسمارك لە کێبڕکێ دابوون، پارتی پارێزگاران و ئازادی خوازن و پارتی ناوەندی کاسۆلیك گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر پێگەی سیاسیاندا نەهات، بەلاّم پارتی پێشکەوتن بەرەو لاوازی چوو، ئەمەش بەهۆی دابەشبوون کە بە سەر پارتەکەدا هات، کە لە سالّی (1910) لە ژێرناوی بەرەی پێشکەوتن لە پەرلەماندا مایەوە، کە تەنیا خاوەنی (42) کورسی پەرلەمان بوو[1]، بەلاّم پارتی سۆسیال دیموکرات بەردەوام لە گەشەسەندندابوو، بەجۆرێك لە هەلبژاردنی سالّی (1912) سێ یەکی کورسیەکانی رایخشتاخی بە دەستهێنا، کە ڕێژەی دەنگی پارتەکان لەم هەلّبژاردنەدا بەم شێوەیە بوو: پارتی سۆسیال دیموکرات چوار میلۆن و چارێگە ملیۆنێك دەنگی بەدەستهێنا، لەبەرامبەردا پارتی ناوەندی کاسۆلیك دوو ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا، هەروەها ئازادیخوازە نیشتیمانیەکان ملیۆنێك و سێ چارەگە ملیۆن دەنگیان دەستەبەرکرد، هەریەکە لە پارتی پێشکەوتن و پارتی پارێزگارانیش ملیۆن و نیوێك دەنگیان بەدەستهێنا[2].

بەشێوەیەکی گشتی هەر لە دوای نەمانی دەسەلاّتی بسمارکەوە تا ڕادەیەك ڕژێمی حوکمی ئەلّمانیا بەرەو دیموکراسی دەچوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەلاّتی سۆسیال دیموکراتەکان و میانڕەوەکان لە فراوانبوون دابوون، تا ئەو ئاستەی بەر لە هەلّگیرسانی جەنگی جیهانی زۆرینەی پەرلەمانیان پێکهێنابوو، کە کاریان بۆ ئەوە دەکرد ئەلّمانیا بەرەو دیموکراسی ڕاستەقینە ئاراستە بکەن، بەلاّم لەو هەولّەیاندا بە شێوەیەکی ئەوتۆ سەرکەوتوونەبوون چونکە بەپێی دەستور نەیاندەتوانی لێپرسینەوە لە گەلّ ڕاوێژکار و وەزیرەکاندا بکەن، یاخود متمانەیان لێ بسێننەوە[3].

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەلّمانیا لە سەردەمی ڕاوێژکار بیتمان هۆلفیك دا تووشی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەلّمانیا بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی (1914) لە ناوخۆدا کۆمەلّگەیەکی بێ کێشەو یەکگرتوبوو، ئەگەرچی هەندێك کێشەی کەمە نەتەوەییەکانی هەبوو، وەکو دانیمارکیەکان لە شلزویگ و پۆلندیەکان لە پروسیا و فەرەنسیەکان لە ئەلزاس و لۆرین، بەلاّم ئەوانە پەرش و بلاّو و کەمینەبوون کە لە ( 7٪) دانیشتوانیان پێك دەهێنا و بە ئاسانی دەتوانرا کۆنترۆلّ بکرێن[4]، هەروەها سۆسیالستەکان کە تاڕادەیەکی زۆر لە شێوازی حوکمی ئەلّمانیا نارازی بوون، بەلاّم لە گەلّ ئەوەشدا سۆسیالستەکان ڕەتیانکردەوە هیچ کێشەیەك یاخود شۆڕشێکی ناوخۆیی بەرپابکەن، بەلّکو هەمیشە جەختیان لەسەر یەکێتی ناوخۆیی کۆمەلّگەی ئەلّمانیا دەکردەوە[5].

---

[1] محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص48 .

[2] كارلتون هيز، المصدر السابق، ص390 .

[3] مفيد زيدى، المصدر السابق، ص816 .

[4] عبدالعزيز سليمان نەوار و عبدالمجيد نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل 350 .

[5] مفيد زيدى، المصدر السابق، ص816 .

## تەوەرەی سێیەم: لایەنی کۆمەلایەتی ئەڵمانیا لەدوای فەرمانڕەوایی بسمارك تا هەلگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1890-1914)

ئەڵمانیا لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە وەکو سەرجەم لایەنەکانی تر لە ماوەی (1890–1914) دا لە گەشەسەندنی بەردەوام دابوو، کە دەبینین لەم ماوەیەدا ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی، کە لە ساڵی (1893) ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا نزیکەی (50) ملیۆن کەس بوو، کەچی ئەم ڕێژەیە تا ساڵی (1914) بۆ نزیکەی (70) ملیۆن[1] کەس بەرزبۆوە[2].

سەبارەت بە بارودۆخی پێکهاتەکانی کۆمەلگا، لەم ماوەیەدا بارودۆخی ژیانی کرێکاران بەرەو باشترچوو، ڕاوێژکار کاپریڤی دوای ئەوەی هاتە سەر دەسەلات لە ساڵی (1890) هەستا بە دانانی دادگای کرێکاران بۆ کەمکردنەوەی ململانەی نێوان کرێکاران و خاوەن کارەکان، پاشان بە هەمان شێوەی بسمارك یاسایەکی دانا و ڕۆژی یەك شەممەی کردە پشوو بۆ کرێکاران و سنورێکی دانا بۆ کارەکانی ئافرەت و منداڵ، هەروەها کرێی دامەزراندنی قەدەغەکرد، و کۆمەڵە یاسایەکی تریشی دانا دژی کارە زیانبەخشەکان[3]، پاشان ڕاوێژکار بیتمان هۆلفیك بە پاڵپشتی هاوپەیمانی ( پێشکەوتنخواز و سۆسیالستەکان) چەند یاسایەکی لە پەرلەمان دەرکرد بۆ فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەلایەتی بە جۆرێك هەموو چینی هەژار و کرێکارانی ئەڵمانیا بگرێتەوە[4]، بەم شێوەیە لە ساڵی (1913) ئەو کەسانەی یاسای دەستەبەری کۆمەلایەتی دەیگرتنەوە گیشتە (25) ملیۆن کەس[5].

سەبارەت بەلایەنی ئاینی ئەڵمانیا، ئەوا هەر وەکو پێشتر باسمانکرد زۆرینەی ئەڵمانیەکان مەسیحی پرۆتستانتی و کاسۆلیك بوون، کەمینەیەکی جولەکەش هەبوو، کە هەریەکەیان کلێسەی تایبەتی خۆیان هەبوو، دەتوانین بلێین کێشەیەکی ئاینی ئەوتۆ لە ئەڵمانیا نەبوو، سەبارەت بەلایەنی رۆشنبیری و زانستی ئەوا لەو ماوەیەدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی[6]، بەتایبەتی لە لایەنی رۆژهەلاتناسی، دوای ئەوەی ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم هاتەسەر دەسەلات ویستی پەیوەندیەکی دۆستانە و ستراتیجی لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی دروستبکات، بۆ ئەم مەبەستەش دووجار سەردانی رۆژهەلاتی کرد (1889 و 1898) لە ئەنجامی ئەو هەولانەشدا پەیوەندیەکی پتەوە لە هەموو لایەنەکانەوە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانی و

---

(1) ئەو ڕێژەیە لە سەرچاوەکاندا کەمێك جیاوازی تیادایە، بۆ نمونە مفید الزيدی ڕێژەی دانیشتوانی ئەڵمانیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەروی (67) ملیۆن کەس دادەنیت، بروانە: مفيد الزيدی، المصدر السابق، ص813 .

(2) جورج سكولوف، روسيا بين 1815–1991، ترجمة: انطون حميصی، الجزء الاول، القسم الاول، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، 1991، ص185 .

(3) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص45 .

(4) المصدر نفسة ، ص48 .

(5) جفری برۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل503 .

(6) محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص49 .

عوسمانی دروستبوو[1]، هەربۆیە لەو سەردەمەدا دەبوو رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیش رۆڵی بەرچاو بگێڕێت لە بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندیانەدا[2].

لەلایەکیترەوە ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم بە توندی هانی گەشتەکان و کارەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدا لە رۆژهەڵات[3]، خەرجی ئەم نێردانەشی گرتە ئەستۆی خۆی، کە نێردەکان چەندین زانا و شوێنەوارناس و ئەندازیاری لە خۆگرتبوو، ئەم نێردانە دوای لێکۆڵینەوە لە رۆژهەڵات ئەنجامێکی نایەبیان پێشکەش بە ئەڵمانیا و شارستانیەتی رۆژهەڵاتیش کرد، ئەمە جگە لەوەی چەندین زانا و رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لەسەر خەرجی خۆیان سەردانی رۆژهەڵاتیان کرد و چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر شارستانیەت و ئەدەب و زمان و مێژووی گەلانی رۆژهەڵات کرد[4]، هەروەها رۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانی گرنگیان بە لێکۆڵینەوە لە ئاینی ئیسلام و قورئان داوە، لەم بوارەشدا کارل هاینرش بیکر (1876-1923) دەورێکی گرنگی هەبوو، یەکەم کەسیش بوو کورسی دیراساتی ئیسلامی لە ساڵی (1908) لە پەیمانگای کۆلۆنیالی لە هامبۆرگ وەرگرت[5]، هەروەها لەو ماوەیەدا چەندین سەنتەر و ناوەندی تایبەت بە بایەخدان بە رۆژهەڵات دامەزران، کە چەندین گۆڤاری تایبەت بە رۆژهەڵاتیان دەردەکرد و چەندین توێژەریش کاریان لەم ناوەندانە دەکرد، لە پاڵ ئەمانەشدا چەندین ناوەندی تر دامەزران بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی وەزارەتی دەرەوە و نوسینگەی راوێژکاری ئەڵمانیا و لیژنەی کاروباری دەرەوە لە پەرلەمان[6]، هەر لە چوارچێوەی
گرنگی دانی ئەڵمانیا بە رۆژهەڵات لە ساڵی (1904) مۆزەخانەی هونەری ئیسلامی لە بەرلین دامەزراند کە تایبەت بوو بە کلتوری رۆژهەڵات[7].

---

[1] رضوان السيد، المستشريقون الالمان (النشوء والتاثير و المصائر)، الطبعة الاول، دار المدار الاسلامی، بيروت، 2007، ص29 .

[2] سامان حوسێن ئەحمەد، کورتەیەك دەرەبارەی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی..، ل299 .

[3] یەکێك لەو گەشتانە بۆ ناوچەی سوریابوو لە ساڵی (1900-1904)، کە سەردانی بەعلەبەگیان کرد پاشان سەردانی ناوچەی شوێنەواری تەدموریان کرد، لەم ناوچانە دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی شوێنەوارەکان و چەندین زانیاری نوێ و بەڵگەی تازەیان خستە بەردەست کە پێشتر کەس نەی زانیبوو، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: احمد محمود هويدی، الاستشراق الالمانی ( تاريخه و واقعه و توجهاته المستقبلية)، جمهورية مصر العربية وزارة الاوقاف المجلس الاعلى للشئون الاسلامية، القاهرة، 2000، ص43 .

[4] گەلی کوردیش بێبەش نەبووە لە لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانی، بەڵکو گەلی کوردیش گرنگی خۆی پێدراوە، بۆ نمونە لەو گەشتەی کە پریم (1912 مردووە) و سوسین (1899 مردووە) کردویانە بۆ رۆژهەڵات لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیان لە شێوەزارەکانی ولاتی نێوان دوو رووبار، گرنگیان بە شێوە زاری کوردیش داوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: احمد محمود هويدی، المصدر السابق، ص45 .

[5] سامان حوسێن ئەحمەد، کورتەیەك دەربارەی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ...، ل298 .

[6] هەمان سەرچاوە، ل 299-300 .

[7] هەمان سەرچاوە، ل301 .

بەکورتی لە ماوەی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لە لوتکەی گەشەسەندن و پێشکەوتن دابوو، بە جۆرێك لێکۆڵینەوە ئیسلامیەکان لە ئەورووپا لەم ماوەیەدا بە خەسڵەتی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ڕەنگرێژکراوبوو[1].

[1] سلام عبدولکەریم، خوێندنگە ڕۆژهەڵاتناسییەکان، گۆڤاری (کۆچ)، ژمارە (7–8)، چاپخانەی بینایی، بێ شوێنی چاپ، 2008، ل242 .

## باسی دووەم: سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە دوای فەرمانڕەوایی بسمارك تا جەنگی یەکەمی جیهانی (1890-1914)

هەروەك پێشتر باسمانکرد بسمارك بە درێژایی ماوەی نۆزدە ساڵ راوێژکاریی (1871–1890)، سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیای بەجۆرێك ئاراستە دەکرد کە هەموو ولاَتانی ئەورووپای لە دەوری سیاسەتەکانی خۆی دەخولاندەوە، بەلاَم دوای نەمانی دەسەلاَتی بسمارك نە ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم و نە ئەو ڕاوێژکارانەی دوای ئەو هاتن لە ئاست بەهێزی و دووربینی بسمارکدا نەبوون، ئەمەش دەرئەنجامی خراپی هەبوو لەسەر سیاسەتی دیبلۆماسی و پەیوەندییە دەرەکیەکانی ئەڵمانیا، کە دەکرێت ئەو سیاسەتە بە چەند تایبەتمەندییێك لە سیاسەتی سەردەمی بسمارك جیابکەینەوە، یەکێك لەو تایبەتمەندیانە (سیاسەتی جیهانی)یە، کە لە ساڵی (1896) ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم بە بۆنەی بیست و پێنج ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا ڕایگەیاند ( ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا دەکاتە ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی) کە مەبەستی لەم دەستەواژەیە کۆنترۆڵ کردنی جیهان نەبوو، بەڵکو دەی ویست فەرمیەت بدات بە بارودۆخی ئەو کاتی ئەڵمانیا لە جیهاندا[1]، ئەڵمانیا ئەوکات پەیوەندی ئابووری لەگەڵ زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا هەبوو، ئەمەش مانای وابوو هەر ڕووداوێك لەو ناوچانە ڕووبدات ئەوە کاریگەری لەسەر ئەڵمانیاش دەبێت، بۆیە لێرە بەدواوە ئەڵمانیا لە ئاست ڕووداوە دەرەکیەکان بێدەنگ نابێت بەڵکو بەپێچەوانەوە هەلوێستی دەبێت و بەرژەوەنیەکانی خۆی دەپارێزێت، ئەم سیاسەتەش وایکرد ئەڵمانیا وردە وردە بچێتە ناو کێشەی ولاَتە ئیمپریالیستەکان چ لە ناوچەکانی ئەفریقیا یاخود لە ناوچەکانی رۆژهەلاَتی دوور و رۆژهەلاَتی ناوەراست لە ئاسیا، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زلهێزەکانی تر ترسیان لادروست ببێت لەو سیاسەتەی ئەڵمانیا ، بۆیە لە کۆتاییدا بڕیاریاندا لە دژی ئەڵمانیا بوەستنەوە[2].

هەروەها لاوازی و ئالۆزی و لەرزۆکی یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بوو لەو ماوەیەدا[3]، لە گرینگترین دەرئەنجامەکانی ئەو لاوازیەش ئەوەبوو فەرەنسا لەو گۆشەگیریەی سەردەمی بسمارك ڕزگاری بوو، لەوەش زیاتر فەرەنسا توانی چەندین هاوپەیمانی لەگەڵ زلهێزەکانی تر ببەستێت کە ئاراستەی ئەو هاوپەیمانیانە دژی ئەڵمانیابوو.

---

(1) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل134.

(2) هەمان سەرچاوە، ل 135.

(3) محەمەد ئیحسان، سەرچاوەی پێشوو، ل97.

## تەوەرەی یەکەم: گرنگترین ئەو هاوپەیمانی و ڕێککەوتننامانەی دژی ئەڵمانیا پێکهێنران ( 1891-1907 )

### یەکەم: هاوپەیمانی فەرەنسا و روسیا ( 1891-1894 )

گەورەترین مەترسی کە بسمارك لێی دەترسا و هەمیشەش هەوڵی دورخستنەوەی دەدا، بریتی بوو لە دروستبوونی هاوپەیمانی لە نێوان فەرەنسا و روسیا، کە رۆژێك لە رۆژان ئەڵمانیا ناچاربکات لە دوو بەرە (واتا بەرەی روسیا و بەرەی فەرەنسا ) بجەنگێت، بۆیە بسمارك بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی، روسیایی بە چەندین هاوپەیمانی (ئاشکرا و نهێنی) بە ئەڵمانیاوە بەستەوە، بەڵام ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم و راوێژکار کاپریڤی کە دوای بسمارك هاتە سەر دەسەڵات ڕەتیانکردەوە رێککەوتننامەی (دووبارە دەستەبەری) لەگەڵ روسیا نوێ بکەنەوە[1]، چونکە پێیانوابوو ئەم هاوپەیمانەتیە لە گەڵ گیانی هاوپەیمانی دووقۆڵی نێوان (ئەڵمانیا و نەمسا) ناگونجێ[2]، هەروەها هەندێك لە سیاسیەکانی ئەڵمانیا مەترسی پەیوەندی بەستنی نێوان فەرەنسا و روسیایان نەبوو، چونکە پێیانوابوو هاوپەیمانی لەنێوان روسیای قەیسەریی و فەرەنسای کۆماری ئاستەمە دروست ببێت[3]، بەڵام دوای ئەوەی روسیا لە وەدەستهێنانی دۆستایەتی ئەڵمانیا بێ هیوابوو بەناچاری رووی کردە فەرەنسا، کە دەمێك بوو فەرەنسا لە چاوەڕێی ئەو رۆژەبوو بەو هیوایەی لەو گۆشەگیریە رزگاری بێت کە بیست ساڵبوو بە دەستیەوە دەیناڵاند.

لە ڕاستیدا قەیسەری روسیا ڕێککەوتنی لە گەڵ فەرەنسای کۆماری پێخۆش نەبوو، بەڵام پشتگیری کردنی بەردەوامی ئەڵمانیا لە نەمسا لەکاتی رووداوەکانی پێشتری بەلقان و پاشان نوێ نەکردەوەی ڕێککەوتننامەی دووبارە دەستەبەری و نوێکردنەوەی هاوپیمانەتی سێ قۆڵی ( ئەڵمانیا و ئیتالیا و نەمسا–مەجەر) بەر لە وادەی خۆی لە ئایاری 1891، هەروەها نزیك بوونەوەی بریتانیا لە هاوپیمانەتی سێقۆڵی نێوان (ئەڵمانیا، ئیتالیا و نەمسا و مەجەڕ) کە نزیك بوو ببێتە هاوپیمانەتیەکی چوارقۆڵی، هەموو ئەوانە بوونە هۆی دروست بوونی مەترسی لای روسیا لەوەی بە گۆشەگیر و بە تەنیا بمێنێتەوە بەرامبەر مەترسیەکانی بریتانیا و نەمسا، بۆیە باشترین رێگەچارە بۆ روسیا ئەوەبوو لە فەرەنسا نزیك ببێتەوە[4]،

---

[1] ئەو رێککەوتننامەیە بسمارك لە ساڵی (1887) بۆ ماوەی سێ ساڵ لە گەڵ روسیایی بە ستبوو ، کە دەبوو لە ساڵی 1890 نوێ بکرێتەوە.

[2] کارلتون هیز، المصدر السابق، ص389.

[3] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل131.

[4] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە.

هاوکات جگە لەو هۆکارانەی باسمانکردن چەندین هۆکاری تری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری هەبوون بۆ نزیکبوونەوەی روسیا و فەرەنسا[5].

لە ژێر کاریگەری ئەو هۆکارانە هەردو لایەنی روسیا و فەرەنسا دەستیان بە گفتوگۆکرد، تا لە ئابی (1891)دا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی، کە تیایدا هاتبوو پێوێستە سیاسەتی هەردوو لا لەگەڵ یەکتر بگونجێنرێت، بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە جگە لە دەرچون لە گۆشەگیری دیبلۆماسی، سودێکی ئەوتۆی بۆ فەرەنسا نەبوو، بە تایبەتی دەستەبەری هاوکاری سەربازی بۆ فەرەنسا نەدەکرد لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە گەڵ ئەڵمانیا، بۆیە فەرەنسا خوازیاربوو ئەم ڕێککەوتنە بگۆڕێت بۆ هاوپەیمانەتیێکی سەربازی، تا لە کۆتاییدا لە ئابی (1892) لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن، کە گرنگترین ئەو خاڵانەی تیایدا هاتبوو ئەوەبوو دەبێت فەرەنسا بە (1300000) سەرباز هاوکاری روسیا بکات ئەگەر ئەڵمانیا یان نەمسا بە هاوکاری ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر روسیا، لە بەرامبەریشدا روسیا بە (700–800) هەزار سەرباز یارمەتی فەرەنسا بدات ئەگەر ئەڵمانیا یان ئیتالیا بە یارمەتی ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر فەرەنسا[1]، هەروەها لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەگەر هاوپیمانەتی سێ قۆڵی ( ئەڵمانیا و ئیتالیا و نەمسا) نیوە ئامادە باشی ڕابگەیێنێت ئەوە روسیا و فەرەنسا ئامادەباشی گشتی ڕابگەیەنن[2]، بەڵام ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ سەرەتای یەنایەری (کانونی دووەم) 1894 دواکەوت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی قەیسەری روسیا دەیویست هەر دەرفەتێك بێتە پێشەوە پەیوەندیەکانی لە گەڵ ئەڵمانیا باش بکاتەوە، بۆیە نەی دەویست بە خێرایی ئیمزای کۆتایی هاوپەیمانیەکە بکات، فەرەنساش لەلای خۆیەوە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەی زۆر بەدڵ نەبوو، چونکە پێی وابوو ئەو بەندانە جۆرێکە لە سەپاندنی ئیرادە بە سەر فەرەنسا، بەڵام دواجار ڕەوتی ڕوداوەکان وایان کرد هەردوو لا لە سەرەتای ساڵی (1894) ڕێککەوتنەکە کە بەندەکانی نهێنی بوون[3] واژۆ بکەن[4]، ئەمەش یەکەم هەستانەوەی فەرەنسا بوو بەرامبەر ئەڵمانیا، هەروەها یەکەم شکەستی دیبلۆماسی بوو کە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا دوای بسمارك دووچاری بوو، کە ئەم هاوپەیمانەتیە ئەڵمانیای ناچاردەکرد لە حاڵەتی شەڕ لەگەڵ فەرەنسا لە دوو بەرەی لە یەك دوور و سەخت شەڕبکات، هەروەها بەستنی ئەم هاوپەیمانەتیە وەکو جەمسەری دووەمی زلهێزەکان بەرامبەر هاوپەیمانی سێقۆڵی، لاپەڕەیەکی نوێ

---

[5] بۆ نمونە روسیا وڵاتێکی دواکەوتووبوو لە ڕووی پیشەسازی و هێڵی ئاسنەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پێویستی بە سەرمایە و پسپۆری هەبوو، کە باشترین رزگارکەر بۆ روسیا فەرەنسابوو، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجیدنەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل292–294.

[1] فرغلي علی تسن، المصد السابق، ص147؛ عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل294.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بەندەکانی ئەم ڕککەوتننامەیە بروانە: ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل131–132.

[3] بەندەکانی ئەم هاوپیمانەتیە تا ساڵی (1896) بە نهێنی مانەوە.

[4] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل132.

بوو لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی ئەوروپا، کە دەبوو زلهێزەکانی تر لەسەر ئەم بنەمایە یان لە گەڵ هاوپیمانەتی سێقۆڵی (ئەڵمانیا و ئیتالیا و نەمسا) یاخود هاوپیمانەتی دووقۆڵی (روسیا و فەرەنسا) خۆیان یەك لایی بکەنەوە و بچنە پاڵ یەکێکیان[5].

جێگای ئاماژەیە ئەگەرچی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە ئاڕستەی ڕووەو ئەڵمانیابوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی نێوان ئەڵمانیا و هاوپەیمانیەتی دووقۆڵی ( روسیا و فەرەنسا) بە تەواوی تێك نەچووبوو، بەڵکو گیانی هاوکاری لە نێوان هەردوو لا بە هێزبوو چونکە هاوپەیمانی دوو قۆڵی لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا زیاتر گرنگیان بە ڕووبەروبوونەوەی بریتانیا دەدا، بە تایبەتی کە فەرەنسا لە ئەفریقا ڕکابەرایەتیەکی لە مێژینەی لە گەڵ بریتانیا هەبوو ، بە تایبەتی لە کاتی ڕووداوی (فاشودا[1])، کە پەیوەندیەکانی نێوان فەرەنسا و بریتانیای هێندەی تر خراپکرد، روسیاش دەمێك بوو بەرژەوەندیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی بریتانیا دژ بەیەك بوو، بە تایبەتی دوای (شەڕی نێوان ژاپۆن و چین[2]) هێندەی تر پەیوندیەکانی لە گەڵ بریتانیا خراپ بوو، تەنانەت گیانی هاوکاری لە نێوان ئەڵمانیا و هاوپەیمانی دووقۆڵی (فەرەنسا و روسیا) بە جۆرێك بە هێزبوو لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا باس لە پێکهێنانی هاوپەیمانەتیەکی گەورە دەکرا لە نێوان ئەم سێ لایەنە لە دژی بریتانیا[3]، بەڵام جارێکیتر ڕەوتی ڕووداوەکان لە سەرووی هەموویانەوە سەرکەشیەکانی ئەڵمانیا ئەو پەیوەندیەی بە تەواوی شێواند و بریتانیاشی لە فەرەنسا و پاشان روسیاش نزیککردەوە.

---

[5] عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل294 .

[1] فاشودا ناوچەیەکە دەکەوێتە بەرزایەکانی نیل لە سودان، لە ساڵی (1898) لەم ناوچەیەدا رووبەروبوونەوە لە نێوان ژەنەراڵ مارشانی فەرەنسی و ژەنەراڵ کچنەری سەرکردەی سوپای هاوبەشی (بریتانیا و میسر ) دا ڕوویدا، کە بەشکستی فەرەنسا کۆتایی هات و ئەو ناوچەیەشی لە دەستدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 390–392.

[2] لە ئابی 1894 لە سەر ناوچەی کۆریا لە نێوان ژاپۆن و چین جەنگ هەڵگیرسا، کە بە شکستی چین و بەستنی ڕێککەوتننامەی شیمونسکی لە نیسانی 1895 کۆتایی هات، کە تیایدا ژاپۆن چەندین ناوچەی وەکو ( تەرموزا و بیسکادۆس و نیمچە دورگەی لیاوتۆنج و پورت ئارسەر) ی لە چین دابڕی، بەڵام فەرەنسا و روسیا و ئەڵمانیا ئەمەیان قبوڵنەکرد و لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئاگادارکردنەوەیەکیان بە ناوی یەکەتی خاکی چین دا بە ژاپۆن، بە ناچاری ژاپۆن لە ژێر ئەم فشارانەدا ڕێکەوتننامەیەکیتری لە گەڵ چین واژۆکرد، کە تەنازولی لە زۆرێك لە ناوچە و مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی پێشوو کرد، هەروەکو لێرەوە ژاپۆن لە بریتانیا نزیك بۆوە، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل139–143 ؛ عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل296–297.

[3] کارلتون هیز، المصدر السابق، ص389 .

## دووەم: ویفاقی دۆستانەی نێوان فەرەنسا و بریتانیا ( 1904 )

پەیوەندی نێوان ئەڵمانیا و بریتانیا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر بەهێزبوو، بە جۆرێك لە ساڵی (1890) ڕێککەوتنێك لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا کرا، کە تیایدا ئەڵمانیا دەستی لە دورگەی زنجبار هەڵگرت بۆ بریتانیا، لە بەرامبەردا بریتانیا دەستی لە دورگەی هلیگۆلاند هەڵگرت بۆ ئەڵمانیا[1]، لەو کاتەدا هەموو بۆچونەکان لەسەر ئەوەبوون کە بریتانیا دەچێتە پاڵ ئەڵمانیا، چونکە ململانەیەکی توندی لە گەڵ فەرەنسا و روسیادا هەبوو لە سەر کۆلۆنیاکان لە ئەفریقا و ئاسیا، لە کاتێکدا هیچ ململانەیەکی ئەوتۆی لە گەڵ هاوپیمانەتی سێقۆڵی (ئەڵمانیا و ئیتالیا و نەمسا)دا نەبوو، بۆیە بریتانیا لەو کاتەدا پێویستی بە پشتگیری ئەو سێ ولاتە هەبوو بۆ ئەوەی رووبەڕووی فشارەکانی فەرەنسا و روسیا ببێتەوە، هاوکات لەو سەردەمەدا باس لە یەکخستنی ڕەگەزی تیتۆنی دەکرا کە رەچەڵەکی هەردوو گەلی بریتانیا و ئەڵمانیا بۆ ئەو ڕەگەزە دەگەڕێتەوە، پەیوەندی نزیکی خێزانیش تەواکەری ئەو پەیوەندیە دۆستانەیەبوو چونکە ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم نەوەی فیکتۆریای شا ژنی بریتانیا (1836-1901) بوو، سەرەڕای ئەمانە پەیوەندیەکی رۆشنبیری باشیش لە نێوان زانکۆکانی هەردوو ولاتی بریتانیا و ئەڵمانیادا هەبوو، بەجۆرێك بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەڵمانیا لە بریتانیا ڕەواجێکی باشیان باشیان هەبوو[2].

هەر لەو کاتەدا زۆرێك لە سیاسیەکانی ئەڵمانیا و بریتانیا پێیان وابوو هاوپەیمانی نێوان هەردوو ولات سوودێکی ئابووری و سەربازی باشی دەبێت، چونکە لە سەر ئاستی ئابووری پەیوەندی بازرگانی باش لە نێوان هەردوو ولاتدا هەبوو، لە سەر ئاستی سەربازیش بریتانیا ئەوکات خاوەن بە هێزترین هێزی دەریایی بوو بەبێ رکابەر، بەلام سوپای وشکانی بەو جۆرە بەهێزنەبوو، لە بەرامبەردا ئەڵمانیا خاوەن بە هێزترین هێزی وشکانی بوو، بۆیە لەو کاتەدا سیاسیەکانی هەردوو ولات پێیان وابوو دەبێ لەیەك نزیك ببنەوە بۆئەوەی هەردوو هێزەکە ببنە تەواوکەری یەکتر، بەمەش لە سەر ئاستی دیبلۆماسیەتی دەرەوە کاریگەریەکی زۆرتریان دەبێت و دەتوان بیروبۆچونەکانیشیان بسەپێنن[3].

لە ژێر پاڵنەری ئەم هۆکارانە لە تشرینی دووەمی (1899) جۆزێف چەمپەرلن (سیاسەتی دەرەوەی بریتانیا لە دەستبوو لەو کاتەدا) ڕایگەیاند کاتی ئەوە هاتووە بریتانیا لەو گۆشەگیریە بێتە دەرەوە بۆ ئەم مەبەستەش باشترین شت ئەوەیە بریتانیا هاوپەیمانی لە گەڵ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیادا ببەستێت[4]، بەلام ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم زۆر بە پەرۆش نەبوو بۆ ئەو بانگەوازەی بریتانیا، مێژوونووسان ئەم هەڵوێستەی

---

[1] جاوان حسين فيض اللة الجاف، الديبلوماسية الالمانية 1870-1914، مجلة الدراسات والبحث العيلمى، المجلد (1)، 2011، ص35.

[2] عبدالعزيز سليمان نەوار وعبدالمجيد نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل295-296.

[3] هەمان سەرچاوە، ل297 ؛ ممدوح نصار و احمد وهبان، المصدر السابق، ص111.

[4] هاوكات چەمپەرلن باسی لە هاتنی ئەمریكاش كرد بۆ ناو ئەم هاوپەیمانەتیە، بڕوانە: عبدالعزيز سليمان نەوار و عبدالمجيد نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل297.

ولیەم بۆ چەند هۆکارێك دەگێڕنەوە، لەوانە بریتانیا لە کاتی جەنگەکانی یەکێتی ئەڵمانیا هاوسۆزبووە لە گەڵ دانیمارکیەکان (1864) و نەمسایيەکان(1866) و فەرەنسییەکان (1870)[1]، هەروەها هەڵوێستی ئەڵمانیا بەرامبەر فراوانخوازیەکانی روسیا لە رۆژهەڵاتی دوور جیاوازبوو لە هەڵویستی بریتانیا، کە هەڵویستی بریتانیا زۆر توندبوو بەرامبەر روسیا کەچی هەڵوێستی ئەڵمانیا بەم شێوەیە نەبوو[2]، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو ئەڵمانیا دەوڵەتێکی لاوی خاوەن ئابوریەکی گەشەسەندوبوو، کە ڕووی لەهەر ناوچەیەك دەکرد ڕووبەرووی بەرژەوەندیەکانی بریتانیا دەبۆوە و دەبووە کۆسپ لە لەبەردەمی، هاوکات بریتانیاش لە سەر هاوپەیمانی لە گەڵ ئەڵمانیا سوورنەبوو، چونکە بریتانیاش لە بەر چەند هۆکارێك هەستی مەترسی و بێزاری دەکرد بەرامبەر ئەڵمانیا، لەوانە: کاتێك ئەڵمانیا دەستی خستە ناو کێشەی (ژاپۆن و چین) لە ساڵی 1895 و پاشانیش ناوچەی کیاوشۆ و شانتۆنجی داگیرکرد، لێرەوە ئەڵمانیا مەترسی بۆ بەرژەوەندیەکانی  بریتانیا لە رۆژهەڵاتی دوور دروستکرد[3] ، هەروەها لە کاتی جەنگی بوێر، کاتێك(کروگەر)ی فەرماندەی سوپای کۆماری ترنسنفال ئەو هێرشەی جیمسۆنی بریتانی لە کۆتاییەکانی ساڵی (1895) تێکشکاند، لە 3ی یەنایەری (1896) دا ولیەمی دوووەم نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی کروگەر کرد بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە، بەریتانیاش لەم هەڵوێستەی ئەڵمانیا هەستی بە بێزاریەکی زۆرکرد[4]، لەهەمووشی مەترسیدارتر سیاسەتی پێشخستنی دەریاوانی ئەڵمانیا بوو، هەروەکو پێشتر باسمانکرد ئەڵمانیا لە ساڵی (1898) ئەدمیراڵ (تربیتز)ی وەکو وەزیری دەریاوانی ئەڵمانیا دیاریکرد و ئەویش چەندین یاسای بۆ بەهێزکردنی هێزی دەریایی ئەڵمانیا دانا، کە ئەمەش وەکو مەترسیەکی گەورە لە لایان بریتانیاوە لێکدرایەوە[5]، ئەمە جگە لەوەی فراوان بوونی بازرگانی ئەڵمانیا وردە وردە کاریگەری خراپی هەبوو لە سەر کەمبوونەوەی بازرگانی دەرەکی بریتانیا، هاوکات نزیکبوونەوەی زۆری ئەڵمانیا لە دەوڵەتی عوسمانی یەکێکی تربوو لە کارە مەترسیدارەکان بۆ بریتانیا .

هەموو ئەو هۆکارانە وایانکرد پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان ئەڵمانیا و بریتانیا شکستبهێنێت، بەڵکو لەوەش زیاتر ئەڵمانیا و بریتانیا کەوتنە کێبڕکێیەکی توند لە سەرجەم بوارەکانی داگیرکاری و سیاسی و سەربازیدا[6]، لە بەرامبەر ئەوەدا رۆژ بەرۆژ پەیوەندیەکانی نێوان بریتانیا و فەرەنسا بەرەو باشی

---

[1] ممدوح نصار و احمد وهبان، المصدر السابق، ص112 .

[2] بریتانیا دەیویست ئەڵمانیا وەکو هاوپەیمان هەڵبژێرێت، لە بەرامبەردا ئامادە نەبوو هیچ تەنازولێکی بۆ بکات و هیچ شتێکی ئەوتۆشی پێبدات کەچی ئەڵمانیا چاوەی لە زۆر لەوە زیاتربوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل297–298.

[3] جاوان حسین فیض اللة الجاف، المصدر السابق، ص35.

[4] صلاح احمد هریدی، المصدر السابق، ص313.

[5] عمر عبدالعزیز عمر و محمد علی الفوزی، المصدر السابق، ص241.

[6] ممدوح نصار و احمد وهبان، المصدر السابق، ص112–113.

دەڕۆیشت، کە ئەمەش جگە لە مەترسی دووژمنی هاوبەش کە ئەڵمانیابوو، دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی چەند کەسایەتیەك بۆ سەر دەسەڵات لەو ماوەیەدا لە هەردوو وڵاتدا[1]، ئەو کەسایەتیانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پێکهێنانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، کە لە 4ی نیسانی (1904) مۆرکرا و بە ڕێککەوتننامەی ویفاقی دۆستانەی نێوان بریتانیا و فەرەنسا ناسرا، کە تیایدا بریتانیا دانینا بە بەرژەوەندیەکانی فەرەنسا لە مەغریب دا، لە بەرامبەردا فەرەنسا دانینا بە بەرژەوەندیەکانی بریتانیا لە میسر، هەروەکو ڕێککەوتن کێشەکانیان چارەسەربکەن لە سەرجەم ناوچەکان[2].

ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەو مەرجەی تیانەبوو کە لە حاڵەتی جەنگی نێوان (فەرەنسا و ئەڵمانیا) بریتانیا هیچ هاوکاریەك پێشکەکەش بە فەرەنسا بکات، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێککەوتننامەیە شکستێکی تری دیبلۆماسی بوو بۆ ئەڵمانیا، چونکە لێرەوە چیتر بریتانیا و فەرەنسا مەترسیان لە یەکتر نەما، بەڵکو بە پێچەوانەوە وردە وردە هەردوو وڵات زیاتر لە یەك نزیك بوونەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە سەری کێشا بۆ ڕێککەوتنی بریتانیا و روسیاش لە ساڵی (1907).

سەیارەت بە هەڵوێستی ئەڵمانیاش ئەوە هەستی بە مەترسیەکی گەورەکرد، کە لەو ماوەیەدا پلانێکی مەترسیدار لە نێوان بریتانیا و فەرەنسا لە دژی ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت، بۆیە لەوکاتەدا ئەڵمانیا بە دوو ئاڕاستە کاری کرد، یەکەمیان بە سوود وەرگرتن لە شکستی روسیا بەرامبەر ژاپۆن[3]، ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی دۆستانەی نێوان فەرەنسا و روسیا بشێوێنێت، بۆ ئەم مەبەستە ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم بە خێرایی پەیوەندی کرد بە نیکۆلای دووەمی قەیسەری روسیا لە بیۆرکۆ(دەکەوێتە کەنداوی فنلەندا)، ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم لەو چاوپێکەوتنە کە لە 23ی تەموزی (1905) ڕویدا، توانی پێشنوسی ڕێککەوتننامەیەك لە گەڵ قەیسەری روسیا ئیمزابکات، کە ئەگەر هەریەك لەو دوو وڵاتە لەلایەن وڵاتێکیترەوە هێرشی کرایەسەر ئەوە لایەنەکەیتر بە هەموو هێزێکیەوە یارمەتی بدات، بەڵام ئەم

---

[1] لەو سەروبەندەدا لە بریتانیا ئێدواردی حەوتەم بوو بە پاشا (1901–1910) و بلفۆر بوو بە سەرۆك وەزیران (1902–1906) کە ئەمانە هەردووکیان دەیانویست پەیوەندیەکی دۆستانە لە گەڵ فەرەنسا دروست بکەن، لە فەرەنساش لە ساڵی (1898)ەوە دلکاسیە ببوو بە وەزیری دەرەوە، کە کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو و خوازیاری ڕێککەوتن بوو لە گەڵ بریتانیا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل 157.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە بڕوانە: سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان...، ل16–17 ؛ عمر عبدالعزيز عمر و محمد علي الفوزي، المصدر السابق، ص242.

[3] لە شوباتی (1904) لە سەر ناوچەی پۆرت ئارسەر لە نێوان روسیا و ژاپۆن جەنگ هەڵگیرسا، کە بە شکستی روسیا و بەستنی ڕێککەوتننامەی پۆرتسمۆس لە 25ی ئابی (1905) کۆتایی هات، کە تیایدا روسیا زۆربەی ناوچەکانی لە چین لە بەرژەوەندی ژاپۆن لە دەستدا، هاوکات لەم بارودۆخە ناهەموارەدا فەرەنسا کە هاوپەیمانی روسیابوو هیچ یارمەتیەکی روسیای نەدا، ئەمەش وایکرد ساردی بکەوێتە پەیوەندی نێوان روسیا و فەرەنسا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ممدوح نصار و احمد وهبان، المصدر السابق، ص121–122.

ڕێککەوتننامەیە لە لایەن سەرکردە سیاسیەکانی روسیا ڕەتکرایەوە، چونکە پێیانوابوو ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی (روسیا و فەرەنسا)، بەمەش روسیا هێزی فشاردانان لە سەر ئەڵمانیا و نەمسا لە دەست ئەدات، بەم شێوەیە هەوڵی ڕێککەوتن لە گەڵ روسیا شکستیهێنا[1]، ئەمەش شکستێکی تربوو بۆ دیبلۆماسیەتی ئەڵمانیا لەو ماوەیەدا[2].

ئاراستەی دووەم کە ئەڵمانیا کاری بۆکرد، تەنگەتاوکردنی فەرەنسابوو بەدروستکردنی کێشەیەکی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی ئاستی پەیوەندی نێوان فەرەنسا و بریتانیای بۆ دەربکەوێت[3]، ئەویش بریتی بوو لە(کێشەی مەغریب[4])، کە دەرئەنجامی ئەوکێشەیەش شکستێکی تری دیبلۆماسی بوو بۆ ئەڵمانیا.

## سێیەم: ڕێککەوتننامەی روسیا و بریتانیا ( 1907 )

دوای ئەوەی فەرەنسا و بریتانیا بە پێی ڕێککەوتننامەی (1904) کێشەکانیان یەکلایی کردەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کێشەکانی نێوان بریتانیا و روسیاش یەکلایی بکرێنەوە، چونکە بریتانیا بە ڕێککەوتنی لە گەڵ فەرەنسا بوو بە رکابەری ئەڵمانیا و نەمسا، روسیاش دەمێك بوو رکابەر و دوژمنی ئەو بەرەیە بوو، بۆیە پێویست بوو ئەو دوو وڵاتە لەیەك نزیکببنەوە دژی بەرەی ئەڵمانیا و نەمسا[5]، ئەمە جگە لەوەی سیاسەتی فراوانخوازی ئەڵمانیا بەتایبەتی بەرەو (دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ئێرانی) مەترسیەکی گەورەی لەسەر بەرژەوەندیەکانی هەردوو وڵات (روسیا و بریتانیا) دروستکردبوو، کە پێویستبوو ئەو دوو وڵاتە ململانێ لە مێژینەکەیان لە بیربکەن و بە هەردووکیان دژایەتی ئەڵمانیا بکەن[6]، هاوکات لە هەمووشی گرنگتر رۆڵی دیبلۆماسیەتی فەرەنسابوو کە بەهەموو توانیەوە هەوڵیدەدا روسیا و بریتانیا لە یەك نزیکبکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانی بە هێزێکی زیاتر ڕووبەڕووی (ئەڵمانیا وهاوپەیمانەکانی) ببێتەوە[7].

---

(1) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل159-160.

(2) لێرەدا دوربینی بسمارکمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە ساڵی (1890) سووربوو لەسەر نوێکردنەوەی ڕێککەوتننامەی دووبارە دەستەبەری لە گەڵ روسیا، بەڵام ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم و ڕاوێژکاری کاپریڤی ڕێککەوتننامەی دووبارە دەستەبەریان لە گەڵ روسیایان ڕەتکردەوە، کەچی ئێستا بۆ بەستنی هاوپەیمانەتیەك لە گەڵ روسیا تامەزرۆ و بێ ئارامن.

(3) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل302.

(4) لە تەوەرەی داهاتودا بە ناوی (کێشەکان) باسی ئەم کێشەیە دەکرێت.

(5) سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان..، ل17.

(6) ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و خەلیل علی مراد، ئێران و تورکیا توێژینەوەیك لە مێژووی تازە و هاوچەرخ، وەرگێڕانی: بەهائدین مستەفا، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2011، ل102.

(7) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل161-162.

ئەمانە و چەندین هۆکاریتر[1] وایانکرد لە حوزەیرانی (1906) بریتانیا و روسیا دەست بە گفتوگۆ بکەن تا لە کۆتاییدا لە 30ی ئابی (1907) گەیشتنە رێککەوتنێك، کە تیایدا بریتانیا و روسیا کۆتاییان بە کێشە کۆلۆنیالیستەکانی خۆیان هێنا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستبوو بە ئێران، کە دابەشکرا بۆ سێ ناوچە، باکوری ئێران بۆ روسیا، باشوری ئێران بۆ بریتانیا، ناوەراستی ئیرانیش بۆ پاشای قاجار مایەوە[2]، بەلاّم ئەم رێککەوتننامەیەش بە هەمان شێوەی رێککەوتننامەی (1904)ی نێوان فەرەنسا و بریتانیا، بەهیچ شێوەیەك ئەوەی تیادا نەهاتبوو کە بریتانیا لە حاڵەتی هەڵگیرسانی جەنگدا یارمەتی روسیا بدات، بەلاّم بەکرداریی ئەم رێککەوتننامەیە جەمسەری دووەمی زلهێزەکانی بە تەواوی چەسپاند، کە لێرەوە زلهێزەکان بە تەواوی بە سەر دوو بەرە دابەشبوون، بەرەی یەکەمیان هاوپەیمانی سێقۆڵی (ئەڵمانیا و ئیتالیا و نەمسا و مەجەر[3])، بەرەی دووەم ویفاقی دۆستانەی (فەرەنسا و روسیا و بریتانیا[4])بوو، کە هەریەك لەو جەمسەرانە بەهۆی ترس و گومانیان لە یەکتر بەردەوام لە خۆ پڕچەککردن و بەهێزکردنی سەربازی دابوون، ئەمە وێڕای ئەوەی زلهێزەکان بەهۆی ئەم رێککەوتننامانەوە هەڵوێستیان بەرامبەر یەکتر توندترکرد، بەو هیوایەی لە کاتی کێشەکاندا ولاّتە هاوپەیمانەکانی هاوکاری دەکەن[5]، هەروەها ئەم سیاسەتی بەستنی هاوپەیمانی چەندین کێشەی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، کە ئەمەش جارێکیتر ترس و گومانی زلهێزەکانی لەیکتر زیاترکرد، تا سەرئەنجام جەنگی یەکەمی جیهانی لێکەوتەوە.

---

[1] روسیا دوای شکستی گەورەی بەرامبەر ژاپۆن ئەو مەترسیە گەورەیەی جارانی نەما لەسەر بەرژەوەندیەکانی بریتانیا بەڵکو بە پێچەوانەوە بەدوای هاوپەیمانێك دەگەڕا بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو شکستە بکاتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و خەلیل علی مراد، سەرچاوەی پێشوو، ل102-103.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بەندەکانی رێککەوتنەکە بڕوانە: عمر عبدالعزیز عمر و محمد علی الفوزی، المصدر السابق، ص 242.

[3] ئیتالیا لەم بەریە بە تەواوی جێگیر نەبوو، بە جۆرێك لە ساڵی(1902) لە رێگای رێککەوتنێك کێشەکانی لە گەڵ فەرەنسا کۆتایی پێهێنا، دواتر لە ساڵی (1909) ئیتالیا لە گەڵ روسیاش رێککەوتننامەی بەست، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان...، ل18.

[4] ژاپۆنیش زۆر لەم بەرەیە نزیکبوو،کە لە ساڵی (1902) لە رێگای بەستنی رێککەوتننامەیەك پەیوەندی دۆستانەی لە گەڵ بریتانیا دروستکرد، هاوکات دوای رێککەوتننامەی (1907)ی نێوان روسیا و بریتانیا، ژاپۆن لە گەڵ هەریەك لە روسیا و فەرەنساش رێککەتننامەی دۆستانەی بەست، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عمر عبدالعزیز عمر و محمد علی الفوزی، المصدر السابق، ص244.

[5] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل18.

## تەوەرەی دووەم: گرنگترین ئەو قەیرانە نێودەوڵەتیانەی پەیوەندی ئەڵمانیای لە گەڵ زلهێزە ڕکابەرەکانی ئاڵۆزترکرد (1904-1914)

### یەکەم: قەیرانی مەراکیشی یەکەم (1904-1905)

ناوچەکانی ئەفریقا یەکێك بوون لەو ناوچە پڕ کێشانەی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، کە زلهێزەکان کەوتبوونە ململانێ و کێشەیەکی توند لەسەر دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە، بەتایبەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا، قەیرانی مەراکیش (مەغریب)ی یەکەم ئەو کاتە دەستی پێکرد، کە فەرەنسا دوای ئەوەی جەزائیر (1830) و تونس(1881) ی داگیرکردبوو، دەیویست مەغریبیش داگیربکات، ئەوەبوو فەرەنسا دوای ئەوەی زلهێزەکانی تری ڕازیکرد[1]، بەبێ گوێدانە هەڵوێستی ئەڵمانیا پلانی دەست بەسەرداگرتنی مەغریبی دانا، لە دەستپێکی ئەم کارەش سەرەتا قەرزێکی زۆری دا بە مەغریب، لە بەرامبەر ئەوەشدا 60٪ داهاتی کورگی مەغریب درا بە فەرەنسا، پاشان فەرەنسا لە ساڵی (1905) شاندێکی ناردە مەغریب، شاندەکە پێشنیاری کرد جارێکیتر مەغریب لە ژێر چاودێری فەرەنسا لە سەرجەم بوارەکاندا ڕێکبخرێتەوە، سوڵتانی مەغریب (مەولانە عەبدولعەزیز1894–1908) نزیکبوو بەم پێشنیارە رازیبێت، بەڵام لەو کاتەدا ئەڵمانیا دەستی خستە ناو کێشەکە و بەمەش قەیرانی یەکەمی مەغریب دەستپێکرد[2].

لە ڕاستیدا ئەڵمانیا دەیزانی درەنگ یان زوو فەرەنسا هەر دەستبەسەر مەغریبدا دەگرێت، بەڵام لەم کارەیدا چەند مەبەستێکی هەبوو، لەوانە: ئەڵمانیا خوازیاربوو سیاسەتی (دەرگای کراوە[3]) لە مەغریب پەیڕەو بکرێت[4]، هەروەها ئاستی پەیوەندی نێوان فەرەنسا و بریتانیای بۆ دەربکەوێت[5]، لە هەمووی گرنگتر دەیویست فەرەنسا لەوە ئاگاداربکاتەوە کە ئەڵمانیاش زلهێزە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت و بیگەیەنێتە ئەو باوەڕەی تەنها بە ڕێککەوتن لە گەڵ بریتانیادا ناتوانێت هەموو شتێك بکات، ئەمە وێرای ئەوەی دەیویست شکستێکی دیبلۆماسی بە فەرەنسا بگەیەنێت، بەتایبەتی کە ئەوکات روسیای هاوپەیمانی فەرەنسا سەرقاڵی شەڕی ژاپۆنیەکان و شۆڕشی ناوخۆیی ساڵی (1905)بوو،بۆیە ئەڵمانیەکان ئەوەندەی تر لەسەر ئەم کارەیان پێداگربوون[6].

ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (فۆن بیلۆڤ) هەر لە ساڵی (1904)ەوە لە کاتی بەستنی پەیمانی دۆستانەی نێوان فەرەنسا و بریتانیا، پێشنیاری بۆ ئیمپراتۆر کرد کەشتی جەنگی بنێرنە مەغریب، بەڵام ئیمپراتۆر ولیەمی

[1] بۆ زانیاری لە بارەی چۆنیەتی ڕازیکردنی زلهێزەکانی تر لە لایەن فەرەنسا بڕوانە: عبدالحميد البطريق، التيارات السياسية المعاصرة، دار النهظة العربية، بيروت، دون تاريخ، ص143–144.

[2] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل21–22.

[3] واتا هەموو وڵاتەکان هەلی یەکسانیان بۆ بڕەخسێ بازرگانی لە مەغریب بکەن.

[4] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل161.

[5] عبدالعزيز سليمان نەوار و عبدالمجيد نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل302.

[6] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل 22.

دووەم بەم پێشنیارە ڕازینەبوو، دوای ئەوەی شاندی فەرەنسا گەیشتە مەغریب جارێکی تر (فۆن بیلۆڤ) پێشنیاری کردەوە بۆ ئیمپراتۆر کە لەو گەشتەی کە بۆ ناوچەکانی دەریای ناوەراست دەیکات، سەردانی مەغریب بکات، ئەوەبوو ئیمپراتۆر بەمە ڕازیبوو، کە لە 1ی ئازاری (1904) گەیشتە بەندەری تەنجە و گوتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا ئاماژەی بەوە کرد کە هاتووە بۆ سوڵتانی هاوڕێی (مەولانا عەبدولعەزیز) و ئامادەشە بەرگری لە سیادە و سەربەخۆیی مەغریب بکات و دژی بەرژەوەندیەکانی فەرەنسا بوەستێتەوە، ئەمەش وای لە سوڵتانی مەغریب کرد پێشنیاری فەرەنسا ڕەتبکاتەوە و داوای ئەوە بکات ئەو پێشنیارانە بدرێنە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی[1].

لە ڕاستیدا ئەڵمانیا پێی باشبوو کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەم کێشەیە ببەسترێت، چونکە پێی وابوو زۆربەی زلهێزەکان پشتگیری لەسەربەخۆی مەغریب دەکەن، بەمەش دەتوانێت شکستێکی دیبلۆماسی دوچاری فەرەنسا بکات بێ ئەوەی هیچ تێچونێکی مادی تێبچێت، بۆیە ئەڵمانیا بە دڵگەرمیەوە پشتگیری لە داواکاری مەغریب کرد بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی، بەڵام دلکاسیە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا پێشنیاری بەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتی ڕەتکردەوە، ئەمەش قەیرانەکەی توندترکرد، بۆئەوەی فەرەنسا بترسێنێت (فۆن بلۆڤ) راوێژکاری ئەڵمانیا هەڕەشەی جوڵاندی هێزی کرد دژی ئەو وڵاتە، ئەمەش قەیرانێکی گەورەی لە فەرەنسا دروستکرد، چونکە زۆربەی سیاسیەکانی فەرەنسا لە سەروی هەموویانەوە (ڕۆڤەر)ی سەرۆك وەزیرانی ئەو هەڕەشانەی ئەڵمانیایان بە جددی وەرگرت، بۆیە لەگەڵ دلکاسیە کەوتنە ململانێ، تا سەرئەنجام لە حوزەیرانی(1905) دلکاسیە دەستی لەکارکێشایەوە، ئەمەش سەرکەوتنێکی دیبلۆماسی گەورەبوو بۆ ئەڵمانیا، پاشان فەرەنسا رازیبوو بە بەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتی، ئەمەش سەرکەوتنێکی تر بوو بۆ دیبلۆماسیەتی ئەڵمانیا[2].

ئەوەبوو کۆنگرەکە لە دورگەی سەوزی ( باشوری ئیسپانیا) بە بەشداری (12) وڵات لە کانونی دووەمی (1906) دەستی بەکارەکانی کرد، کە چوارمانگی خایاند و لە 7نیسانی (1906) گەڵاڵە نامەی کۆتایی ڕاگەیەنرا، کە زۆربەی ئەو خاڵەنی تیایدا هاتبوون، هەمان پێشنیارەکانی فەرەنسابوون[3]، کەواتە ئەگەرچی بەستنی کۆنگرەکە سەرکەوتنێکی دیبلۆماسی بوو بۆ ئەڵمانیا بەڵام ئەنجامەکەی شکستێکی گەورەی دیبلۆماسیبوو بۆی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە لە کۆنگرەکە جگە لە نەمسا هیچ کام لە زلهێزەکان پشتگیری ئەڵمانیایان نەکرد بە ئیتالیای هاوپەیمانیشیەوە، هەروەها ئەم کێشەیە وایکرد فەرەنسا و بریتانیا زیاتر لەیەك نزیك ببنەوە، تەنانەت ئێدوارد گرای سەرۆك وەزیرانی بریتانیا ڕایگەیاند ئەگەر ئەڵمانیا هێرشبکاتە سەر فەرەنسا ئەوە پێویستە هەردوو دەستەی ئەرکانی سوپای فەرەنسا و بریتانیا پلان و ڕێوشوێنی

---

[1] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل23.

[2] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل23 ؛ ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل161-162.

[3] بۆ زانینی بڕیارەکانی کۆنگرە بڕوانە: خليل علي مراد و اخرون، المصدر السابق، ص218 ؛ صلاح احمد هريدى، المصدر السابق، ص332-333.

هاوبەش دژی ئەڵمانیا دابنێن[1]، هاوکات ئەم کۆنگرەیە بووە هۆی نزیك بوونەی و لێکتێگەیشتنی نێوان روسیا و بریتانیا کە سەرئەنجام ڕێککەوتننامەی (1907) نێوان هەردوو وڵاتی لێکەوتنەوە، کە ئەمەش شکستێکی تری دیپلۆماسی بوو بۆ ئەڵمانیا[2].

## دووەم: قەیرانی بەلقانی یەکەم( 1908-1909 )

ناوچەکانی بەلقان یەکێکی تربوون لەو ناوچەر زۆر ئاڵۆز و پرکێشانەی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، کە ببووە جێگای ململانەی نێوان زلهێزەکان، بەتایبەتی روسیا و نەمسا، ئەمە وێڕای دەوڵەتە بەلقانیکانی ئەو ناوچەیە بەتایبەتی سربیا کە بانگەشەی پان سلاڤیزمی دەکرد، ئەمەش مەترسیەکی گەورەبوو بۆ ئیمپراتۆریەتی نەمسا و مەجەر، چونکە بە سەرگرتنی ئەم بانگەشەیە نەمسا زۆربەی خاك و دانیشتوانەکەی لەدەستدەدا[3].

ئەوەی پەیوەستە بە ئەڵمانیاوە، ئەوە بەرژەوەندیەکی ئەوتۆی لە ناوچەی بەلقان نەبوو، بەڵام چونکە ئەڵمانیا هاوپەیمان و دۆستی نزیکی نەمسا بوو، بۆیە هەر کێشەیەکی نەمسا ئەوە ڕاستەوخۆ ئەڵمانیاشی دەگرتەوە و لەسەر ئەڵمانیا پێویستبوو هەڵوێستی هەبێت، ئەمە جگە لەوەی ئەڵمانیا چاوی لەوەبوو ناوچەکانی بەلقان بە کراوەیی بمێنێتەوە وەکو ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە کەنداوی فارس (کەنداوی عەرەبی) و رۆژهەڵاتی دوور، بۆیە تا ئەو کاتەی ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی نەمسای هاوپەیمانی بن ئەوە بۆ ئەڵمانیا کیشەیەکی ئەوتۆ درووست نابێت[4].

لە ڕاستیدا کێشەی بەلقان بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، بەڵام بە شێوەیەك ئاڵۆز و گەورە ئەوکاتە دەستی پێکرد، کە لە 8ی تشرینی یەکەمی (1908) نەمسا هەردوو هەرێمی (بۆسنە و هەرسك)ی خستە سەر خاکی خۆی، ئەمەش قەیرانێکی نێودەوڵەتی گەورەی خستەوە، چونکە هەموو زلهێزەکان (جگە لە ئەڵمانیا) نارەزایەتیان دەربڕی لەو کارەی نەمسا، بەتایبەتی سربیا و روسیا، ئەم قەیرانە بە شێوەیەکی گەورە ئاڵۆزبوو تا ئەو ڕادەیەی کە وەزیری دەرەوەی روسیا ڕایگەیاند پێدەچێت کێشەی سەربازی لە نێوان نەمسا و روسیا بکەوێتەوە، لە بەرامبەردا هەریەك لە فەرماندەکانی نەمسا و ئەڵمانیا بە وڵاتەکانیان ڕاگەیاند کاتی ئەوە هاتوە رووبەڕووی روسیا و فەرەنسا ببنەوە، بەڵام کاتێك روسیا زانی ناتوانێ رووبەڕووی نەمسا ببێتەوە کەمێك نەرمی نواند لە هەڵوێستەکانی، چونکە هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی

---

[1] فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل 406–407 ؛ خليل علي مراد و اخرون، المصدر السابق، ص218.

[2] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل24 ؛ خليل علي مراد، المصدر السابق، ص218.

[3] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل24–25.

[4] فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل410.

فەرەنسا وەکو پێویست پشتگیریان نەکرد[1] ، لە بەرامبەردا ئەڵمانیا بەهەموو توانایەکیەوە لە پاڵ نەمسای هاوپەیمانی وەستا و هاوکات لە ڕێگای باڵیۆزی خۆی لە روسیا ئەوەی بە روسیا ڕاگەیاند کە بەهەر شێوەیەکبێت دەبێت بەو بارودۆخە نوێیە ڕازیبن و هەر جۆرە وڵامێکی نارون لە بەرلین حیسابی ڕەتکردنەوی بۆ دەکرێت[2].

بەم شێوەیە لەو قەیرانەدا دیبلۆماسیەتی نەمسا و ئەڵمانیا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بووە هۆی فراوانبوونی درزی هاوپیمانەتی سێقۆڵی (ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتالیا) چونکە دوای ئەوەی لەو قەیرانەدا ئیتالیا هیچی بەدەست نەهێنا لە روسیا نزیك بۆوە و لە ڕێگای بەستنی ڕێککەوتننامەیەك لە 24ی تشرینی یەکەمی (1909) پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا دروستکرد، هەروەها ئەو قەیرانە بووە هۆی زیاتر پتەوبوونی پەیوەندی وڵاتانی ویفاقی دۆستانە(فەرەنسا و روسیا و بریتانیا) چونکە روسیا زانی بۆ ئەوەی ڕێگە لە دووبارەبونەوەی ئەو شکەستە بگرێت پێویستە زیاتر لەو دوو وڵاتە نزیکبێت[3]، لەلایەکتر ئەم قەیرانە بووە هۆی ئەوەی هەستی دژە نەمسایی لە سربیا ببوژێتەوە، کە لەو وڵاتەدا چەندین ڕێکخراوی دژە نەمسای دامەزران، لەوانە ڕێکخراوی دەستی ڕەش، کە لە ئەنجامی کوشتنی یەکێك لە شازادەکانی بنەماڵەی هاپسبرگی نەمسا لەلایەن ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوە، جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد[4].

## سێیەم: قەیرانی مەراکیشی دووەم( ئەغادیر 1911 )

کۆنگرەی دورگەی سەوز بەتەواوی کێشەکانی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیای کۆتایی پێنەهێنا، بۆیە ئەڵمانیا بەبەردەوامی چاودێری جوڵەکانی فەرەنسای دەکرد لە ناوچەی مەغریبدا، بەڵام لە گەڵ ئەوەش لە 9ی شوباتی (1909) دا ئەڵمانیا و فەرەنسا ڕێککەوتننامەیەکیان بەست، کە تیایدا جەختیان لە سەر بڕیارەکانی کۆنگرەی سەوز کردەوە، هەروەها ئەڵمانیا دانینا بە بەرژەوەندیەکانی فەرەنسا لە مەغریب، لە بەرامبەردا فەرەنسا دانینا بە بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئەڵمانیا لەو ناوچەیەدا، بەڵام لە ساڵی(1911) جارێکی تر ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە سەریهەڵدایەوە و بوو بە قەیرانێکی سیاسی نێودەوڵەتی[5].

---

[1] عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل310 ؛ خلیل علی مراد و اخرون، المصدر السابق، ص221.

[2] ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل168.

[3] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

[4] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل27 ؛ خلیل علی مراد و اخرون، المصدر السابق، ص221.

[5] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل27.

لەو ساڵەدا (1911) چەند هۆزێك دەستیان بە راپەڕین و ئاژاوەگێری کرد دژی سوڵتانی مەغریب (مەولای عەبدولحەفیز 1908–1913)، فەرەنساش ئەم هەلەی قۆستەوە و هێزی سەربازی ناردە سەر مەغریب و چەندین شاری مەغریبی داگیرکرد، ئەمەش بە بیانوی پاراستنی سوڵتان و خەڵکی ئەوروپی لە مەغریب، لە هەمان کاتدا ئیسپانیاش چەند شارێکی مەغریبی داگیرکرد، ئەڵمانیاش لە پەرچەکرداری داگیرکاری فەرەنسا و ئیسپانیا، لە 1ی تەموزی (1911) کەشتیەکی جەنگی گەورەی بە ناوی (پانتێر) ناردە بەندەری ئەغادیر و داگیریکرد، لەهەمان کاتدا یاداشتێکی دایە زلهێزەکان و ئەو کارەی خۆی بۆ سێ هۆکار گەڕاندەوە کە بریتی بوون لە

1- پاراستنی خاوەن بەرژەوەندیە ئەڵمانیەکان لە مەغریب.

2- نیگەرانی ڕای گشتی ئەڵمانیا بە هۆی پشتگوێخستنی ئەڵمانیا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی مەغریب.

3- فەرەنسا و ئیسپانیا بڕیارەکانی کۆنگرەی سەوزیان شکاندوە[(1)] .

ئەڵمانیا ڕایگەیاند ئامادەنیە هێزەکانی لە مەغریب بکشێنێتەوە، تا ئەو کاتەی فەرەنسا و ئیسپانیا هێزەکانیان دەکشێننەوە[(2)]، بەمەش بارودۆخەکە بە جۆرێك ئالۆزبوو کە ئەگەری کەوتنەوەی جەنگ لە نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا نزیك بوو، لەم کاتەشدا بریتانیا لەسەر زاری ( لیود جۆرج )ی وەزیری دارایی ڕایگەیاند ئەگەر جەنگ لە نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا بکەوێتەوە، ئەوە بریتانیا بێ دنگ و بێ هەڵوێست نابێ، هاوکات یاداشتێکی ئاگادارکردنەوەی دایە ئەڵمانیا[(3)]، هەوەها لەو کاتەدا پسپۆڕە سەربازیەکانی فەرەنسا و بریتانیا نەخشە و پلانەکانی جەنگیان ئاڵوگۆڕ دەکرد وەکو ئامادەکاری جەنگ[(4)].

بەڵام دوای ئەوەی روسیا (بەهۆی پشتێکردنی فەرەنسا لە قەیرانی بەلقان) ڕایگەیاند ئامادەنیە لەپێناو بەرژەوەندیە داگیرکاریەکانی فەرەنسا خۆی بخاتە ناوجەنگێکی وێرانکەرەوە[(5)]، لەو لاشەوە وەزیری جەنگی فەرەنسا بە وڵاتەکەی ڕاگەیاند، کە لە ڕووی چەك و سوپاوە فەرەنسا توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەڵمانیای نیە[(6)]، بۆیە فەرەنسا نەرمی نیشاندا لە هەڵوێستەکانی، لە ئەڵمانیاش ئەگەرچی ئەڵمانیەکان هانی ئیمپراتۆریان دەدا کە هەڵوێستێکی توند بنوێنێت بەرامبەر بریتانیا و فەرەنسا، ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم بۆچونی وابوو مەسەلەکە هێندە ناهێنێت جەنگێکی گەورەی لەسەر بەرپا بکرێت، بۆیە ئەڵمانیاش بە

---

(1) خليل علي مراد و اخرون، المصدر السابق، ص222.

(2) سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل28.

(3) عبدالحميد البطريق، المصدر السابق، ص149.

(4) عبدالعزيز سليمان نەوار و عبدالمجيد نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل311.

(5) محمد محمد صالح و اخرون، المصدر السابق، ص33.

(6) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل170.

وەرگرتنی هەندێك دەسکەوت ئامادەبوو کۆتایی بە قەیرانەکە بهێنێت[1]، بۆیە لە 10ی تەموزی (1911) گفتوگۆ لە نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا دەستی پێکرد و تا 4ی تشرینی دووەمی هەمانیساڵی خایاند، کە ئەڵمانیا رازیبوو بە سەرپەرشتی فەرەنسا بە سەر مەغریب، لە بەرامبەردا فەرەنسا بەشێك لە کۆنگۆی فەرەنسی دا بە ئەڵمانیا[2].

بەم شێوەیە ئەگەرچی کێشەکە چارەسەرکرا، بەڵام چەندین شوێنەواری گرنگی لە دوای خۆی بەجێهێشت، لە لایەك پەیوەندی نێوان فەرەنسا و بریتانیای پتەوترکرد، بەجۆرێك ئەگەرچی هیچ بەڵێنێکی نوسراو لە نێوانیاندا مۆرنەکرا، بەڵام پەیمانی ویفاقی دۆستایەتی بەکردار گەیشتە ئاستی هاوپەیمانی[3]، لەلایەکی تریشەوە کێبڕکێی دەریاوانی نێوان بریتانیا و ئەڵمانیا بە شێوەیەکی مەترسیدار فراوان بوو، بەجۆرێك هەردوو لا کەوتبوونە زیادکردنی بودجە بۆ پەرەپێدانی هێزی دەریایی[4]، ئەمەش بۆ ئەو ترس و گومانە دەگەڕێتەوە کە کێشە لەدوای کێشە لە نێوان زلهێزەکاندا زیاتر و زیاتردەبوو، هەروەها ئیتالیاش هەوڵیدا سوود لەم قەیرانە وەربگرێت، بۆیە هێرشی کردە سەر لیبیا و چەند شوێنێکی داگیرکرد، ئەم لاوازیەی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر ئیتالیا، ڕاستەوخۆ هانی دەوڵەتانی بەلقانی دا کە جەنگ دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕابگەیەنن، بەمەش قەیرانی دووەمی بەلقان دەستی پێکرد[5].

## چوارەم: قەیرانی بەلقانی دووەم (1912-1913)

ئەم قەیرانە ئەو کاتە دەستی پێکرد، کە وڵاتانی کۆمەڵەی بەلقانی ( سربیا، یۆنان، بولگاریا، مۆنتینیگرۆ) لە 18ی تشرینی یەکەمی (1912) جەنگیان دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند، کە لەماوەی چەند هەفتەیەکدا گەورەترین شکستیان دوچاری دەوڵەتی عوسمانی کرد، بە جۆرێك عوسمانیەکان هەموو ناوچە ئەورووپیەکانیان لە دەستدا تەنیا ئەستەمبوڵ نەبێت[6].

ئەم گۆڕانکارییە قەیرانێکی گەورەی خستەوە، چونکە زلهێزەکان هیچیان بەم بارودۆخە رازی نەبوون، بەتایبەتی نەمسا بەهۆی فراوانبوونی پێگەی سربیا زۆر لەو بارودۆخە نارازی بوو، هەروەها ئەڵمانیاش بەو شکستەی دەوڵەتی عوسمانی زۆر نیگەرانبوو، چونکە ئەو بوو مەشقی بە سوپای عوسمانی دەکرد و پڕچەکی دەکرد، بۆیە دەترسا بەهۆی ئەم شکستانەوە پێگەی لەلای دەوڵەتی عوسمانی کەم ببێتەوە، هاوکات زلهێزەکانی تریش بەم گۆڕانکاریە ڕیشەییە ڕازی نەبوون، بۆیە کاتێك دەوڵەتی عوسمانی

---

(1) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل311.

(2) خلیل علی مراد و اخرون، المصدر السابق، ص222.

(3) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل311.

(4) خلیل علی مراد و اخرون، المصدر السابق، ص223.

(5) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل311.

(6) سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان... ل28–29.

داوایکرد دەست بخەنە ناو کێشەکە، بە پەلە بەدەمیەوە هاتن و کۆمەڵەی بەلقانیان ناچارکرد بە ئاگربەستی ئاشتی رازی بێت[1]، ئەوەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کۆنگرەیەك لە 3ی کانونی یەکەمی (1912) لە لەندەن بەسترا، کە لەو کۆنگرەیەدا ناکۆکی توند لە نێوان زلهێزەکان ڕویدا، چونکە نەمسا دەیویست بە دروستکردنی دەوڵەتی ئەلبانیا ڕێگە لە سربیا بگرێت بۆ ئەوەی نەگاتە سەر دەریای ئەدریاتیك، بەڵام روسیا سوربوو لەسەر ئەوەی دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە دەریای ئەدریاتیك بۆ سربیای هاوپەیمانی بهێڵێتەوە، لەوکاتەدا هەریەك لە ئەڵمانیا و فەرەنسا بڕیاریاندا پشتی هاوپەیمانەکانیان بگرن، ئەمەش قەیرانەکەی ئاڵۆزترکرد[2]، هەر لەوکاتەدا جارێکی تر شەڕ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵەی بەلقانی دەستی پێکردەوە، کە تورکەکان لە جاری پێشوو خراپتر شکان، پاشان لە ناو خودی دەوڵەتەکانی کۆمەڵەی بەلقان لە سەر دەسکەوتەکانی شەڕ جەنگ هەڵگیرسا، کە ئەمەش دیسان کێشەکە زیاتر ئاڵۆزکرد، بەهەرحاڵ ئەم قەیرانەش وەکو قەیرانەکانی پێشوو بە چارەسەری کاتی چارەسەرکرا، بەڵام لە دوای خۆی چەندین شوێنەواری ترسناکی بەجێهێشت، لە سەروی هەموویان زلهێزەکان بۆیان دەرکەوت چارەسەرکردنی کێشەکان بەئاشتی بۆتە کارێکی ئەستەم، بۆیە تاکە چارەسەری کێشەکان جەنگە[3]، لێرەدا زلهێزەکان پەنایان بۆ دوو هۆکاری سەرەکی برد، یەکەمیان پتەوکردنی پەیوەندی لە گەڵ هاوپەیمانەکانیان، ئەوەبوو هەر لە تەموزی (1912) فەرەنسا و روسیا ڕێککەوتننامەیەکیان بەست بە مەبەستی زیاترکردنی هەماهەنگی سەربازی، لەو لاشەوە ئەڵمانیا توانی لە ساڵی (1912) جارێکی تر هاوپەیمانی سێقۆڵی نوێ بکاتەوە، پاشان توانی لە ئابی (1913) ڕێککەوتنێك لە نێوان ئیتالیا و نەمسا مۆربکات بە مەبەستی هەماهەنگی دەریاوانی لە دەریای سپی ناوەراست[4]، ئەمەش دووجەمسەری زلهێزەکانی بە تەواوی چەسپاند، دووەم هۆکار کە زلهێزەکان پەنایان بۆ برد، خۆ پڕ چەککردن بوو، ئە گەرچی خۆ پڕچەککردن دەمێك بوو لە ئەوروپا سەریهەڵدابوو، بەڵام لێرەدا بە شێوەیەکی مەترسیدار زیادی کرد، کە سەرەتا ئەڵمانیا لە 14ی کانونی یەکەمی (1913) یاسایەکی بۆ ئەم مەبەستە دەرکرد، پاشان زلهێزەکانی تریش هەمان کاری ئەڵمانیایان کرد[5]، بۆیە لەم بارودۆخەدا هەموو لایەك پێشبنی کەوتنەوەی جەنگێکی وێرنکەریان دەکرد، تا سەر ئەنجام بە کوژرانی شازادەی نەمسا( فرانسس فێردیناند) بە دەستی ئەندامێکی ڕێکخراوی (دەستی ڕەش)ی سربیایی لە 28ی حوزەیرانی (1914) جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد.

---

(1) خلیل علی مراد و اخرون، المصدر السابق، ص223-224.

(2) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل174.

(3) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل313.

(4) بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا ئیتالیا لە بەرەی هاوپەیمانی سێقۆڵی جێگیرنەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر چاوی لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی نەمسا بوو، بڕوانە: ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل178.

(5) عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل315.

## تەوەرەی سێیەم: پەیوەندی ئەڵمانیا لە گەڵ دەوڵەتانی (عوسمانی و قاجاری ئێرانی)

### یەکەم: پەیوەندی ئەڵمانیا لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی

دەوڵەتی عوسمانی هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەو پیاوە نەخۆشەبوو کە هەموو زلهێزەئەورپیەکان چاویان تێبڕیبوو، بەڵام لەو کاتەدا بەهۆی پەرتەوازەیی ناوخۆیی، ئەڵمانیا تواناى ئەوەی نەبوو بیر لە فراوانخوازی دەرەوە بکاتەوە، دوای یەکێتی ئەڵمانیاش بۆئەوەی کێشەی لەگەڵ زلهێزەکانی تر بۆ دروست نەبێت بسمارك نەی دەویست بەرەو دەوڵەتی عوسمانی فراوانخوازی بکات، بەڵام دوای هاتنی ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم بۆ سەر دەسەلاَت کۆتایی بەم سیاسەتەی ئەڵمانیا هات، بەڵکو بە پێچەوانەی بسمارکەوە ولیەمی دووەم خوازیاری فراوانخوازی خیرابوو لە هەموو ناوچەکاندا، بەتایبەتی بەرەو دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام بە شێوازێکی نەرم ونیان نەك بە شێوازی داگیرکاری، بۆیە ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم بە هێمای دۆستایەتی و هاوپەیمانی نێوان ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت(1).

هەر وەکو پێشتر باسکرا ئەڵمانیا دەوڵەتێکی لاوی خاوەن گەشەیەکی ئابووری خێرابوو، بۆیە چاوی لە هەموو ناوچەکانی جیهان بوو، بۆئەوەی ئابووریەکەی زیاتر گەشەپێبدات، لە تێڕوانینی ئەڵمانیەکانیشدا باشترین شوێن دەوڵەتی عوسمانی بوو، جونکە لە لایەك بازاڕێکی فراوانی هەبوو بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە پیشەسازیەکان، لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەیەك بوو بۆ بەدەست هێنانی کەرستەی خاوی پێویست بۆ پیشەسازی، ئەمە وێڕای لەباری ناوچەکە بۆ خستنەگەڕی سەرمایەی کەڵەکەبووی ئەڵمانیا لەو ولاَتەدا(2).

لە بەرامبەر ئەو خواستە بەهێزەی ئەڵمانیا، لە لای دەوڵەتی عوسمانیش خواستێکی زۆر هەبوو بۆ دۆستایەتی ئەڵمانیا، چونکە عوسمانیەکان پێیان وابوو ئەڵمانیا تاکە دەوڵەتە کە چاوی نەبڕیوەتە داگیرکردنی ولاَتەکەیان(3)، بە تایبەتی کە سولَتان عبدالحمیدی دووەمی عوسمانی (1876–1909) دەیویست بە هەموو شێوەیەك ولاَتەکەی بەهێزبکاتەوە و بەرامبەر چاوتێبڕینی ولاَتانی بێگانە ڕابوەستێت، بۆئەم مەبەستەش پەنای بۆ چەندین هۆکاربرد، یەکێك لەو هۆکارانەش پشتبەستن بوو بە دۆستایەتی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا(4)، بە تایبەتی کە ئەوکات عوسمانیەکان بە تەواوی لە دۆستایەتی و پشتگیری فەرەنسا و بریتانیا بیٚ هیوا بووبوون، تەنانەت ئەو دوو ولاَتە لە بری دۆستایەتی دەستیان کردبوو بە دابڕینی ناوچەکانی ئیمپراتۆیەتەکە، بۆیە سەولَتان عبدالحمیدی دووەم دەی ویست بە هاوکاری ئەڵمانیا ڕووبەڕووی ولاَتە داگیرکەرەکان ببێتەوە و

(1) احسان عبدالهادي النائب، فريتز غروبا و دوره السياسي في العيراق(1932–1941)، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2008، ص25–28.

(2) جاوان حسين فيض اللة الجاف، المصدر السابق، ص36.

(3) المصدر نفسة، ص36–37 .

(4) کۆمەڵێ نوسەر، عوسمانییەکان لە عوسمانی کوڕی ئەرتغرولەوە تا سولَتان عەبدولمەجیدی ووەم، وەرگێڕانی: سەلام عەبدولکەریم، چاپی سێیەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، 2011، 186–188.

خۆی لە هەژمونی ئەو ولاّتانە ڕزگاربکات، ئەمە جگە لەوەی عوسمانیەکان ئەوکات زۆرپێویستیان بە پشتگیری دارایی و هونەری ئەڵمانیا هەبوو بۆ چاکسازی لایەنی ئابوری و ئیداری، بە تایبەتی بونیادنانی هێڵی ئاسن[1].

هەموو ئەو هۆکارانە وایانکرد خواستێکی دوو لایەنی بەهێز هەبێت بۆ دروست بوونی دۆستایەتی لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و عوسمانی، هەر بۆیە ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم دووجار سەردانی سوڵتان عبدالحمیدی کرد لە ئەستەمبوڵ یەکەمیان لە ساڵی(1889)، کە لەو سەردانەدا چەندین ڕێککەوتنن لەنێوان هەردوولادا مۆرکرا بە تایبەتی لە لایەنی بازرگانی و پێدانی قەرز بە دەوڵەتی عوسمانی[2]، هەروەها لە تشرینی یەکەمی (1898) ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم جاریکی تر سەردانی سوڵتان عبدالحمیدی کرد، ئەم سەردانە زۆر لەوە پێشوو بەناوبانگتر و گرنگتربوو، کە چەندین ڕێکەوتننامەی تیادا مۆرکرا، لەوانە بە پێی ڕێککەوتننامەیەك دەبێت ئەفسەرانی ئەڵمانی جارێکی تر سوپای عوسمانی ڕێکبخەنەوە و بە شێوەی سوپای ئەڵمانی ڕاهێنانیان پێبکەن و پڕچەکیان بکەن[3]، هەروەها چەندین ڕێککەوتننامەی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی لە نێوان هەردوو ولاّتدا مۆرکران، هاوکات سەرمایەدارانی چەندین جیاوگی ئابوری گرنگیان بە دەستهێنا لە سەروی هەموویان هێلی ئاسنی (بەرلین  بەغداد[4]).

هەر لەم سەردانەیدا ولیەمی دووەم سەردانی فەلەستینیشی کرد، بە مەبەستی حەجکردن، دواتر سەردانی شام (دیمەشق)ی کرد و لەوێ وتارێکی گرنگی پێشکەش کرد، کە لە بەردەم هەزاران موسڵمان ڕایگەیاند ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا دۆستی هەموو موسڵمانانە، دواتر سەردانی گۆڕی (سەلاحەدینی ئەیوبی) کرد و تاجەگوڵێنەی لەسەر گۆڕەکەی دانا و فەرمانی کرد بە دانانی چرایەك (گلۆپێك)ی دروستکراو لە زیو بۆ ئەوەی سەر گۆڕەکە ڕوناك بکاتەوە، ئەمەش وەکو نیشانەی کاریگەری ولیەمی دووەم بەو پاڵەوانەی موسڵمانان، لە ڕاستیدا لەم وتار و ڕەفتارانەیدا ولیەمی دووەم دەیویست سۆزی موسڵمانان و خەلیفەی موسڵمانان (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) بۆلای خۆی ڕابکێشێت، بۆئەوەی بەکاربهێنێت وەکو فشارێك

---

[1] احسان عبدالهادي النائب، المصدر السابق، ص28.

[2] المصدر نفسة، ص26–28.

[3] كارلتون هيز، المصدر السابق، ص392 ؛ محمد محمد صالح، المصدر السابق، ص46.

[4] لە ساڵی (1899) سوڵتان عبدالحمید ڕەزامەندی لەسەر ئەم پرۆژەیەدا ، کە بریتیبوو لە ڕاکێشانی هێڵی ئاسن لە گەروی بۆسفۆری نزیك ئەستەمبۆل تا بەغداد پاشان درێژدەبۆوە بۆ سەر کەنداوی فارس (کەنداوی عەرەبی)، هاوکات چەندین دەسکەوتی تری وەکو دەرهێنانی کانزاکان و نەوت و دروستکردنی بەندەر و بەنداوی لە گەڵدابوو، بەلاّم ئەم پرۆژەیە جێبەجێنەکرا بە هۆی نارەزایەتی (بریتانیا و فەرەنسا و روسیا)، دواتر ئەگەرچی لە ساڵی(1911) تا سەرەتای ساڵی (1914) ئەڵمانیا هەموو ئەو ولاّتانەی ڕازیکرد، بەلاّم بە شێکی زۆرکەمی کارەکانی ئەنجامدرا، چونکە جارێکی تر کارەکانی راوەستا بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الان بالمر، المصدر السابق، ص107–108 ؛ احسان عبدالهادي النائب، المصدر السابق، 44–53.

دژی بریتانیا و فەرەنسا ، هەروەها بۆ ئەوەی لە حاڵەتی هەڵگیرسانی جەنگ جیهانی ئیسلامی دژی فەرەنسا و بریتانیا بوروژێنێ، لە ڕاستیشدا ئەم کارانەی ولیەمی دووەم کاریگەری لەسەر سوڵتان عبدالحمید و زۆربەی موسڵمانیش دانا[1].

هەروەها لەم ماوەیدا زانا و نوسەر و رۆژنامەنوس و رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی بە هەزاران بابەت و وتار و پەرتوك و توێژینەویان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی نوسی کە ئامانجی سەرەکیان لەیەك نزیك کردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا[2].

لە کۆتایدا پێویستە ئەوە بزانین کە رۆژ بەرۆژ پەیوەندی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە بەهێزی و گەشەسەندندابوو، تا گەیشتە ئەو ئاستەی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا نزکترین زلهێزبوو لەدەوڵەتی عوسمانی، کە عوسمانیەکانیش سوودیان لەو دۆستایەتیە وەدەگرت لەلایەك بۆ ڕزگاربوون لە هەژمونی وڵاتانی بیانی، هەروەها بۆ خامۆشکردنەوەی بزوتنەوە نەتەوەییەکان لەلایەکی ترەوە[3].

## دووەم: پەیوەندی ئەڵمانیا لەگەڵ دەوڵەتی قاجاری ئێرانی

ئێران یەکێکی تربوو لەو ناوچانەی لەو ماوەیەدا ئەڵمانیا بەمەبەستی فراوانخوازی ڕووی تێکرد، بەڵام بە پێچەوانەوی دەوڵەتی عوسمانیەوە لە ئێراندا ئەڵمانیانیەکان وەکو پێویست نەیان توانی پێگەی خۆیان بکەنەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئیران وەکو دەوڵەتی عوسمانی گرنگ نەبوو بۆ ئەڵمانیا، لە هەمووشی گرنگتر ئێران وەکو داگیرگەیەکی روسیا و بریتانیا وابوو، لە ناو دەسەڵتدارانی قاجاریش هیچ خواستێکی ئەوتۆنەبوو بۆ نزیکبوونەوە لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا و ڕزگاربوون لە هەژمونی بیانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە پاشایانی قاجار زیاتر لە دەسەڵاتی بێگانە نزیك دەبوونەوە لە دژی گەلی ئیران[4].

بەڵام هەموو ئەوانە نەبوونە ڕێگر بۆئەوەی ئەڵمانیا پەیوەندی لەگەڵ ئیراندا نەبێت، بەڵکو ئەوەبوو دوای هەوڵێکی زۆر، لە ساڵی(1898)دا کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا توانیان ڕەزامەندی ئێران بەدەست بێنن بۆ کردنەوەی لقەکانیان لەبەندەرەکانی ئێران لەسەر کەنداوی فارس، هەروەها ئەڵمانیەکان دەسکەوتی بنیادنانی ڕێگایەکی تازەیان لە خانەقینەوە بۆ ئێران بەدەست هێنا، بەڵام ئەم هەوڵانەی ئەڵمانیا وایکرد روسیا و بریتانیا ڕێککەوتننامەی ساڵی(1907) ببەستن و ئیران لە نێوان خۆیان دابەش بکەن، و بە هەردووکیان دژایەتی زیادبوونی دەسەڵاتی ئەڵمانیا لە ئێراندا بکەن، بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا نەیتوانی پێگەیەکی

[1] احسان عبدالهادي النائب، المصدر السابق، 32–33.

[2] جاوان حسين فيض اللة الجاف، المصدر السابق، ص37 .

[3] المصدر نفسة، ص40–41.

[4] ئیبراهیم خلیل ئەحمەد و خلیل علی مراد، سەرچاوەی پێشوو، ل92.

ئەوتۆ لە ئیراندا بەدەست بهێنێت، بەلام لە گەڵ ئەوەشدا ئەڵمانیا لەناو نیشتمان پەروەرانی ئێراندا خۆشەویست بوو، ئەمەش بەهۆی بێزاربوونی ئێرانیەکان لە هەژمونی روسیا و بریتانیا[5].

## تەوەرەی چوارەم: ڕۆڵی ئەڵمانیا لە کەوتنەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914)

دوای ئەوەی ئەڵمانیا لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم وەکو زلهێزێکی گەورە دەرکەوت و لەسەرجەم لایەنەکانی سیاسی و سەربازی و ئابووری پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، مەترسیەکی گەورەی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی دروستکرد، تا گەیشتە ئەو ئاستەی لە ساڵی (1914) جەنگی یەکەمی جیهانی لێکەوتەوە، کە ئەڵمانیا ڕۆڵکی بەرچاوی گێڕا لە هەڵگیرسانی ئەو جەنگە وێرانکەر، بەم شێوەیە:

دوای ئەوەی ئەڵمانیا لەسەر دەستی بسمارك لە ساڵی (1870-1871) فەرەنسای تووشی شکستێکی گەورە کرد، پاشان بە پێی ڕێککەوتننامەی فرانکفۆرت سزایەکی قۆرسی بەسەر فەرەنسادا سەپاند، و وەکو سوکایەتی ناوچەی (ئەلزاس و لۆرێن)ی لە فەرەنسا دابڕی، ئەو کارانەی ئەڵمانیا وایکرد هەرگیز فەرەنسیەکان ئەو سوکایەتیانە لەبیرنەکەن و هەمیشە لە بیری تۆڵەکردنەوەی ئەو سوکایەتیانە دابن[1]، هەروەها لێرە بەدواوە بسمارك دڵنیابوو فەرەنسا هەوڵی تۆڵەکردنەوی ئەو سوکایەتیانە دەدا، بۆیە پەنای بردەبەر بەستنی چەندین هاوپەیمانی لە گەڵ وڵاتانی تردا، بۆئەوەی فەرەنسا نەتوانێت هاوپەیمانی پێکبهێنێت دژی ئەڵمانیا، بۆ ئەم مەبەستە بسمارك لەڕێگای بەستنی چەندین هاوپەیمانی روسیا و نەمسا و ئیتالیای بە ئەڵمانیا بەستەوە، بەلام دوای کۆتایی هاتنی دەسەلاتی بسمارك بۆشاییەك لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا رووید، فەرەنساش ئەو هەلەی قۆستەوە و توانی بەرەی ویفاقی دۆستانە(فەرەنسا و روسیا و بریتانیا) دژی ئەڵمانیا پێکبهێنێت، بەمەش زلهێزەکان بەسەر دوو جەمسەری دژبەیەك دابەش بوون، لە دەرئەنجامی ئەمەشدا ترس و گومانی زلهێزەکانی لەیەکتر زیاترکرد و جەنگی جیهانیشی خێراترکرد[2].

لەلایەکی تر ئەڵمانیا تۆمەتباردەکرێت بە تێکدانی هاوسەنگی هێزەنێودەوڵەتیەکان، بەتایبەتی لەلایەنی ئابووری، چونکە پێشکەوتنی ئابووری و بازرگانی ئەڵمانیا کاریگەری خراپی کردە سەر ئابووری وڵاتانی تر بە تایبەتی بریتانیا، ئەمەش پەیوەندی زلهێزەکانی ئاڵۆزترکرد[3]، هەروەها تا ئەوکاتەی بسمارك ڕاوێژکاری ئەڵمانیابوو، ڕێگەی نەدا وڵاتەکەی توشی ململانەی کۆلۆنیالیستی بێت لەگەڵ زلهێزەکانی تر،

---

[5] هەمان سەرچاوە، ل102-105.

[1] عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل269.

[2] محەمەد ئیحسان، سەرچاوەی پێشوو، ل91-92 ؛ خلیل علی مراد و اخرون، المصدر السابق، ص229-231.

[3] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان..، ل11-12.

لەسەر بەدەستهێنانی کۆلۆنیاکان، بەلاّم کاتێك ولیەمی دووەم پایەیی ئیمپراتۆریەتی وەرگرت، بە ڕاگەیاندنی سیاسەتی (ئیمپراتۆریەتی جیهانی) ولاّتەکەی دووچاری ململانەی ئیمپریالستی کرد لە گەڵ ولاّتە ئیمپریالیستەکانی تر، ئەمەش لەلایەك ترس و گومانی زلهێزەکانی زیاترکرد لەو سیاسەتەی ئەڵمانیا، لەلایەکی تریشەوە چەندین کێشە و قەیرانی نێودەوڵەتی خستەوە، کە ئەمەش دووبارە جەنگی جیهانی خێراترکرد[4].

لەلایەکی تر ئەڵمانیا تاوانبار دەکرێت بە داستپێکردنی کێبڕکێی خۆپڕچەککردنی سەربازی، چونکە دوای ئەوەی ئەڵمانیا لە ساڵی (1898) هەستا بە دانانی چەندین یاسا و ڕێوشوێن بۆ پێشخستنی هێزی دەریایی، لە بەرامبەردا بریتانیاش هەستا بە دانانی چەندین پرۆژە یاسا بۆئەوەی پارێزگاری لە پێشەنگی هێزی دەریایی جیهان بکات، لەسەر ئاستی هێزی وشکانیش کێبڕکێی توند لەنێوان ئەڵمانیا و فەرەنسادا سەریهەڵدا، دەرئەنجامی ئەم سیاسەتەش ئەوروپا بوو بە سەربازگەیەکی گەورە، و چارەسەرکردنی کێشەکانیش بە ڕێگەچارەی ئاشتی و دیبلۆماسی هێندەیتر قورسترکرد[1].

هەروەها ئەڵمانیا بە بانگەشەکردنی (پان جەرمانیزم) مەترسیەکی گەورەی بۆ نەتەوەکانی تر دروستکرد[2]، ئەمە جگەلەوەی هەندێك لە مێژوونوسان ئەڵمانیا بەوە تۆمەتباردەکەن کە لەبری ئەوەی ئازادی و دیموکراسی لەناو کۆمەڵگاکەیدا بچەسپێنێت، ویستویەتی بە فراوانخوازی و کێشە دەرەکیەکان خەڵکی ئەڵمانیا سەرقاڵ بکات و داواکردنی یەکسانی و دیموکراسیان لەبیرباتەوە[3].

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت سیاسەتی دەسەلاّتدارانی ئەڵمانیا چەند ئاڵۆز و سەرکەشانەیە، لەسەر ئاستی تاکیش ئەڵمانیەکان دوای ئەوەی لە شەڕەکانی پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا (1864-1871) سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا، لێرەدا هەستی ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی لەناو ئەڵمانیەکاند پەرەیسەند، تەنانەت هەندێکیان ئەو سەرکەوتنانەیان بۆکارێکی خودایی دەگێڕایەوە، گوایە لەو سەرکەوتنانە خودا دەیەوێت ئەڵمانیەکان پەیامی پێشکەوتن و شارستانی بە دونیا بگەیەنن[4]، ئەمە وێڕایی ئەوەی ئەڵمانیەکان ملکەچی دەسەلاّتە تاك ڕەوانەکەی ولاّتەکەیان بوون، تەنانەت سۆسیالستەکان کە بنەمای بیروباوەڕیان دورکەوتنەوەیە لە شەڕ و وێرانکاری، بەلاّم سۆسیالستەکانی ئەڵمانیا لەپێناو بەرژەوەندی و بەرزیی نەتەوەیی باکیان لە هەڵگیرساندنی جەنگیش نەبوو[5]، لەوەش زیاتر زۆربەی گەنجانی ئەڵمانی

---

[4] خلیل علی مراد و اخرون، المصدر السابق، ص231-233.

[1] برایان بولد، الحرب و المجتمع في اوربا 1870-1970، ترجمة: سمیر عبدالرحیم الچلبی، طبع بمطابع دارالحریة للطباعة، بغداد، 1988، ص62-65.

[2] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان..، ل20.

[3] محەمەد ئیحسان، سەرچاوەی پێشوو، ل100.

[4] عبدالعزیز سلیمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، سەرچاوەی پێشوو، ل288.

[5] عبدالحمید البطریقی، المصدر السابق، 104.

ئەزمونی ژیان ڕێگەیان پێبدات ڕۆژێك لە ڕۆژان لە پێناو وڵاتەکەیان بجەنگن و لەم ڕێگایە بتوانن خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن[6]، وێڕای هەموو ئەوانە ئەگەر بێین سەیری هۆکاری ڕاستەوخۆی جەنگ بکەین دەبینین ئەڵمانیا ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی لە هەڵگیرساندنی جەنگدا بینی، چونکە ئەڵمانیا زۆر سەرسەختانە پشتگیری نەمسای دەکرد، ئەمەش وایکردبوو نەمسا هێندەی تر هەڵوێستەکانی بەرامبەر نەیارەکانی توندتر بکات، بۆیە کاتێك لە 28ی حوزەیرانی (1914) جێنشینی نەمسا (فرانسس فیردیناند)
بەدەستی ئەندامێکی ڕێکخراوی (دەستی ڕەش)ی سربی کوژرا، نەمسا یاداشتێکی دایە سربیا، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکە بکات و تاوانبارن سزابدات، و سەرجەم ئەو ڕێکخراو و ڕۆژنامانە دابخات کە پڕوپاگندە دژی نەمسا بڵاودەکەنەوە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە حکومەتی سربیا پەیوەندی بە کوشتنی جێنشینی نەمساوە نیە[1]، هاوکات سربیا بە هەموو مەرجەکانی نەمسا ڕازیبوو بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە هاتنی ئەفسەرێکی نەمساوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوسربیا، ئەمە لەلایەن سربیا ڕەتکرایەوە، چونکە هیچ سەروەریەکی بۆ سربیا نەدەمایەوە، ئەم وڵامەی سربیا جێگای ڕەزامەندی و ستایشی هەموو زلهێزەکان بوو بە ئیمپراتۆری ئەڵمانیایی هاوپەیمانی نەمساشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمسا کاتێك زانی ئەڵمانیا بەهەموو شێوەیەك پشتی دەگرێت، لە 28ی تەموزی (1914) جەنگی دژی سربیا ڕاگەیاند، ئەگەرچی لەوکاتەدا ئیمپراتۆری ئەڵمانیا هەوڵیدا تورەیی نەمسا کەمبکاتەوە، بەڵام بارودۆخەکە لەدەست دەرچووبوو بۆیە ئەم هەوڵە شکستی هێنا[2]، لەولاشەوە روسیا کە هاوپەیمانی سربیابوو رازی نەبوو ڕێگە بە نەمسا بدات سربیا لەناوبەرێت و پاشان دەست بەسەر بەلقاندا بگرێت، بۆیە روسیا نیوە ئامادەباشی گشتی ڕاگەیاند دژی نەمسا، ئەڵمانیاش کە نزیکترین هاوپەیمانی نەمسابوو، داوای لە روسیاکرد لە بڕیاری نیوە ئامادەباشی گشتی پەشیمان ببێتەوە، بەڵام روسیا بە ڕاگەیاندنی ئامادەباشی گشتی دژی ئەڵمانیا وەڵامی داواکەی ئەڵمانیای دایەوە، لە بەرامبەردا لە 31ی ئابی (1914) ئەڵمانیا یاداشتێکی ئاگادارکردنەوەی دایە هەریەك لە روسیا و فەرەنسا ، ڕۆژی دواتریش (1ی ئاب) جەنگی دژی روسیا راگەیاند، فەرەنساش وەکو هاوپەیمانی روسیا دژی ئەڵمانیا ئامادەباشی گشتی ڕاگەیاند، لە بەرامبەردا لە 3ی ئابدا ئەڵمانیا جەنگی دژی فەرەنسا ڕاگەیاند، بەڵام لەوکاتەدا بریتانیا ڕاگەیاند ئامادەنیە لە پاڵ روسیا و فەرەنسا بێتە ناوجەنگەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەڵمانیا بێلایەنی بەلجیکای نەپاراست و لە سنوری بەلجیکاوە هێرشی کردە سەر فەرەنسا، ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی بریتانیا هەست بە مەترسی گەورەی ئەڵمانیەکان بکەن، بۆیە بریتانیاش لە 4ی ئابی (1914) جەنگی دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند، بەم شێوەیە جەنگی یەکەمی جیهانی لە

(6) فیشەر، سەرچاوەی پێشوو، ل443.

(1) ئەحمەد نەقیب زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل180.

(2) عبدالحمید البطریق، المصدر السابق، ص156-157.

نێوان دوو بەرە، بەرەی ناوەند کە پێکهاتبوو لە (ئیمپراتۆریەتی نەمساومەجەڕ و ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا) و بەرەی هاوپەیمانان کە پێکهاتبوو لە (سربیا و روسیا و فەرەنسا و بریتانیا) دەستی پێکرد[4].

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت بەدڵنیایەوە هەموو زلهێزەکانی ئەوروپا ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەلاّم بە سەرەنجدان لە هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە، ئەوە دەبینین ڕۆڵی ئەڵمانیا بەرچاوتر و کاریگەرترە لە هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە وێرانکەرە.

---

[4] سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان..، ل31–32 ؛ عبدالحميد البطريق، المصدر السابق، ص157.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتوینەتە چەند ئەنجامێك، گرنگترینیان:

1- لە پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیا دەگەینە ئەو ئەنجامەی یەکخستنی وڵات و ڕزگاربوونی نەتەوە لە ژێر دەسەڵاتی بێگانە کارێکی ئەستەم نیە، ئەگەر بێتو هەستی نەتەوەیی نەتەوە ژێردەستەکە بگاتە ئاستێکی بەرز و بەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتی بێگانە قبوڵ نەکات و هەوڵی ڕزگارکردنی نیشتمانەکەی بدات، هەروەها لە یەکێتی ئەڵمانیا دەگەینە ئەو ئەنجامەی لەگەڵ هەبوونی هەستی نەتەوایەتی بەرز پێویستە پلانێکی گونجاو و دووربنی و هەلی گونجاو هەبێت، هەروەکو بینیمان چۆن بسمارك سەرەتا لەناوخۆدا وڵاتەکەیدا یەکخستەوە و پاشان پلانێکی گونجاوی دانا بۆ دەرکردنی دەسەڵاتی بێگانە لە وڵاتەکەی، هەروەها یەکێتی ئەڵمانیا ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە ماف دەسێنرێت نەوەك چاوەڕێبکەیت مافت پێ ببەخشرێت، هەروەکو بینیمان دەمێك بوو ئەڵمانیەکان هەوڵی پێکهێنانی یەکێتی ئەڵمانیایان دەدا، بەڵام دەسەڵاتی بێگانە ئامادەنەبوو ئەو مافە بە ئەڵمانیەکان بدات، تا ئەوکاتەی بسمارك هات بە هێز ئەو مافە ڕەوایەی بۆ نەتەوەکەی بەدەستهێنا.

2- لەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی زۆرجار لەمێژوودا پاڵەوان دەردەکەوێت کە بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندی و خواستەکانی خۆی دەقۆزێتەوە، بسماركیش یەکێکە لە پاڵەوانەکانی مێژووی ئەڵمانیا، کە وێڕای ئەوەی توانی وڵاتەکەی لە ژێر دەسەڵاتی بێگانە ڕزگاربکات، هاوکات توانی لە ماوەیی نۆزدە ساڵ ڕاویژکاریی ئەڵمانیادا (1871-1890) وڵاتەکەی لەسەرجەم لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گەورە پێشبخات، ئەمە جگەلەوەی تا ئەوکاتەی بسمارك سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیای لە دەستبوو ئەو دیبلۆماسیەتی ئەڵمانیا بەسەر بارودۆخی ئەورووپادا زاڵبوو، بەشێوەیەك لەو ماوەیەدا هاوسەنگی هێزەکان لەسەر بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا وەستابوو.

3- زۆربەی کات ماوە مێژووییەکان تەواوکەری یەکترن، بەهەمان شێوە ماوەی (1890-1914) تەواوکەری ماوەی پێشخۆیەتی(1871-1890) بەشێوەیەك هەموو ئەو چاکسازیانەی لەسەردەمی بسمارکەوە دەستیان پێکردبوو، ئەوە لەماوەی (1890-1914) گەیشتنە بەرهەم و کامڵ بوون، تا ئەو ئاستەی لە ڕووی پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوە ئەڵمانیا بگاتە ئاستێکی یەکجار بەرز کەپێشتر پێشکەوتنی لەم جۆرەی بەخۆیەوە نەبینی بوو، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە بۆمان دەردەکەوێت لەدوای فەرمانڕەوایی بسمارك جۆرێك لە لاوازی و شڵەژاوی بە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیاوە دیارە، بۆیە جگەلەوەی (فەرەنسای ڕکابەری سەرسەختی ئەڵمانیا) لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی ڕزگاری بوو، هەروەها بەهۆی سیاسەتە هەڵە و سەرکەشیەکانی ئەڵمانیاوە روسیا و بریتانیاش لە ئەڵمانیا دوورکەوتنەوە، هەر ئەم سیاسەتە هەڵە و لاوازەش بوو ئەڵمانیای دووچاری جەنگی یەکەمی جیهانی کرد.

4- لەم توێژینەوەیە گەیشتنیە ئەو ئەنجامەی گەلی ئەڵمانیا گەلێکی نیشتمان پەروەر و زۆر دڵسۆزن بۆ نیشتمان و نەتەوەکەیان، بەجۆرێك یەك دەنگ و یەك هەست بەسەرکردایەتی بسمارك توانیان وڵاتەکەیان لە ژێر دەسەڵاتی بێگانە ڕزگاربکەن، پاشان لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدە (1871-1914) توانیان ئەڵمانیا بکەنە پێشکەوتووترین وڵاتی جیهان لە سەرجەم لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، تەنانەت بەهۆی زێدەڕەوی ئەڵمانیەکان لە خۆشەویستیان بۆ نەتەوەکەیان تۆمەتبارکراون بە ڕەگەزپەرستی و لوت بەرزی بەرامبەر نەتەوەکانی تر.

5- لەم توێژینەوەیە گەیشتنینە ئەو ئەنجامەی کاتێك لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم جیهانی رۆژهەڵات بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی کەوتبووە بەر شەپۆلێك داگیرکاری و پەلاماردانی رۆژئاوایەکان، لەو شەپۆلە داگیرکاریەی سەر جیهانی ئیسلامی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی پێچەوانەی وڵاتە ئیمپریالیستەکانی تر کەمتر چاوی بڕیبووە ناوچە ئیسلامیەکان، ئەمەش وایکرد پەیوەندیەکی دۆستانەی بەهێز لەنێوان ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گەورەترین دەسەڵاتی ئیسلامی دروست ببێت، هەروەها لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتناسیش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە قوتابخانەی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی پێچەوانەی قوتابخانەکانی وڵاتانی تر، ئەو قوتابخانەیە زیاتر لایەنی زانستی و ئەکادیمی پێوەدیارە، کە زیاتر مەبەستی زانستی لەپشت بووە و سەرەڕای خزمەتکردنی بە ئەڵمانیا خزمەتی زۆریشی بە جیهانی ئیسلامی کردووە.

6- هەروەها لەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەموو زلهێزەکانی ئەوروپا ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام ئەڵمانیا ڕۆڵێکی بەرچاوتری هەبوو لە هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە، چونکە ئەو پێشکوتنە گەورەیەیی ئابووری ئەڵمانیا بەخۆیەوەبینی لەلایەکی بووە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی هێزەنێودەوڵەتیەکان، لەلایەکیتریشەوە ئەڵمانیای دووچاری ململانێ کۆڵۆنیالیستەکان کرد لە گەڵ زلهێزەکانی تر لە رۆژهەڵات و ئەو دیودەریاکان، ئەمە جگە لەوەی سیاسەتی هاوپەیمانەتی نێودەوڵەتی و کێبڕکێی خۆپڕچەککردنی سەربازی و چەندان هۆکاری تر کە هۆکاربوون بۆ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەڵمانیا دەستپێشخەری کرد لە داهێنانیان وەکو دیاردەیەکی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ئەوکاتەی جیهان.

# ليستى سەرچاوەكان

## يەكەم : سەرچاوە عەرەبيەكان


- احمد صالح عبوش و عمر رشيد زنكنة، تجارب الوحدة في اوربا في القرن التاسيع عشر الوحدة الايطالية  الوحدة الالمانية، طبع بمطابع ابن الاثير للطبع والنشر، جامعة الموصل، 2009.

- د.احمد محمود هويدى، الاستشراق الالمانى ( تاريخه و واقعه و توجهاته المستقبلية)، جمهورية مصر العربية وزارة الاوقاف المجلس الاعلى للشئون الاسلامية، القاهرة، 2000، ص43 .

- د.احسان عبدالهادي النائب، فريتز غروبا و دوره السياسي في العيراق(1932–1941)، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2008.

- الان بالمر، موسوعة التاريخ الحديث 1789–1945، ترجمة: سوسن فيصل، السامر يوسف نحمدأمين، مراجعة، محمد مظفر الادهمي، الجزء الاول، دار المامون للترجمة والنشر، بغداد، 1992.

- برايان بولد، الحرب و المجتمع في اوربا 1870–1970، ترجمة: سمير عبدالرحيم الـچلبى، طبع بمطابع دارالحرية للطباعة، بغداد، 1988.

- جرجس بياضى، علم التاريخ الحديث، الجزء الثانى، المتبعة المصرية الاهلية بالقاهرة، 1914.

- جورج سكولوف، روسيا بين 1815–1991، ترجمة: انطون حميصى، الجزء الاول، القسم الاول، منشورات وزارة الثقافة، ديمشق، 1991.

- د.خليل على مراد و اخرون، دراسات فى التاريخ الاوربى الحديث و المعاصر، وزارة التعليم العالى و البحث العلمى، الموصل، 1988.

- د.رضوان السيد، المستشريقون الامان (النشوء والتاثير و المصائر)، الطبعة الاول، دار المدار الاسلامى، بيروت، 2007، ص29 .

- صلاح أحمد هريدى، تأريخ أوروبا الحديث و المعاصر (1789–1914)، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، الاسكندرية، 2003.

د.عبدالحميد البطريق، التيارات السياسية المعاصرة، دار النهظة العربية، بيروت، دون تاريخ.

عبدالعزيز رفاعى، الحضارة الاوربية الحديث من عصر النهضة حتى نهاية القرن التاسع عشر، الطبعة الاولى، مكتب الجامعات للنشر، القاهرة، 1959.

- د.مفيد الزيدى، موسوعة تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، الجزء الثالث ، دار اسامة للنشر، عمان، 2004.

- على حيدر سليمان، تاريخ الحضارة الاوربية الحديثة، دار واسط للدراسات و النشر والتوزيع المنصور بغداد، 1990.

- مختصر تاريخ المانيا منذ اقدم الازمنة الى نشوب الحرب الاوربية الكبرى، ترجم فى ادارة الهلال، مطبعة الهيلال، مصر، 1924.
- عمر عبدالعزيزعمر و محمد علي الفوزى، دراثات في تاريخ اوروبا الحديث و المعاصر 1818–1950، دار النهظة العربية، بيروت: 1999.
- محمد محمد صالح، تاريخ اوربة الحديث 1870–1914، مطبعة شفيق، بغداد، 1968.
- كارلتون هيز، التاريخ الاوربى الحديث 1789 –1914، ترجمة: فاضل حسين، جاميعة الموصل، موصل، 1987.
- محمد محمد صالح و أخرون، الدول الكبرى بين الحربين العالمين(1914– 1939)، وزارة تعليم الحالى و البحث العلمى، جامعة بغداد، دون تأريخ.
- محمد مظفر الادهمي، تاريخ اوروبا في قرن التاسع عشر، التعليم الحالى و البحث العلمى، الجامعة المستنصرية، دون تأريخ.
- فرغلى على تسن، تأريخ أوروبا الحديث و المعاصر، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، الاسكندرية، 2003.
- د.عبدالوهاب عباس القيسي و اخرون، تاريخ العالم الحديث 1914–1945، من مطبوعات وزارة تعليم العالي و البحث و العلمي، جامعة الموصل، 1983.
- د.عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، الجزء الاول، المؤسسة العربية الدراسات والنشرن،بيروت،1990.
- ممدوح نصار و احمد وهبان، التاريخ دبلوماسى العلاقات السياسيه بين القوى الكبرى (1815–1991)، جاميعه الاسكندريه، دون تاريخ.
- جاوان حسين فيض اللة الجاف، الديبلوماسية الالمانية 1870–1914، مجلة الدراسات والبحث العيلمى، المجلد (1)، 2011.

## دووەم: بە زمانی کوردی

- زانا قاسم حيدر دزەيی، ئەڵمانیا، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2009.
- جفری برۆن، پوختەی مێژووی ئەورووپا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، وەگێڕانی نیهاد جەلال حبیب الله، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانە و شوێنی چاپ، 2009.
- تابان صباح پیربال، بسمارك سەرکردەی یەکێتی ئەڵمانیا لە ساڵی 1871، ((گۆڤاری مێژوو))، ژمارە(5)، 2008.
- د. فازڵ حسین و د.کازم هاشم نعمە، مێژووی نوێی ئەوروپا 1815–1939، وەرگێڕانی مستەفا سەعید، پێداچونەوەی: کەیوان ئازاد ئەنوەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، بێ شوێنی چاپ، 2010.

– ئەحمەد نەقیب زادە ، مێژووی دیپلۆماسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان 1648–2004، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008.
– عبدالعزیز سلێمان نەوار و عبدالمجید نەعنەعی، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی جیهانی دووەم، وەرگێڕانی خالید هەرکی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، 2012.
– ه.ا.ل.فیشەر، مێژووی نوێی ئەوروپا (1789–1950)، وەرگیرانی بۆ عەرەبی: ئەحمەد نەجیب هاشم و ودیع زەبەع، وەرگێڕانی بۆ کوردی: شوکر سلیمان و سەروین ئەرجان، چاپخانەی رۆژهەلأت، هەولێر، 2009.
– د.سامان حوسێن ئەحمەد، مێژووی ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، 2014.
– د.سامان حوسێن ئەحمەد، زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تا کۆتایی جەنگی سارد(1914–1991)، چاپخانەی موکریانی، هەلێر، 2012.
– کاوە هاوڕاز، رۆژهەلأتناسی لەنێوان ستراتیژی داگیرکاری و ئایدەلۆژیای ستەمدا، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هولێر، 2003.
– د.سامان حوسێن ئەحمەد، کورتەیەك دەربارەی رۆژهەلأتناسیی ئەڵمانی، دەربارەی رۆژهەلأتناسیی، ئامادەکردنی سەلام عبدولکەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، 2013.
– مەغدید حاجی، ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی سەدەی نۆزدە ( پرسی ڕۆژهەلأت و.... کۆنگرەی بەرلین)، گۆڤاری مێژوو، ژمارە(12)، چاپخانەی گۆڤار، هەولێر، 2009.
– د.محمد ئیحسان، ململانێیە نێودەوڵەتیەکان لەسەدەی بیستەم، وەرگێڕانی ئاسۆ کەریم و کامەران مەنتك، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2001.
– ئەفیمۆف و ئەوانی تر، مێژووی سەردەمی نویێ (لە شۆرشی ئینگلستان تاکۆمۆنی پاریس) ، وەرگێڕانی: زانەر محمد رەشید، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2013.
- سلام عبدولکەریم، خوێندنگە رۆژهەلأتناسییەکان، گۆڤاری (کۆچ)، ژمارە (7–8)، چاپخانەی بینایی، بیێ شوێنی چاپ، 2008.
– د.عەونی عبدالرحمان سەبعاویی، مێژووی ئەمریکا، وەرگێڕانی: محمد عبداللە کاکەسوور، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، 2012.
– د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و د.خەلیل علی مراد، ئێران و تورکیا توێژینەوەیك لە مێژووی تازە و هاوچەرخ، وەرگێڕانی: بەهائدین مستەفا، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەلأت، هەولێر، 2011.
– کۆمەڵێ نوسەر، عوسمانییەکان لە عوسمانی کوڕی ئەرتغرولەوە تا سوڵتان عەبدولمەجیدی ووەم، وەرگێڕانی: سەلام عەبدولکەریم، چاپی سێیەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، 2011.
www.wikipedia.com

# پاشکۆکان





ئیمپراتۆر ولیەمی یەکەم(1871- 1888)

ئاهەنگی تاج لەسەرنانی ئیمپراتۆر ولیەمی یەکەم لە هۆڵی ئاوێنەکان لە پاریس(18ی یەنایەری1871)





ولیەمی دووەم ئیمپراتۆری ئەڵمانیا (1888–1918)

سەردانی ئیمپراتۆر ولیەمی دووەم بۆ قودس (1898)





**کەشتی جەنگی ئەڵمانی پانتێر، لە بەندەری ئەغدادیر** (1911)

**ئەو دراوە زیوەی لە سەردەمی ولیەمی دووەم**

**بەکارهاتوە کە بەرامبەر پێنج مارك بووە**


ئەم کتێبە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە: www.hewalname.com/ku



**ئیمزایی بسمارك**



**ڕاویژکار بسمارك** (1871–1890)



ڕاویژکار کاپریڤی (1890–1894)



راویژکار هۆهنلوهە (1894–1900)



ڕاویژکار فۆن بیلۆڤ (1900–1909)



ڕاویژکار بیتمان هۆلفیك (1909–1917)

* ئەم وێنانە هەموویان لە سایتی www.wikipedia.com وەرگیراون